دێمۆکراسی بۆ ئێران          خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی گەلاوێژی ١٣٨١ | ٦ی ئوتی ٢٠٠٢ | ژماره ٣٤٦ | ١٥٠ تمەن

## پەسند کرانی کۆمەڵێك ڕیفۆرمی گرنگ لە لایەن پارلمانی تورکیەوە

ڕۆژی شەمە ٣ی ئووت (٢ ی گەلاوێژ) مەجلیسی میللیی تورکیە کۆمەڵێك ڕیفۆرمی پەسند کرد کە ولاّتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا لـە مێژ بوو داواکار بوون ئەگەر تورکیە دەیەوێ ببێتە ئەندامی ئەو یەکیەتی‌یـە دەبـێ ئـەو ڕیفۆرمانـە پەسـند بکـا. ئـەو ڕیفۆرمانـە لـە خزمـەتی دێمۆکراتیزە بوونـی ئـەو ولاّتـە دانو یارمـەتی تورکیـە دەدەن تـا کێشـەو گیروگرفتـە بنەڕەتی‌یـەکانی خـۆی کـە کێشـەی کـورد لـە سـەرووی هەموویانەوەیە، بە شێوەیەکی دێموکراتیك چارەسەر بکا.

هەڵوەشاندەوەی قانوونی سزای ئیعدام (جگە لەکاتی شەڕو نائاسایی)، ڕێگادان بە بـلاّو بوونـەوەی بەرنامـە بـە زمـانی کـوردی لـە ڕادیـۆو تەلەویزیۆن، پێکهێنانی دەرەتان بۆ کرانەوەی کلاسی خوێندنی زمانی زگماگی لە ژێر چاوەدێریی وەزارەتی پـەروەردەو فـێرکردن‌دا، دانـی ئـازادیی بەربلاّوتر لە بواری حوقووقی تاکەکەسی، مەدەنیو دێموکراتیك‌داو کەمکردنەوەی چاوەدێریی دەولّـەتی بـە سـەر تێکۆشـانی ئەنجومـەنو بنیاتـە مەدەنیو دێموکراتیکەکان‌دا لە پەسندکراوەکانی کۆبوونەوەی نائاسایی ڕۆژی ٣ی ئووتی مەجلیسی تورکیەن.


دەولّەت باخچەلی جێگری توندرەوی سەرۆك وەزیری تورکیەو سەرۆکی حـیزبی بزووتنـەوەی نەتـەوەیی کـە گـەورەترین گرووپـی پارلمانی‌یـە، ڕایگەیاندوە کە لە ڕێگای دادگاوە دژایەتیو بەربەرەکانی لەگەڵ پەسندکراوە تازەکانی پارلمان دەکا.

## دەفتەری سیاسیی حیزب بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی "بزووتنەوەی ئازادیی ئێران"ی مەحکووم کرد

ڕۆژی شـەمە ٥ی گـەلاوێژی ١٣٨١ (٢٧ی ژوئیـەی ٢٠٠٢) "داگای شۆڕشی تاران" بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی ڕێکخراوی "بزووتنـەوەی ئـازادیی ئـێران" (نـهضت آزادی ایران)و گرووپەکانی سەر بـەو ڕێکخراوەیـە یـا هاوئامـانج لەگـەڵ ئـەو ڕێکخراوەیـەی دەرکـردو تێکۆشـانی ئـەوانی قەدەغـە کـرد. ئـەم بڕیـارە دژی دێمۆکراتیـكو سـەرکوتکەرانەیەی دەزگـای قـەزایی کۆمـاری ئیسـلامی لەگەڵ ڕەخنەو نارەزایەتیی حیزبو ڕێکخراو و کەسایەتی‌یە ئازادیخوازەکانو لایەنگرانی مافی مرۆڤ بەرەو روو بوو.

دەفتـەری سیاسـیی حـیزبی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئێرانیش لە ڕاگەیەندراوێك‌دا کە دەقەکـەی لـە لاپـەڕە ٢ی هەر ئەم ژمارەیەی "کوردسـتان"دا دەکەوێتـە بـەرچاوتان، ئەم هـەنگاوەی دەزگـای قـەزایی کۆمـاری ئیسـلامیی بـە توندی مەحکووم کرد.

## دووهەمین فستیڤاڵی شانۆیی حیزبی دێمۆکراتو جێژنی کۆتـایی ساڵی خوێندن بەڕێوەچوون



لـە ڕۆژانـی ١ تـا ٣ی گـەلاوێژدا، کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردن دووهـەمین فسـتیڤالی شـانۆیی حـیزبی دێمۆکراتـی کوردستانی ئێرانی بە بەشـداریی چـەند تیپـی شـانۆیی نـاوەندو ئۆرگانـە جۆراوجۆرەکـانی حیزب بەڕێوە برد. لە مـاوەی سـێ ڕۆژ کـاری فستیڤالدا، تیپە شـانۆیی‌یەکان بەرهەمـەکانی خۆیان لەنێو پێشـوازیی ژمارەیـەکی زۆر لـە ئۆگرانـی شانۆدا پێشکێش کرد. سـکرتێری گشـتی، ئـەندامانی دەفتـەری سیاسـیو کۆمیتـەی نـاوەندی، سـەدان تێکۆشەری حیزبیو بنەماڵەکانیان لەو بینەرانـە بـوون کـە بـە عەلاقەیـەکی تایبەتی‌یـەوە، بەرنامـەو بەرهەمەکانی ئەو فستیڤالەیان دیت.

ڕۆژی ٣ی گەلاوێژ دەستەی داوەرانی فسـتیڤال لـە ڕێوڕەسمێکـی تایبـەتی‌دا هەڵسـەنگاندنی ئاکامـەکانی کاری ئەو فستیڤالەی ڕاگـەیاندو هونەرمـەندانو تیپـە بەشدارەکان بە بۆنەی سەرکەوتنەکانیانەوە خەڵات کران.





ڕۆژی ٧ی گەلاوێژیش کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزب ڕێوڕەسمێکـی تایبەتیی بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندنی ٨١ ـ ٨٠و ڕێز گرتـن لەو قوتـابیو خوێندکـارە کـوردە ئێرانییانـەی بەسـەرکەوتنەوە سـاڵی خوێندنیان لە کوردستانی عێراق کۆتایی هێناوە، بەڕێوە بـرد. ***لـەبارەی هەر دووی ئەم ڕێوەڕەسمانە لەم ژمارەیەدا ڕیپورتاژی تایبەتیمان هەیە.***

## خاویەر سۆلانا لـە سەفەر بۆ ئێراندا:

## مەسەلە ئابووریو سیاسی‌یەکان لێك جیا ناکەینەوە



ڕۆژی ٢٧ی گـەلاوێژ خاویـەر سـۆلانا بەرپرسـی سیاسـەتی خاریجیی یەکیەتیی ئورووپا لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنیی هاوبـەش لەگـەڵ خـەرازی‌دا لـە تـاران، ڕای‌گـەیاند: "ڕێککەوتننامـەی بازرگانیی ئێمەو ئێران تەنیا لایەنی ئابووریی نیە، بـەڵکوو دەبـێ بوارە سیاسی‌یەکانیش بگرێتەوە. لە بواری سیاسی‌دا خەبات لەگەڵ تیرۆریزم، [ڕەچاو کردنی] مافی مرۆڤو بەربەرەکانی لەگەڵ چەکـە بە کۆمەڵکوژەکان، بـۆ یەکیـەتیی ئورووپـا گرنگـن. ئەگـەر ئـەو مەسەلانە چارەسەر بکرێن، پێوەندی‌یەکانی نێوان ئورووپـاو ئـێران پەرە دەگرن".

مۆرکردنـی ڕێککەوتننامـەی ئـابووری لـە نێـوان کۆمـاری ئیسلامیو یەکیەتیی ئورووپادا، لە نێوەڕاستەکانی مـانگی مـای ئەمساڵەوە بە هۆی جیاوازیی بۆچوون لە نێوان ولاّتانی ئورووپـایی لەسەر شێوەی هاوکاری لەگەڵ ئێران، ڕاگـیراو بـۆ مـانگی ژوئـەن هەڵگیرا. ئێستا کە چەند مانگ لەو کاتیش تێپەڕیوە بەو هۆیـەوە کە هیچ نیشانەیەك لە باشبوونی وەزعی مافی مرۆڤ لـە ئـێران‌دا وەدیار نەکەوتوەو هیچ ئاڵوگۆڕێك لە ڕوانگەو سیاسەتی کۆمـاری ئیسلامی لەبارەی تیرۆریزمو پـەیدا کردنـی چـەکی کوشـتاری بـە کۆمەڵ پێك نەهاتوە، هێشتا تارێخێکی ڕوون بۆ مـۆر کردنـی ئـەو ڕێککەوتننامەیە دیاری نەکراوە.

کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە ڕێککەوتننامەکە تەنیا لایـەنی ئابووریی هەبێو مەسەلە سیاسی‌یەکان نەگرێتـەوە. بـەڵام خاویـەر سۆلانا لە سەفەری خۆی بۆ ئێران‌دا، سـەرینی خاترجـەمیی وەبـن سەری بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی‌داو لێـی دووپـات کردنـەوە کە: مەسەلە ئابووریو سیاسی‌یەکان لێـك جیـا ناکرێنـەوە. ***(لـەم بارەیەوە لە لاپەڕە ٢دا وتارێك هەیە کە سەنجتان بـۆ خوێندنـەوەی ڕادەکێشێن)***

## ٢٧ نوێنەری مەجلیس داویان کرد وتووێژەکانی شووڕای نیگابان ئاشکرا بکرێن

٢٧ی نوێنـەری ڕیفورمخـوازی مەجلیسـی شـووڕای ئیسلامی لە گەڵاڵەیەك‌دا کە ڕۆژی ٣ی گەلاوێژ دایان بـە دەستەی سەرۆکایەتیی مەجلیس، خوازیاری بـەڕێوەچوونی وتووێژەکانی شووڕای نیگابان بە شێوەی ئاشکرا بوون.

دوکتور عەلیڕەزا نووری نوێنـەری خـەڵکی تـاران لـە مەجلیس‌دا کە یەکێك لەوانەیە گەڵاڵەکەیان ئیمزا کـردوە، لە پێوەندی لەگەڵ پێویستیی هێنانە گۆڕی ئەو گەڵاڵەیەدا گوتی: وتووێژی ئاشکرا زۆر لایەنی باشی هەیەو لەوانەیـە ئەو بڕیارانەی لە پشتی دەرگای داخراوەوە دەدرێن، ئەگـەر بە شێوەی ئاشکرا بدرێن، جۆرێکی دیکە بن. مەجلیسیش وتووێژی ئاشکرای هەیەو خەڵك دەتوانـن کـاری نوێنـەران بگرنە ژێر چاوەدێری".

سـەرۆکی کۆمیسـیۆنی لەشسـاغیو دەرمـانیی مـەجلیس هـەروەها گوتـی: "شـووڕای نیگابـان ئـەرکی دیـاریکراوی خـۆی هەیـەو بەشـێکە لـە بناغـەکانی حکوومەت. حکوومـەت ناتوانـێ جیـا لـە خـەڵك بـێو بڕیارەکانی لە دەرەوەی ئیرادەی خەڵك‌دا بن. جگە لەمەش سەردەمی بڕیاردان لە پشتی دەرگا داخراوەکان لە هەموو جێیەکی دنیا بەسەر چووە".

ئەم گەڵاڵەیە کە بڕیار وایە بە زوویی لـە مـەجلیس‌دا قسـەی لەسـەر بکـرێ، هەوڵێکـە بـۆ ئـەوەی شـووڕای نیگابـان کـەمتر پەسندکراوەکانی مەجلیس ڕەت بکاتەوەو ئـەو شـووڕایە ئـەوەندە نـەتوانێ بـە کـەیفی خـۆی سـەلاحییەتی کاندیداکـان لـە هەڵبژاردنەکان‌دا ڕەت بکاتەوە.

پێویسـتە بگوتـرێ شـووڕای نیگابـان لـە مـاوەی دوو سـاڵی ڕابردوودا هەر بە پشت بەستن بـە قـانوونی ئەساسـیو شـەریعەتی ئیسلام، توانیوێتی زۆر لە پەسـند کراوەکـانی مەجلیسـی شەشـەم ڕەت بکاتەوە.

ئەحمەد بورقانی، ڕەجەبعـەلی مـەزروعی، موحسـین ئـارمین، جـەلیل سـازگارنژاد، مەیسـەم سـەعیدی، عـەلی شـوکوری‌ڕاد، ئەحمـەدی پوورنـەجاتی، ئەحمـەدی شـیرزاد، ناسـر قـەوامی، ڕەزا یوسفیان، جەعفەر کامبوزیاو موسەویی ئوجاق لەو کەسـانەن کـە بەیاننامەکەیان ئیمزا کردوە.

## گەڵاڵەی دامەزراوی "عفاف" هەڵلای لی ساز بووە

ئاشکرا بوونی گەڵاڵەیەك کـە بـەهاری ئەمسـاڵ بـە مەبەسـتی قـانوونی کردنـی تێکۆشـانی ژنـانی خـەیابانی لەلایـەن کاربەدەسـتانی ڕەسمیـی کۆمـاری ئیسـلامی‌یەوە ئامـادە کرابـوو و نـاوی گەڵاڵـەی "دامـەزراوی عـەفاف"ی لەسـەر دانراوە، لـەنێو ئـێران‌دا بـووە بـە هـەوێنی هاتنە گۆڕی بیرو بۆچوونی دژ بە یەك.

زیاد بوونی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتری ژمـارەی "ژنانی خەیابانی"و پەرەگرتنی لەشفرۆشـی لـە ئـێران‌دا، هێندێـك لـە دەزگـاو بنیاتـە دەولّەتی‌یەکانی کۆماری ئیسـلامیی بـەرەو دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی بە خەیاڵی خۆیان ئیسلامی پاڵ پێوە ناوە. یەکێك لـەو ڕێگـا پێشنیار کراوانە "گەڵاڵەی عەفاف"ە کە بـە گوێرەی ئەو، ژنانی لەشفرۆش لە چەند قۆناغدا شناسایی دەکرێـنو ئەوانـەی کـە ئامـادە نـین ژیانی ئاسـایی دەسـت پـێ بکەنـەوە، کـارتی لەشسـاغی وەردەگـرنو لـە چوارچێـوەی زەماوەندی کاتی (صیغە)دا، درێـژە بـە کـاری خۆیان دەدەن. بنیاتێکی ڕەسمییش کە هەر لەو پێوەندی‌یەدا پێـك دێ، مـاوەی دیـاریکراوی پێکەوە بوونی ژنو پیاوەکە تۆمار دەکاو کرێی مـاوە دیاریکراوەکـە وەردەگـرێو خوازیـارانی سیغە بە هوتێلەکان دەناسێنێ.

نوێنـەرانی ژنـی مەجلیسـی شـووڕای ئیسلامی، تاقمەکانی لایەنگری مـافی ژنـانو زۆر کەسـایەتیی فەرهـەنگیو کۆمەڵایـەتیی ئـێران، دژایـەتی لەگـەڵ ئـەو گەڵاڵەیـەیان ڕاگـەیاندوەو پەسـندکرانی گەڵاڵەکـەیان وەك



دەرکردنی ئیجازەنامەی لەشفرۆشی لە ژێر ناوی ئیسلام‌دا، ناوبردوە.

## ٢١ هەزار نەخۆشی گیرۆدەی ئەیدز لە ئێران‌دا هەن!

مەسعوودی پزشکییان وەزیـری لەشسـاغیی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کۆبوونـەوەی ڕۆژی ٣ی گەلاوێژی هەیئەتی وەزیـران‌دا گوتـی: بـە پێـی ئامار ئێمە ٣٩٠٠ نەخۆشی گیرۆدەی ئـەیدزمان هەن. دیـارە ئەوانـە HIVی موسـبەتیان هـەن. بـەڵام هـەر لەوکاتـەدا بـە گوێـرەی فۆرمۆڵـی WHO، بەراورد دەکرێ کـە نزیکـەی ٢١ هـەزار نەخۆشی گیرۆدەی ئەیدزمان لە ولاّتدا هەبێ.

## لەم ژمارەیەدا

هیچ هێزێك ناتوانێ گەلی کوردو حیزبی دێمۆکرات لێك دابڕێ ٣

سوپای پاسدارانو بەیاننامەی ئەم دوایانەی ٤

لە ڕیزی کەسانی وەك ئایەتوڵلا تاهیری‌دا،خەڵخالّیی کۆنە جەللاد جێگایەکی نیە ٤

تراویلکەی ریفورم لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا ٥

ڕاکردنی کچانو کوڕان لە ماڵەوە دیاردەیەکی دزێوی دیکەی کۆمەڵایەتی ١١

کێشەی کشمیر و ناکۆکیی هیندو پاکستان ١٣

ئاوڕدانەوەیەك لە ئیمکاناتی وەرزشی لە کوردستان‌دا ١٥

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی "نەهزەتی ئازادیی ئێران"دا

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**

**کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستان!**

لقی ٢١ی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران پاش ساڵێکو چوار مانگ گرتنو دەست بەسەر کردنی ئەندامانی "نەهزەتی ئازادیی ئێران" سەرئەنجام حوکمی داسەپاو بەسەر ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیەیدا ڕاگەیاند. بەپێی حوکمی دادگای ناوبراو ژمارەیەك لە ڕێبەرانو ئەندامانی ناسراوی ڕێکخراوی "نەهزەتی ئازادیی ئێران" بە زیندانی تا ١٠ ساڵ مەحکووم کرانو ١٠ ساڵیش مەحروومییەتی کۆمەڵایەتییان بەسەردا سەپێندراوە. هەر بەپێی حوکمی ئەم دادگایە ڕێکخراوی "نەهزەتی ئازادی"یش هەڵوەشاوە ڕاگەیەندراوەو ڕێگای چالاکی نواندنی لێ بەربەست کراوە.

لقی ٢١ی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران "نەهزەتی ئازادیی ئێران"ی بە شێواندنی ئەمنییەتی میللی، هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیزام، ڕووخاندنی ڕێژیم لە ڕێگای تایبەتییەوە، پێوەندی گرتن بە بێگانەوەو هەبوونو ڕاگرتنی کەرەسەی شەڕو مەوادی موخەددیر تاوانبار کردوە.

هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی "نەهزەتی ئازادیی ئێران"و داسەپاندنی حوکمی توندو زیندانیی درێژماوە بەسەر ڕێبەرانو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیەدا لە لایەن لقی ٢١ی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تارانەوە لە چەند لاوە جێگای سرنجو لێوردبوونەوەیە:

یەکەم بەپێی یاسای ئەحزاب: پێڕاگەیشتن بە خیلافکاریی حیزبو سازمانە سیاسییەکانو هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنیان لە ئەستۆی دادگا گشتییەکانە کە دەبێ بە ئامادەبوونی هەیئەتی مونسیفەو بە شێوەی ئاشکرا بەڕێوە بچێ، کەوابوو حوکمی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی "نەهزەتی ئازادیی ئێران"دا حوکمێکی غەیرە یاساییە کە لە لایەن دەزگایەکی بێسەلاحییەتەوە دراوە.

دووهەم: ئەو تاوانانەی کە وەپاڵ "نەهزەتی ئازادیی ئێران" دراون زۆربەیان زۆر لە ڕاستی دوورنو لەگەڵ واقیعییەتەکانی پێوەندیدار بەم ڕێکخراوەیەوە یەك ناگرنەوە. ئەم ڕێکخراوەیە لە ماوەی تێکۆشانی خۆی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام پابەندبوونی خۆی بە یاسای بنەڕەتیی ئێران ڕاگەیاندوەو هەرگیز دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی بەرز نەکردۆتەوە. لە ڕوانگەی خەڵکی ئێرانو تەنانەت لە ڕوانگەی بەشێکی بەرچاوی کاربەدەستانی ڕێژیمیشەوە تەنیا وەك ڕێکخراوێکی نارازیو ڕەخنەگر سەیری کراوە کە لە زۆر بواریشدا تەئییدی سیاسەتو هەڵوێستەکانی ڕێژیمی کردوەو لەو بارەیەوە ڕەخنەو ئیعترازی خەڵکی ئێرانو ئازادیخوازانی وڵاتی بەرەو ڕووی خۆی کردۆتەوە.

سێهەم: حوکمی داسەپاو بەسەر ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێبەرانو ئەندامانی "نەهزەتی ئازادیی ئێران"دا لە کۆتاییەکانی مانگی بانەمەڕدا دراوە، کەچی ڕاگەیاندنەکەی تا دوو ڕۆژ لەوە پێش وەدواخراوە کە ئەوە خۆی لەجێدا پرسیار خولقێنە.

هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی "نەهزەتی ئازادیی ئێران" لە هەلومەرجی ئێستادا لە لایەك نیشانەی ترسو نیگەرانیی ڕێژیم لە نارەزایەتیی خەڵكو ئاکامی ئەو قەیرانانەیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرۆکی ڕێژیم دەگرنو لە لایەکی دیکەوە نیشانەی ئاشکرای توندتر بوونی فشار لەسەر خەڵكو جیابیران بەگشتیو ئازادیخوازانی ئێران بەتایبەتییە.

حوکمی غەیرە یاسایی لقی ٢١ی دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران لە پێوەندی لەگەڵ "نەهزەتی ئازادیی ئێران"دا بەڕوونی دەری دەخا کە هەڕەشەکانی ئەم دوایانەی خامنەیی لە هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوو کەسانەی کە بۆچوونی جیا لە ناوبراوو قۆڵی سەر بە ناوبراویان هەیە بە زووییو بەبێ فەوتانی وەخت بە کردەوە بە ئەنجام دەگەنو لەو پێوەندییەدا هیچ چەشنە چاوپۆشیو هەڵاواردنێك لەگۆڕیدا نابێ.

سەپاندنی حوکمی توندو حەبسی درێژماوە بەسەر ئەندامانی "نەهزەتی ئازادیی ئێران"داو هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی ئەو ڕێکخراوەیە لە پێش هەمواندا دەرسێکە بۆ ڕێبەرانو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە کە پێیان وابوو دەکرێو دەگونجێ لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیو یاسا بنەڕەتییەکەیدا ئاڵوگۆڕ بەقازانجی ئازادیو بەختەوەریی خەڵکی ئێران پێك بێو لەو گومانەدا بوون کە لە هەلومەرجی ئێستای وڵاتدا ڕیبەرانی ڕێژیم بەمەبەستی کەمکردنەوە لە ئاڵۆزیو ناکۆکییە نێوخۆییەکان دەستی هاوکاریو بەیەکەوەبوونیان بۆ درێژ دەکەن.

هەروەها وریاکردنەوەیەکە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا فریوی وەعدەو دروشمە بریقەدار، بەڵام ناڕوونو بێ نێوەڕۆکەکانی خاتەمیو قۆڵی ناسراو بە ئیسلاحتەڵەبی نێو دەسەڵاتدارەتییان خواردبوو و دڵیان بە "وتووێژی شارستانییەکان"، "ویفاقی میللی"، "ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان"و شتی لەوبابەتە خۆش کردبوو تا ڕێگای دروستی گەیشتن بە ئازادیو مافو ئازادییە ئینسانییەکانی خۆیان بگرنە بەرو حیسابی خۆیان لەو بەناو ئیسلاحتەڵەبانە جیا بکەنەوە کە خۆیانو ڕەوتەکەیان کەوتوونە بونبەستو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر لە پاشەکشەو پاشگەزبوونەوەدان، بەتایبەت کە شەخسی خاتەمی سەرۆك کۆمار وەك ئاڵاهەڵگری ئەم ڕەوتە نیشانی دا کە مۆرەیەکی جیانەکراو لە تێکڕای مۆرەکانی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامییەو ئێستاش زیاتر وەك وتەبێژی قۆڵی توندڕەو قسە دەکاو لە بەرانبەر فشارهێنانی زیاتر بۆ خەڵكو یاساییکردنی زیاتری دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهـ دا کڕو بێدەنگە.

هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی "نەهزەتی ئازادیی ئێران"و بەتایبەت سەپاندنی حوکمی ناعادڵانە بەسەر ڕێبەرانو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیەدا لەگەڵ هەموو ناخۆشیو پێناخۆش بوونەکەی بەجێیە ببێتە سەرەتای یەکیەتیو یەکپارچەیی ریزی هەموو ئەوانەی کە دژی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهـ و دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا خەبات دەکەنو دڵنیان لەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا جێگایەك بۆ ئاڵوگۆڕی موسبەتو ئەمنییەتو ئاسایشی خەڵکی وڵات نیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی "نەهزەتی ئازادیی ئێران"و سەپاندنی حوکمی نارەواو ناعادڵانە بەسەر ڕێبەرانو ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیەدا هیوادارە کە یەکگرتوویی زیاتری ڕیزەکانی خەڵكو تێکڕای ئازادیخوازانی ئێران تینو گوڕێکی زیاتر وەبەر خەباتی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بنێو سەرئەنجام مافو ئازادییەکانی گەلانی ئێران بە هەوڵو تێکۆشانی هەموو تێکۆشەرانی ئێرانی بێنە دی.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی**
**دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨١/٥/٦**

# یەکیەتیی ئوورووپا و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا

یەکیەتیی ئوورووپا کە لەم ساڵانەی دواییدا گەورەترین لایەنی تجاری لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە، لەم دوایانەدا بۆ پەرەپێدانو بەربڵاوتر کردنی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئێران چەند مەرجێکی دەستنیشان کردوون کە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەرجانە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەگەر بە ڕواڵەتو بە شێوەی سەر زارەکییش جێگای پەسندو قبووڵ کردن بن، لە کردەوەدا بەلەبەر چاو گرتنی نێوەڕۆکی ئەو ڕێژیمە نە تەنیا کارێکی هاسان نیە، بەڵکوو دەکرێ بڵێین نامومکینیشە.

بۆ باس لەسەر چۆنیەتی پەرەدان بە پێوەندییەکانی یەکیەتیی ئوورووپاو کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەم یەکیەتییە لە نیوەی یەکەمی مانگی گەلاوێژدا ئاغای سۆلانا، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی خۆی ڕەوانەی تاران کرد. ناوبراو لە ڕیزە دیدارو دانیشتنێك لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا مەرجەکانی یەکیەتیی ئوورووپای بۆ بردنە سەری ئاستی پێوەندییەکانیان هێنایە گۆڕێ. خەبات دژی تیرۆریزم، پاراستنی مافی مرۆڤ، خەبات دژی چەکە کۆکوژەکان لەو مەرجانەن کە لە ڕوانگەی یەکیەتیی ئوورووپاوە وەبەرچاو گرتنیان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەتوانێ تەکانێکی تازە بە بەرەوژوور بردنی پێوەندییەکانی ئەم ڕێژیمە لەگەڵ یەکیەتیی ئوورووپا بدا.

هەر چەند هێنانەگۆڕی ئەم مەرجانە لە لایەن یەکیەتیی ئوورووپاوەو لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، شتێکی تازە نین، بەڵام باس لێ کردنەوەو پێ لەسەر داگرتنەوەی نیشانەی ئەوەیە کە یەکیەتیی ئوورووپا لانیکەم لە هەلومەرجی ئێستادا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەرکوتی ئازادیو فشار هێنان بۆ سەر ئازادیخوازان هەنگاوی تازەتری هەڵێناوەتەوەو ڕەفتاری توندڕەوانەتری لە خۆی نیشان داوە، ئامادەی پەرەپێدانی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نیە. لە لایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش کە لە قەیرانێکی ئاشکرای نێوخۆییدا بەسەر دەباو ڕێگای دەرچوون لەو قەیرانە لە سەرکوتو دەست بە دەم داگرتنی خەڵكدا دەبینێو بە کردەوە لەم بوارەدا هەنگاو دەنێو بۆ مانەوەی خۆی گوێ بۆ ڕاسپاردەو داواکاریو مەرجەکانی ئێرەو ئەوێ شل ناکا، زەحمەتە بتوانێ بە کردەوە بۆ جێبەجێ کردنو لەبەر چاو گرتنی مەرجەکانی یەکیەتیی ئوورووپا هەنگاوی بەرچاو بنێو ڕێگا بۆ پەرەپێدانی زیاتری پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم یەکیەتییەدا خۆش بکا.

یەکیەتیی ئوورووپا جگە لە هێنانە گۆڕی مەسەلەی تیرۆریزمو چەکی کۆکوژو مافی مرۆڤ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەم بە تیرۆریستو تیرۆریست پەروەر ناسراوەو هەم بە هەوڵدان بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی کۆکوژ تاوانبار کراوەو هەم مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئاشکرا پێشێل دەکا، داوای کردوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕەوتی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کارشکێنی نەکا، مەوجوودیەتی ئیسرائیل وەك وڵاتێکی سەربەخۆ بەڕەسمی بناسێو دەست لە پشتیوانی کردن لە هێزە توندڕەوەکانی ئیسلامی هەڵبگرێ کە ئەوانەش شتێك نین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هاسانی بتوانێ خۆی لەگەڵیان ڕابێنێ.

سەفەری ئاغای سۆلانا بۆ تاران کە کەمو زۆر هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی نامەی سەرئاوەڵای ئایەتوڵڵا تاهیریو داخرانی ڕۆژنامەی "نوروز"و هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی "نەهزەتی ئازادیی ئێران"و داسەپانی حوکمی توند بەسەر ڕێبەرانیداو مەحکووم کرانی موحسێنی میردامادی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی دەرەوەی مەجلیسو یەکێك لە میواندارانی ئاغای سۆلانا، ڕەنگە دیمەنێکی نوێی لە سیمای واقیعیی ڕێژیم خستبێتە بەرچاوی ناوبراوو زیاتر بە ڕەوابوونی دانانی ئەو مەرجانە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕ بێنێ.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە پێشتر لە نێو یەکیەتیی ئوورووپادا ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەو یەکیەتییە پێیان لەسەر بوونی ئەم مەرجانە بۆ پەرەپێدانی پێوەندی لەگەڵ ئێران دادەگرتو لەم دوایانەشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕەفتاری وای لە خۆی نیشان دا کە پێداگریی ئەم چەند وڵاتەی نێو یەکیەتیی ئوورووپاو دانانی مەرجە دەستنیشان کراوەکانی ڕەوایی زیاتر پەیدا بکەنو لەوانەیە ئەم چەند وڵاتەی دیکەی نێو یەکیەتیی ئوورووپاش کە پێشتر زۆر لە سەر دانانی مەرج بۆ پێوەندییە ئابووریو بازرگانییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران پێداگر نەبوون، لەگەڵ زۆرینەی ئەندامانی یەکیەتیی ئوورووپا هاودەنگی بکەن.

ئاکامی سەفەری سۆلانا کە زیاتر لەوەی ڕوانگەی جیاوازی ئوورووپا لەگەڵ ئامریکا، لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نیشان بداو سەرکەوتنێك بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکا، دەبێتە هۆی ڕەزایەتی نیسبیی ئامریکا لە یەکیەتیی ئۆرووپا، بە گرتنە پێشی هەڵوێستی ئاوا، دانانی مەرجو جیاوازیدانان لە نێوان بەرپرسایەتیو دامەزراوە داسەپاوو هەڵبژێردراوەکاندا.

گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم مەرجانەی یەکیەتیی ئوورووپا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی دەستنیشان کردوون نەك بۆ قۆڵی تەواوخوازو موحافیزەکار، بەڵکوو بۆ ئیسلاحتەڵەبانی جێگای دڵخۆشیی ئەم یەکیەتییەش قابیلی جێبەجێ بوونو بەرئاوردە بوون نینو ئەگەر یەکیەتیی ئۆرووپا هەروا لە سەر مەرجەکانی خۆی سوور بێ، زۆر ناکێشێ کە لە دەوڵەتی ئاغای خاتەمیو قۆڵی ناسراو بە ئیسلاحتەڵەبی نێودەسەڵاتیش دڵساردو ناهومێد دەبێ، هەر وەك تەنانەت لایەنگرانی ئەو ڕەوتەش لێیان دڵساردو ناهومێد بوون.

☆☆☆

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکرات لە دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە



سەعات ١٠ی بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ١٣٨١/٥/١٣ی هەتاوی هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیو پێکهاتوو لە بەڕێزان حەسەنی شەڕەفیو باباعەلی مێهرپەروەر ئەندامانی دەفتەری سیاسی، محەممەد نەزیف قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەید برایم کەریمی، حوسێن محەممەدزادەو محەممەد حەسەن پوور ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندیو خالید وەنەوشە ئەندامی موشاویری کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی دەفتەری سیاسیی "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"ی کردو لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمەڵە پێکهاتوو لە بەڕێزان عومەر ئیلخانیزادە، عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، تالب یوسفی، ئەنوەر محەممەدی، عەبدوڵڵا عەزیمی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو ڕەسوولی عەلی دوست ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی بە گەرمی پێشوازیی لێ کرا. دوو هەیئەت لە کەشو هەوایەکی دۆستانەداو لە دانیشتنێکی چەند سەعاتەدا وەزعی وڵاتو کوردستانو هەلومەرجی ناوچەو ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایانەیان خستە بەرباسو لەسەر پێویستیی هاوکاریی زیاتری هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران پێیان داگرتەوە. پاش کۆتایی دانیشتنەکە، سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ هەیئەتی میوان لەلایەن هەیئەتی خانەخوێوە بەڕێ کرا. ◆

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## کانادا

### چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزب دەگەڵ بەرپرسی وەزارەتی دەرەوەی کانادا

ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی ژووئیە، هەیئەتێکی حیزب، پێکهاتوو لە کاک شەریفی بێهرۆز، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە ئەنتاریۆی کاناداو کاک وەلیی دەوڵەتخاهی، ئەندامی کۆمیتەی شاری ئۆتاوا، چاویان بە کریستۆفێر هاڵ (Christophe Hull)، بەرپرسی بەشی ئێرانو عێراق لە وەزارەتی دەرەوەی کانادا کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا کە پتر لە سەعاتێکی خایاند، کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە ئێرانو کوردستانی ئێران، پێوەندیی ئێرانو کاناداو مەسەلەی مافی مرۆڤو هەروەها سەرکوتو چەوساندنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کەوتنە بەرباسو لێدوان.

بەرێز "هاڵ" خۆشحاڵیی خۆی لەم چاوپێکەوتنە دەربڕیو ئامادەیی خۆی بۆ بیروڕا گۆڕینەوەی زیاتر لەم بارەیەوەو هەروەها بۆ هەر چەشنە راوێژو هاوکارییەك، لە داهاتوودا دەربڕی.

## یۆنان

### ڕێز گرتن لە یادی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو

ڕۆژی ١٣ی ژووئیەی ٢٠٠٢، بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی دوکتور قاسملووی نەمر، لە سێزدەهەمین ساڵرۆژی شەهید بوونیدا، بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس کونسێرتێکی مووسیقی بۆ هونەرمەندی ناسراو "شڤان پەروەر" لە لایەن چەند کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەرو سەربەخۆوە لە شاری ئاتێندا پێك هات.

لە کاتی هاتنە ژوورەوەی بەشداربووان بۆ ساڵۆنی ڕێورەسمەکە، ژیاننامەی دوکتور قاسملوو کە لە لایەن کۆمیتەی حیزبەوە بە زاراوەی کرمانجی ئامادە کرابوو، لەگەڵ چەپکێ گوڵی سووردا پێشکەش بە بەشداربووان دەکرا.

لەو ڕێورەسمەدا لە لایەن نوێنەری کومیتەی حیزبەوە وتارێك لە سەر ژیانو خەباتی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو خوێنرایەوەو هونەرمەندی دەنگخۆش "شڤان پەروەر"یش لەو شەوەدا بە سروودی "دوکتور قاسملوو" هەستی خۆی بەرامبەر بەم ڕێبەرە مەزنە دەربڕی. ئەو ڕێورەسمە هونەرییە بۆ ڕێز گرتن لە یادو بیرەوەریو خەباتی دوکتور قاسملوو، پێشکەش بە گیانی پاکی ئەو نەمرە کرا.

✹✹

ڕێکەوتی ١٤ی ژووئیەی ٢٠٠٢ی زایینی کومیتەی حیزب لە یۆنان بە بۆنەی سێزدەهەمین سالرۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانیو سێهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر کاك سەید سەلام عەزیزی ڕێورەسمێکی لە شاری ئاتێندا پێك هێنا. لەو ڕێورەسمەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردە ئێرانییەکانی دانیشتوی ئاتێنو نوێنەری حیزبە کوردستانییەکانو کۆمەڵێك کەسایەتیی کورد بەشدار بوون. ڕێورەسمەکە بە دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. دواتر ژیاننامەی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملو خوێنرایەوە. پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزب لە یۆنان بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرا. هەروەها ژیاننامەی هاوڕێی شەهید کاك سەید سەلامی عەزیزی خوێندرایەوە.

لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا گولبژێرێك لە ئامۆژگاریو وتەکانی دوکتور قاسملووی نەمرو ئەو پەیامانەی لە کاتی شەهید بوونیدا نێردرابوون، پێشکەش کران. پاشان پەیامی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریەو حیزبی سوسیالیستی کوردستانی تورکیە خوێندرایەوە. لە بەشی کۆتایی ڕێورەسمەکەدا فیلمێك کە لە لایەن هاوڕێیانی کومیتەی حیزب لە سوئێد، بە بۆنەی سێزدەهەمین ساڵرۆژی کارەساتی ویەن ئامادەکرابوو، پێشانی ئامادەبووان درا.

شایانی باسە کە ساڵۆنی کۆبوونەوەکە بە وێنەی شەهیدانی ڕێبەرو ڕێنوێنییەکانی دوکتور قاسملووی نەمر رازێنرابۆوە. ◆

# هیچ هێزێك ناتوانێ حیزبی دێموکراتو گەلی کورد لێك دابڕێ

برایم جەهانگیری

پاش ئەوەی لە ساڵی ١٣٥٨دا لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەڵوەشاوە ڕاگەیەنرا، هێندێك کەسو زۆربەی بەرپرسانی خەیاڵپەروەری ڕێژیم وایان زانی کە حیزب لە مەیداندا وەدەر دەنرێو ڕێگا بۆ ڕمبازێنی هێزە سەرکوتکەرەکانو هێندێك کەسی بێمایەی وەك کارگ هەڵتۆقیو خۆش دەبێ. گەورەترین هەڵەی ڕێژیم ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانو خەڵکی کوردستانی بە باشی نەناسی بوو، هەستیشی بەو ئازارو ویستو داخوازە نەدەکرد کە لە ناخی گەلێکی بەشخوراودا پەنگیان خواردبۆوە. هەر بۆیە زۆر زوو بۆی دەرکەوت کە ئەگەر هەڵوەشاوە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بۆ دەستو پێوەندەکانو قووڵە بەسیجەکانی وەك فتوای شەرعی حیسابی بۆ دەکرا، لە لای حیزبی دێموکراتو خەڵکی کوردستان بە هێند ناگیرێو وەك بایەك بە بن گوێیاندا تێدەپەڕێ.

سەلماندنی ئەو ڕاستییە ڕنگبێ کارێکی دژوارو ئاستەم نەبێ، چونکە هەر ئەو کات کە خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستان فتوای جیهادی ڕاگەیاندو بە هەزاران بەسیجیو سەربازی بە چەکی هەمە جۆرو تانكو تۆپخانەو فڕۆکەو هێلیکۆپتێر وەسەر خەڵکی کوردستان گێڕا، لاوانی کورد بە هاتن بۆ نێو ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا بەرەنگاری بەسیجیو پاسدارو ئەرتەشە سەرکوتکەرەکەی بوونەوەو سەلماندیان کە کوردستان پارووەیەکی هێندە نەرمو حەلیم نیەو وا بە هاسانی بە گەرووی دوژمناندا ناچێتە خوار. لە زۆربەی شەڕەکاندا ژنانو کچانی کورد پرێسکەی نانو پێداویستی پێشمەرگەیان لە پشتی بەستوو بە ناو ڕەهێڵەی گوللەدا بەرەو سەنگەری پێشمەرگە وەڕێ کەوتنو نەیان هێشت برا پێشمەرگەکانیان لەگەڵ برسیەتیو کەمو کوڕی بەرەوڕوو بن، ماڵی خەڵکی کورد لە شارو لە دێ بوونە جێی حەوانەوەو حەسانەوەی تێکۆشەرانی دێموکرات، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ڕێژیم بۆ تۆقاندنی خەڵك هەموو چەشنە ڕەفتارێکی نامرۆڤانەو وەحشیانەی ئەنجام دەدا:

لە نەورۆزی ساڵی ٥٨دا خەڵکی قارەمانی شاری سنە بوونە یەکەم قوربانیی شەڕی داسەپاوی کوردستان، لەو شەڕەدا بەکرێگیرانی ڕێژیم لە هەموو چەشنە چەکێك بۆ کوشتاری خەڵکی بێتاوانی شاری سنە کەڵکیان وەرگرتو تەنانەت هێلیکۆپتێرەکانی هێزی هەواییش بەشداریی بەربڵاویان لەو کوشتارەدا کرد، لەو شەڕە نابەرامبەرەدا بە داخەوە زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە خەڵکی بێدیفاعی شاری سنە گیانیان لە دەست داو گەلێك کەسی دیکەش بریندار بوون، بەڵام کاری لە سەر وەرەو خۆڕاگریی خەڵکی قارەمانی ئەو شارە نەکرد.

لە ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ داو لە کاتی قسەکردنی دوکتور قاسملوو لە میتینگی نەغەدەدا لە نەکاوێك تەقە دەستی پێ کرد، میتینگەکە تێك چووو شەڕێکی نەخوازراو لە دژی خەڵکی ئەم بەشە لە کوردستان دەستی پێ کرد. ئەو شەڕە پیلانێکی لەپێشدا ئامادە کراو بوو کە لە لایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە پیلانگێڕیی "حەسەنی"یەوە ئەنجام دراو لە ئاکامدا کارەساتی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی قارنێو کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی ئەو گوندەی لێ کەوتەوە، ئەو گوندەی پاسدارو بەسیجییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران شەڵاڵی خوێنیان کردو ٦٧ کەس لە خەڵکی بێدیفاعو بێتاوانیان تێدا شەهید کرد.

ئەو جینایەتەو زۆر جینایەتی دیکەی کۆنەپەرستانی حاکم بە سەر ئێراندا، نەك هەر نەیانتوانی خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لای خەڵکی کوردستان کەم بکەنەوە، بەڵکوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خۆشەویستیی بەرامبەر بە حیزبو نەفرەتو بێزارییان بەرامبەر بە ڕێژیم لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا زیاتر دەبوو. پاش ئەوەی کە ڕێژیم لە زۆر ناوچەی دیکەی کوردستان وەك سەروکانی، ئیندرقاش، ئاواییەکانی سەر بە چۆمی مەجیدخانو هتد دەستی بە کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵك کردو نەیتوانی چاوترسێنیان بکاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دابڕێ. ئەو جار دەستی بە ئیعدامی بەکۆمەڵی لاوان کردو بۆ ئەو کارەش "خەڵخاڵی" کە بە جەللادی ڕێژیم ناسراوە، بارەگای لە سەقز خستو لە ماوەی چەند ڕۆژدا دەیان کەسی بە تایبەتی لە لاوانی ئیعدام کرد. حوسێنی بروجیردی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پاسدارێك بووو جینایەتەکانی خەڵخاڵی لە کوردستانی بە چاوی خۆی دیوە یەکێك لە جینایەتەکانی ڕێژیم بە دەستی خەڵخاڵی بەمشێوە باس دەکا: "کەسێکیان هێنا کە دەستی لە تەقینەوەیەکدا سووتابوو، خەڵخاڵی داوای لێ کرد کە خۆی بناسێنێ، ئەویش نێوی خۆی کوتو گوتی خەڵکی ورمێیە، خەڵخاڵی لێی پرسی بۆ وای لێ هاتوە؟

ـ گوتی لە ڕاپەڕینی تاراندا نارنجۆکی دە دەستیدا تەقیوەتەوە.

ـ خەڵخاڵی: باشە، باشە، لێرە چ دەکەی؟

ـ بە میوانی هاتوومە لای دۆستان.

خەڵخاڵی کوتی: زۆر چاکە، لە ورمێ لە دایك بووە، لە ڕاپەڕینی تاراندا بەشدار بووە، لە سەقز ئیعدام دەکرێ، دەیگرێتەوە. بیکوژن"! (١)

ڕێژیم بۆ تۆقاندنو زراو بردنی خەڵك لە هیچ جینایەتێك نەدەپرینگایەوە، درندەی وای کردبووە حاکمی شەرع کە گاڵتەی بە گیانی ئادەمیزاد دەهاتو بەڕاستی خوێنڕشتنی ئینسان لە لای ئەو خۆشترین سەیرانو سیاحەت بوو. ئیعدامی بەکۆمەڵی ٥٩ لاوی مەهاباد لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢دا باشترین بەڵگە بۆ وەحشیگەریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، کە تا ئێستاش تەرمی ئەو ٥٩ لاوەیان نەداوەتەوە بە کەسوکاریانو بۆ کەسیش بە تەواوی ڕوون نیە لە کوێ نێژراون.

هەموو ئەو جینایەتانە بۆ ئەوە دەکران کە خەڵکی کوردستان واز لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بێننو دەست لە داخوازە ڕەواکانیان هەڵگرنو لەڕاستیدا فتوای هەڵوەشانەوەی حیزب بە سەر خەڵکدا بە کردەوە بسەپێننو بەم کارەش بتوانن ڕیزی حیزبو گەل لەبەر یەك بترازێننو لێکیان جیاکەنەوە. پاش ئەوەی ئەم کردەوە جینایەتکارانانە دادی ڕێژیمیان نەداو لە فریای نەهاتن، ئەو جار دەستی بە تێرۆرو دانانەوەو تەقاندنەوەی بومب لە نێو بنکەو بارەگاکانی حیزب کردو ئەو کردەوانەش بە هۆی کەسانی بێڕیشەو خۆفرۆش ئەنجام دەدران، کە سەرەنجام کردەوە تێرۆریسییەکانی ڕێژیم دوو شەهیدی سەرکردە، دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندیشی وێڕای سەدان تێکۆشەری دیکەی دێموکرات گرتەوەو گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی لەو دوو سەرکردەو سیاسەتمەدارە گەورەی سەردەم بێبەش کرد، بەڵام دیسان ئامانجەکانی خۆی نەپێکاو نەیتوانی ئەم کاروانە ڕێیە کوێر کاتەوەو بێ ڕێبوار بیهێڵێتەوە.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئێستاش لە هەموو بۆنەو موناسبەتە حیزبییەکاندا شەقامو مەیدانی شارەکانی کوردستان لە لاوانی چاونەترس جمەی دێ، دارو دیوار دەبێتە دروشمو پۆستێرو تراکت، زۆر جارانیش خۆپێشاندان ساز دەکرێو بە دروشمی "بژی حیزبی دێموکرات، پێشاندەری ڕێی خەبات" نیشان دەدرێ کە حیزب هەروەك ڕابردوو لە ناو دڵی خەڵکدا دەژی. نموونەی تازەی ئەم تێکۆشانەی لاوان لە شارەکانی کوردستاندا، کاری تەبلیغی ئەوان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڤەگەڕی تێرۆری دوکتور قاسملوو بوو کە لە سەرتاسەری کوردستان، هەر لە کرماشان تا خۆیو ماکۆ، دیوارەکان بوون بە تابلۆی حەزو ئارەزووەکانی خەڵكو لە یەك ڕستەدا پەیامی خۆیان بە ڕێژیم دەگەیاند. "قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە". دیارە ئەم ڕستەیەو زۆر دروشمی دیکەش هەر لە سەرەتای سەپاندنی شەڕی دژی گەلییەکان بەسەر خەڵکی کوردستاندا ڕازێنەرەوەی دیوارو شەقامی شارو گوندی کوردستان بوونو، ئەو تێکۆشانەی لاوان نزیك ٢٤ ساڵە هەر درێژەی هەیەو بەکرێگیراوانیش نزیك ٢٤ ساڵە هەر خەریکی سڕینەوەی ئەم دروشمانەن بەڵام بە دڵنیاییەوە دەبێ بڵێین کە ڕۆژی ناهومێد بوونی خۆفرۆشان هاتووەو هەر بینا دەستیان بەردایەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لاوانی دێموکرات ماندوویینەناسانەو ڕۆژ بە ڕۆژیش لە ڕیزی یەکگرتووتردا بە هەنگاوی بەگوڕتر بەرەو پێشەوە دەچن. بەکرێگیراوانیش لەو پەڕی داماویدا دەژینو وردە وردە لێیان ڕوون دەبێتەوە کە **ئەوەی هەڵوەشاوە ڕاگەیەنراوە حکوومەتی دژی ئازادیی ئێرانە نەك حیزبی دێموکرات کە ڕیشەی لە دڵی خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان دایە.** بڵاوکردنەوەی پۆستێرو نووسینی دروشمی هەمە جۆر بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییەی بۆ دۆستو دوژمن سەلماند کە حیزبی دێموکرات حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانەو زیاتر لە پێشووش جێگەی باوەڕو متمانەی ئەوانە.

سەرچاوە:

١ـ خاطرات حسین بروجردی ـ نیمروز ـ شماره ـ ٦٩٢ ـ ١٣٨١ ـ ل ١٦

✲✲✲✲

# سوپای پاسداران‌و بەیاننامەی ئەم دوایانەی

هەژیر

نەهادی نیزامیی سوپای پاسداران سەرەڕای ناڕەزایەتیی خەڵک‌و قۆڵی ناسراو بە ریفۆرمخوازی نێو دەسەڵات، ناو بە ناو لە بۆنە جیاجیاکاندا بەیاننامە گەلێکی پڕ لە هەڕەشەو گوڕەشەی دەرکردوەو هەموو جارێکیش لە لایەن قۆڵی کۆنەپارێزی ڕێژیم‌و دەستەو تاقمەکانی سەر بەو قۆڵە پشتیوانی لێ کراوە.

لەم ڕۆژانەی دوایی‌داو بە دوای وتەکانی سەرکۆماری ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، جارێکی دیکە سوپای پاسداران بە دەرکردنی بەیاننامەیەک لە ژێر ناوی "وریا کردنەوەی خەڵکی شۆڕشگێری ئێران"دا بە شێوەیەکی توندو پێ‌هەڵپرژاوانە هێرشی کردە سەر کاربەدەستانی ئەمریکاو دیارە بە بێ دەستنیشانکردنی شێوەی دەستتێوەردانەکە، سەرکۆماری ئەمریکای بە دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئێران تاوانبار کرد.

هەڵبەت نابێ ئەوشمان لە بیر بچێتەوە کە دەسەڵاتپەرستانی ئێران هەمیشە لەسەر هەست بوون تا هەر وتەیەک کە لە زاری ڕێبەرانی ئەمریکا دێتە دەرێ، بیقۆزنەوەو وەک ئامرازێکی گوشار بۆ سەر خەڵک بەگشتی‌و بۆ سەر ئازادیخوازان بەتایبەتی کەڵکی لێ وەر بگرن. هێشتا هەموان لە بیریانە کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە دەوڵەتی کلینتۆندا، لەبەر بەشداریی ئەمریکا لە کودیتای ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۳۲دا داوای لێبوردنی لە ئێرانی‌یەکان کرد، بەڵام دەسەڵاتپەرستانی حاکم بە سەر ئێران وتەکانی ناوبراویان وەک نموونەیەکی ڕوون‌و ئاشکرا لە دەستتێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ئێراندا لە قەڵەمدا!

بەڵام ناوەندە دەسەڵاتدارەکان بە دوو هۆ هەوڵ دەدەن تا ئاگری دوژمنایەتی‌یەکی هەمیشەیی لەگەڵ ئەمریکادا خۆش بکەن. هۆی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی فەلەستین‌و پشتیوانیی ئەمریکا لە ئیسرائیل، لەم پێوەندی‌یەدا کاربەدەستانی ڕێژیم دەیانەوێ کە بە دوژمنایەتی کردن لەگەڵ ئەمریکا خۆیان وەک ئاڵاهەڵگری خەبات دژی ئەو وڵاتە پێشان بدەن‌و لەو ڕێگایەوە بە وتەی خۆیان ببنە ڕێبەری موسوڵمانانی جیهان.

هۆی دووهەم؛ ئەوان دەیانەوێ بە کەڵک وەرگرتن لەم ئاڵۆزی‌یە، هەر چەشنە گیروگرفتێکی نێوخۆی وڵات وەک پیلانێکی دەرەوەیی‌و بەتایبەت وەک پیلانی ئەمریکا نیشان بدەن‌و ئازادیخوازان بە تۆمەتی نوکەرایەتیی ئەمریکاو زایۆنیزم سەرکوت بکەن. دیارە لە وەها کەشو هەوایەکی قەیراناویی ئەوتۆدا دەتوانن لەگەڵ ئیدەی ئازادی، دێموکراسی‌و بایەخە نوێکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا دژایەتی بکەن.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا قامکی تۆمەت بەرەو لای ئەو ڕەوتە "دووڕوو" و "گوماناوی"یانەی کە خوازیاری دەسکاری‌کردنی بنەماکانی نیزام‌و دروشمەکانی شۆڕشی ئیسلامین، ڕاکێشراوەو داوا کراوە کە لەگەڵ ئەو لایەن‌و ڕەوتانەدا بە پێی یاسا مامەڵە بکرێ.

با بزانین سنووری کارکردنی نەهادی سوپای پاسداران بە پێی قانوونی ئەساسیی ڕێژیم تا کوێیەو ئایا دەرکردنی بەیاننامەی سیاسی لە لایەن سوپاوە پاساوێکی یاسایی هەیە؟و . . . بە پێی ئەسڵی ۱٥۰ی قانوونی ئەساسیی ڕێژیم، هەقی تایبەتی پاراستنی شۆڕش‌و دەسکەوتەکانی خراوەتە ئەستۆی سوپا، بەڵام لەم بەناو یاسایەشدا ئاماژەیەک بە خوتێهەڵقورتاندنی سوپا لە مەسەلە سیاسی‌یەکانی وڵاتدا نەکراوەو تەنانەت بە پێی وتەی ڕیفورمخوازان‌و بە پشت بەستن بە وەسێتنامەی خومەینی سوپاو هێزە نیزامی‌و ئینتیزامی‌یەکان لە دەستتێوەردان لە کاروبارە سیاسی‌یەکان مەنع کراون. کەواتە سوپای پاسدارن وەک نیهادێکی نیزامی بە پێی یاساو ڕێساکانی خودی ڕێژیمیش ناتوانێ سەبارەت بە مەسەلە سیاسی‌یەکان بەیاننامە دەر بکا. بەڵام هەر ئەم ڕستە نامۆو ناڕوونەی "پارێزەری شۆڕش‌و دەسکەوتەکانی"، وای لە سوپا کردوە کە سنووری خۆی نەزانێ‌و دەسەڵاتێکی زیاد لە ئەندازە بۆخۆی قایل بی‌و خۆی وەک ڕێکخراوێک لە سەرووی ئەرتەش‌و هێزە ئینتیزامی‌یەکانەوە دابنێ‌و بە هەقی خۆی بزانێ کە دەست لە هەموو مەسەلەکانی وڵات وەر بدا. هەروەها هەر ئەمە بۆتە هۆی ئەوە کە ئێستا ڕێکخراوی "حفاظت اطلاعات" لە ژێر چاوەدێریی ڕێبەردابێ‌و تەواوی پێرسونێلی ئەرتەش لە بەرامبەری ئەودا وەڵامدەر بن. لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیرو سەفیرو نوێنەرانی پێشووو ئێستای مەجلیس لە ئەفرادی سوپا بن.

بەسەرنجدان بەوە کە ڕێکخراوی سوپای پاسداران لە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی وەلیی فەقیهـ دایە، چاوەڕوانیی ئەوە ناکرێ کە دەرکردنی وەها بەیاننامەگەلێک کە دەنگدانەوەو کاردانەوەی سیاسی‌و نیزامی‌و نێونەتەوەیی‌یان هەیە، بە بێ ئاگاداری‌و ڕەزامەندیی خامنەیی بڵاو بووبنەوە، چونکە فەرماندەکانی ئەم ڕێکخراوەیە بێجگە لە وەلیی فەقیهـ گوێ بە قسەی هیچ کەس‌و نەهادێکی ڕەسمی‌و یاسادانەر شل ناکەن.

هەر چەند لە بەیاننامەی ناوبراودا بە شێوەیەکی ئاشکرا ناوی لایەنێکی تایبەت نەبراوە، بەڵام لە دژکردەوەکانی ڕیفۆڕمخوازان ڕا دەردەکەوێ کە مەبەستی سوپا لە زاراوە گەلێکی وەک "ڕەوتی دوو ڕوو"، "ڕەوتی گوماناوی" و "ڕەوتێک کە بەرەو دێموکراسی لیبرالی دەکشێ" ڕیفورمخوازن بن. بۆیە هەر لەم پێوەندی‌یەدا ۹۰ کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیم داوایان لە وەزیری بەرگری کردوە بێتە مەجلیس‌و سەبارەت بە بەیاننامەی سوپا ڕوونکردنەوەکانی بخاتە ڕوو.

هەر چەند لە ڕواڵەتدا دامودەزگاکانی سوپا نەهادگەلێکی سەر بە وەزارەتی بەرگرین، بەڵام ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی ڕێبەری ڕێژیم دان بۆیە وێناچێ ئامادەبوونی وەزیری بەرگری لە مەجلیس‌دا یارمەتیی چارەسەرکردنی کێشەکان بدا.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتوە: "ڕەوتێک کە لە سایەی ئازادیی بەربڵاو سەبرو لە خۆبردوویی هێزە ڕەسەنەکانی نێو شۆڕش‌دا سەری هەڵداوە؛ بایەخەکانی شۆڕش‌و باوەڕی خەڵک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەوانی [ئەمریکاو ئیسرائیل]ی بە بوونی پێگەیەک لە نێو وڵاتدا کە ڕۆڵی پیادە نیزام بۆ ئەوان لە کاتی هێرش‌دا دەگێڕن، هیوادار کردوە." ئیددیعای سوپا لە بارەی بوونی ئازادیی بەربڵاو کە لە ژێر سایەی حکومەتی ئیسلامی‌دا هاتۆتە کایەوە جێگای تێڕامان‌و سەرسوڕمانە، چونکە هەموو ئازادیخوازانی جیهان ئاگاداری ڕادەی ئازادی لە ئێراندا دان!! و چەندین جار سەبارەت بە کارنامەی ڕەش‌و لیوانلێو لە نابەرابەری‌و پێشێلکردنی ئازادی لە لایەن فەرمانڕەوایانی دەسەڵاتپەرستی ئێرانەوە ناڕەزایەتییان دەربڕیوە کە پێویستی بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن نیە. هەر وەک لە دەقی ڕستەکانی بەیاننامەی ناوبراودا دەردەکەوێ قۆڵی ڕکەبەریان بە خەڵەتاوو ستوونی پێنجەمی دوژمن‌و لە قەڵەم داوەو، وەک پیادە نیزام‌و چاو ساغی دوژمن لە کاتی هێرشی نیزامیی ئەمریکا بۆ سەر ئێرانیان سەیر کردوەو سەرهەڵدانی وەها ڕەوتێک بەهۆکارە پرکێشی‌و دەستتێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ئێراندا زانیوەو لەم پێوەندی‌یەدا ڕاشکاوانە لە دەزگای قەزایی ویستوە کە بۆ سەرکوتی ئەم ڕەوتە بە پێی یاسا بجوڵێتەوە.

ئەمە لە حاڵێک دایە کە ڕەوتی ناوبراو لانی کەم لە ٥ ساڵی ڕابردوودا شانبەشانی کۆنەپارێزان، بەشێک لە دەسەڵاتیان لە دەستدابووەو لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی فەرمانڕەوایی کۆماری ئیسلامی‌دا بەشدارو شەریکی پاوانخوازان بووە. شایانی باسە کە لە دوایین هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا، بە وتەی کاربەدەستانی ڕێژیم زیاتر لە ۲۰ میلیۆن کەس ـ لە ژێر هەر ناوو بە هەر هۆیەکەوە ـ دەنگیان بە ریفۆرمخوازاندا، بەڵام بە ڕوونی دەبینین کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران خوازیاری دێموکراسی، لابردنی وەلیی فەقیهـ و بەدیهاتنی ریفۆرمی ڕادیکاڵن. کەواتە بە پێی بەیاننامەی سوپای پاسداران، هەموو خەڵکی ئێران وەک "پیادە نیزامی دوژمن" و "غەیرە خودی" لە قەڵەم دراون‌و دەبێ هەموان بە شێوەیەکی گشتی چاوەڕێی مامەڵەی یاسایی دەزگای قەزایی بن! ئەویش لە وڵاتێک‌دا کە ۲٤ ساڵی ڕەبەقە کراوە بە زیندانی خەڵکی ئێران بەتایبەت ئازادیخوازان‌و لەم ماوە درێژەدا ڕێز لە شین، چەمەری، هەژاری‌و سەرکوت گیراوەو شادی، ئاوەدانی‌و ئازادی وەک دوژمن‌و ڕکەبەر سەیر کراون!!

✽✽✽✽

# لە ڕیزی کەسانی وەک ئایەتولڵا تاهیری‌دا،خەڵخاڵیی کۆنە جەللاد جێگایەکی نیە

م. ڕەوانپاک

بە دوای بڵاو بوونەوەی ئیستیعفانامە سەر ئاوەڵاکەی سەید جەلالەدینی تاهیری ئیمام جومعەی ئیسفەهاندا، زۆر کەسایەتیی سیاسی، فەرهەنگی‌و ئایینی ئێران کە لە مێژ ساڵە لە شێوەی دەسەڵاتدارەتیی تاقمێک دەسەڵاتپەرستی پاوانخواز لە وڵاتەکەیاندا وەزاڵە هاتوون، بە شێوەی جۆراوجۆر هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ ئایەتولڵا تاهیری دەربڕی‌و پشتیوانییان لەو هەنگاوە ئازایانەیەی ناوبراو کرد. زۆر لەوان نەیان شاردەوە کە ئەو قسانەی ئایەتولڵا تاهیری لە ئیستیعفا نامەکەی‌دا کردوونی، قسەی دڵی ئەوان‌و هەموو خەڵکی شەریف‌و بە ویژدانی ئێران‌و ئەوانیش لەو فەسادو ستەم‌و زۆرداریی‌یەی دەسەڵاتداران کە ئایەتولڵا تاهیری دەنگی ڕەخنەو بێزاریی لە دژیان بەرز کردۆتەوە، بێزارن.

هەنگاوی ئازایانەو مێژوویی ئایەتولڵا تاهیری هەروا کە لەگەڵ پێشوازیی هاونیشتمانە ئازادیخوازو خەباتگێڕەکان بەرەوڕوو بوو جارێکی دیکە ڕێزو خۆشەویستیی خەڵکی بۆ لای ئەو مرۆڤە خۆشناوە ڕاکێشا، ئەو کەسانەشی توورەو دەهری کرد کە دەستیان تا ئانیشکیان بە خوێنی خەڵک سوور بووەو تا بینەقاقەیان لە فەسادا نوقم بوون‌و لەپێناوی پاراستنی پلەو پایەی خۆیان‌و دەسەڵاتی ڕێژیمەکەیاندا ترس‌و شەرمیان لە ئەنجامدانی هیچ چەشنە جینایەتێک نیە.

دیارە هەردووی ئەم جۆرە دژکردەوانە بەرامبەر بەهەڵوێستی ئایەتولڵا تاهیری شتێکی زۆر سروشتی‌و چاوەڕوانکراو بوون. شتێکی ئاسایی‌یە ئەگەر هەر هەنگاو و کردەوەیەکی لەقاودەرانەو هەر پەردە لادانێکی ئازایانە لەسەر سیستمی نوقم بوو لە ریاکاری‌و درۆو فەسادو خەیانەت‌و جینایەتی کۆماری ئیسلامی‌دا، لەلایەن کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵک‌و کەسایەتی‌یە سیاسی، فەرهەنگی، ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌یە ئازادیخوازو خەباتگێڕەکانەوە، پێشوازی‌و پشتیوانیی لێ بکرێ‌و هەر بەو پێیەش ببنە هۆی وەحشەت‌و تووڕەیی دەسەڵاتداران‌و دەسەڵاتپەرستانێک کە دین‌و ئایین‌و ناوی خوداو پێغەمبەران‌و ئیمامان‌و هەموو شتێکی پیرۆزیان کردوە بە ئامرازێک بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵک‌داو درێژ کردنەوەی تەمەنی ڕێژیمەکەیان. تەنیا شتێکی کە لەو نێوەدا نائاسایی‌و وەک ڕووداوێکی سەیر هاتە بەرچاو کەم کەس چاوەڕوانی بوون، پشتیوانیی جەللادی بە ناوبانگی ڕۆڵەکانی گەلی کوردو خەڵکی ئێران شێخ سادقی خەڵخاڵی لەم کردەوەیەی ئایەتولڵا تاهیری بوو.

سادقی خەڵخاڵی ڕۆژی ۲٤ی پووشپەڕ لە نامەیەک‌دا بۆ ئایەتولڵا تاهیری کە ئاژانسەکانی هەواڵ، نێوەرۆکەکەیان بڵاو کردوەوە، ئەم کردەوەیەی ئایەتولڵا تاهیریی تەئیید کردو ئۆباڵی بۆ نێوەرۆکی ئیستیعفانامەکەی ناوبراو کێشا. خەڵخاڵی لە نامەکەی‌دا بۆ ئایەتولڵا تاهیری نووسیویە:

"لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش‌دا هەمووی ئێمە کە لە پێناوی سەرکەوتنی ئامانجەکانی ئیسلام‌و بەرژەوەندی‌یەکانی وڵات لەگەڵ خائینانی سەر بە ڕێژیمی ستەمکاری شایەتی‌دا جیهادو خەباتمان دەکرد، هێندێک بەڵێنمان لەبارەی ڕزگار بوون لە ڕەنج‌و مەینەت‌و جێبەجێ بوونی هەق‌و عەدالەتەوە، بە خەڵکی موسوڵمان‌و زۆرلێکراو دا کە بە داخەوە زۆر لەوان نەک هەر نەهاتنە دی، بەڵکوو زۆر لە پێشوو ناکامتر بوون". خەڵخاڵییش بە نۆرەی خۆی ددان بەوە دا دەنێ کە "بە هۆی تاقمێکی کەم‌و پاوانخواز بە ناوی ئیسلام‌و دینەوە زۆر کردەوەی پێچەوانەی شەرع ڕوو دەدەن‌و گەورەترین بەرژەوەندەکان دەکەونە مەترسی‌و لەنێو خەڵکێکی زۆر بەتایبەتی توێژی لاودا، بڕوا بە بناغەکانی شەرعی موبین لاوازو، بەدبینی بەرامبەر بە ڕووحانییەت‌و نیزام پەرەی گرتوەو زیانەکانی سەرچاوە گرتوو لەو وەزعە بە هاسانی قەرەبوو ناکرێنەوە. وەزعی دڵتەزێنی نەداریی فەلاکەتباری هەژاران کە ئاکامی زێدەخوازی‌و سەروەت‌و سامان پێکەوەنانی تاقمێک لە ئاغایان‌و ئاغازادەکانەو بە پێی بەڵێنەکان، قەرار وابوو لە کۆمەڵدا خاشەبڕ بکرێ، زیاتر لە پێشوو زمانی بە چینی هەژار کێشاوە"!

لێرەدا نامانەوێ هەموو نێوەرۆکی نامەکەی خەڵخاڵی لە تەئییدی ئیستیعفانامەکەی ئایەتولڵا تاهیری‌دا بڵاو بکەینەوە. چونکە ئەوەی ناوبراو ویستوویەتی لەبارەی خراپیی ڕەفتاری دەسەڵاتداران‌و نارەزامەندیی خەڵک لەوان لە نامەکەی‌دا بیڵێ، لە ئیستیعفانامەی ئایەتولڵا تاهیری‌دا بە ڕوونی‌و ڕاشکاوی هاتوەو خەڵخاڵییش هەمووی تەئیید کردوون. بەڵام خراپ نیە لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە بە کورتی بخەینە بەر باس. ئەویش هاودەنگیی خەڵخاڵی لەگەڵ ئایەتولڵا تاهیری‌یە کە دوو کەسایەتیی بە تەواوی لێک جیاوازن‌و لەبارەی ڕەفتار لەگەڵ خەڵک، دوو کارنامەی تەواو پێچەوانەی یەکتریان هەیە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە ئایەتولڵا تاهیری‌یەوە هەیە، لە درێژایی دوو دەیەی ڕابردوودا، شتێکی ئەوتۆ لەبارەی بەڕێوەچوونی هەر چەشنە ڕەفتارو کردەوەیەکی جینایەتکارانە لەلایەن ناوبراوەوەو بەشداریی ڕاستەوخۆی لە پیلان‌و جینایەتەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی‌دا بڵاو نەبۆتەوە، یا لانی‌کەم ئێمە نەمان بیستوەو نەمان خوێندۆتەوە. ئەوەندەی زانیویشمانە عەلاقەی ئایەتولڵا تاهیری بە دەرس‌و تەدریس‌و ڕێنوێنیی ئایینیی موسوڵمانان‌و جێبەجێکردنی ئەرکە شەرعی‌یەکانی خۆی وەک موجتەهیدێک، لە ئۆگری‌و تامەزرۆیی زۆر لە ئاخوندەکان بە دەسەڵات‌و وەدەستهێنانی پلەو پایەی سیاسی‌و ئیداری، زیاتر بووە. کشانەوەی لە پێشنوێژیی خەڵک‌و ئەندامەتیی مەجلیسی خیبرەگان‌و شەق هەڵدانیشی لە عینوانی نوێنەرایەتیی وەلیی فەقیهی موسوڵمانان، بە ویستی خۆی‌و بە فەرمانی ویژدانی ئاگای بووە.

بەڵام کارنامەی خەڵخاڵی لە کەم کەس شاراوەیە. ئەگەر ئەمڕۆ نەسلێکیش پێ‌گەیشتبن کە جینایەتەکانی خەڵخاڵییان بە چاوی خۆیان نەدیبێ، لانی‌کەم لە نەسلی پێش خۆیانیان بیستوە کە ئەو بنیادەمە دڵڕەق‌و خوێنخۆرە، هەر بەو هۆیەوە کە لە هەر چەشنە ڕەحم‌و بەزەیی‌و ئینساف‌و ویژدانێک بەری بوو و ڕەچاو کردنی کەمترین ڕێوشوێنەکانی موحاکەمەیەکی دادپەروەرانەی بە پێویست نەدەزانی، لە ٥ی ڕەشەمەی ۱۳٥۷دا، لەلایەن خومەینی ڕێبەرو بنیاتنەری کۆماری ئیسلامی‌یەوە وەک یەکەمین "حاکمی شەرع"ی ئەو ڕێژیمە دیاری کرا(۱). هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌دا، سەدان کەس لە کاربەدەستان‌و مۆرەکانی ڕێژیمی پێشوو لە موحاکەمەیەکی سەرپێیی‌داو بێ ڕەچاو کردنی هیچ چەشنە ڕێوشوێنێکی ئینسانی‌و قبوولکراو لەلایەن دنیای پێشکەوتوو و شارستانی‌یەوە، لە پشت دەرگای داخراو و لە ماوەی چەند ساعەتدا، لەلایەن خەڵخاڵی‌یەوە بە ئیعدام مەحکووم کران‌و درانە بەر ڕێژنەی گوللە. ئەوەکە ئەو جۆرە کەسانە لە ڕێژیمی پێشوودا چ کارە بوون‌و بە ڕاستی هەموویان شیاوی سزای مەرگ بوون یا نا، هیچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ کە بە هەر حاڵ هەقی خۆیان بوو بە شێوەیەکی دروست‌و ئوسوولی موحاکەمە بکرێن، نەک بەو چەشنە هەر لە کۆبوونەوەی بە ناو دادگایی کراندا، ڕاستەوخۆ لەلایەن حاکمی شەرع خەڵخاڵی‌یەوە، ئەو هەموو سووکایەتی‌یەیان پێ‌بکرێ جا پاشان ئیعدام بکرێن.

بەڵام ئەگەر جۆری موحاکەمەو ڕەفتاری خەڵخاڵی لەگەڵ ئەو بەشە لە کاربەدەستان‌و مۆرەکانی ڕێژیمی پێشوو، بەهۆی بەدناوی‌و ڕق‌و نەفرەتی خەڵک لە ڕێژیمی ڕابردوو، زوو لەبیر چوونەوە، ئەوەی ئەو میرغەزەبەی خومەینی لەگەڵ ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلانی ئێران‌و بەتایبەتی ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ۱۳٥۸دا کردی، هەرگیز لە بیر خەڵکی کوردستان‌و ئێران ناچێتەوە. خەڵک لەبیریان ناچێتەوە کە چۆن بە دوای دەرچوونی فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی خەڵکی کوردستاندا، خەڵخاڵی هاتە کوردستان‌و لەهەرکام لەو شارانەی مەبەستی بوو، پۆل پۆل لاوانی کوردی بەدوای چەند پرسیاری سەرپێیی‌دا بە ئیعدام مەحکووم کردو بە دەستی جوخەکانی مەرگی سپاردن. چلۆن دەکرێ لەبیرمان بچێتەوە کە لە ماوەی کەمتر لە دوو حەوتوودا (لە ۲۸ی گەلاوێژەوە تا ۱۰ی خەرمانانی ۱۳٥۸) زیاتر لە ۸۰ کەس لە شارەکانی پاوە، سنە، کرماشان، مەریوان‌و سەقز بە هۆی خەڵخاڵی‌و دارودەستەکەیەوە گوللە باران کران. ئەویش کەسانێک کە بەشێکی بەرچاویان نە لە هیچ تێکهەڵچوونێکی نیزامی‌دا بەشدار بوون، نە تەنانەت ئەندامی چالاکی ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان بوون‌و هی واشیان لەنێو دابوو کە دەست‌و لاقیان لە گێچ دابوو و بە نەخۆشی‌و برینداری‌و لەسەر برانکارد بۆ مەیدانی ئیعدامیان هێنابوون!

بۆ لاپەڕی٥

# تراویلکەی ڕیفۆرم لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی‌دا

م. مەعرووفی

ئەوکات کە بەربەرەکانێی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دیفاع لە گیانو ماڵی خۆیان لە بەرامبەر هێرشی جینایەتکارانەی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی‌دا دەستی پێ کرد، هێندێ کەسو لایەن هەبوون کە ئەو خۆڕاگریو بەربەرەکانێ‌یەی خەڵکی کوردستانیان خستە بەر لۆمەو گازندەی خۆیان، زۆری پێ نەچوو کە ئەو ڕێژیمە هەڵی کوتایە سەر ئەوانیشو مەیدانی پێ تەنگ کردن. هێندێک ڕێکخراوی دیکە هەبوون کە لە ژێر سێبەری ئەم ڕێژیمەو لە ڕێگەی قانوونی‌یەوە! تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ‌دا، بەڵام هیچ کات نەیانتوانی ڕەخنەیەکی جیددی لەو ڕێژیمە بگرنو بچووکترین مەترسییان بۆ ئەو ڕێژیمە پێک نەهێنا.

"نەهزەتی ئازادیی ئێران"یش لەو ڕێکخراوانە بوو کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا دەوڵەتی کاتیی بە دەستەوە بوو. پاشان وردە وردە لە دەسەڵات دوور خرایەوە تا دووی جۆزەردانی ٧٦ کە خاتەمی بە دروشمە ڕیفۆرمیستی‌یەکانی بوو بە سەرکۆمار مەیدانێکی ئەوتۆی لە تێکۆشان بۆ نەمابۆوە. لەو کاتەوە بە پشتیوانی کردن لە دروشمو بەرنامە ڕیفۆرمیستی‌یەکانی خاتەمی، بە کردەوە هاتە نێو جەرگەی ڕیفۆرمخوازانو بوو بە ماکەی ئەسلیی ڕەوتێك کە پاشان بە میللی ـ مەزهەبی‌یەکان ناویان دەرکرد. بەڵام ڕیفۆرمخوازان نە ڕێکخراوێکی پتەوو ڕێکوپێکیان هەبووو نە ڕێبەرێکی وا کە بتوانێ لە هێرشی موحافیزەکارە پاوانخوازەکان بیانپارێزێ. لەوەش زیاتر تەنانەت قۆڵی ڕیفۆرمخواز نەیتوانیوە مۆرە هەرە بەرچاوەکانی خۆی لە بەرامبەر هێرشی قۆڵی موحافیزەکاردا بپارێزێ. هەربۆیە کە دەبینین کە لە ڕۆژی ٣ی گەلاوێژدا یەکێك لە مۆرە ئەسڵی‌یەکانی ڕیفۆرمخوازەکان لە مەجلیس واتە موحسێنی میردامادی بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی میللیو سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە زیندان مەحکووم دەکرێو ڕۆژنامەی "نورووز" دادەخرێ. هەر دوو ڕۆژ دوای ئەمە دادگای شۆڕش حوکمی هەڵوەشاندنەوەی"نەهزەتی ئازادی"یشی دەرکرد.

ئەوکات خاتەمی هێشتا لە "ماه عسل"ی یەکەم دەورەی سەرکۆماری‌دا بوو کە خۆپێشاندانی هێمنانەی خەڵکی سنەو شارەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ناوبراوەوە هێرشی نیزامی کرایە سەرو دەیان کەس شەهید بوون. خەڵکی کوردستان ئەوکات تامی دروشمە بریقەدارەکانی خاتەمییان چێشتو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر ئەوکات ڕای‌گەیاند خاتەمی ئەگەر لە دروشمەکانی‌دا ڕاستگۆ بێ، لانیکەم دەسەڵاتو ئیرادەی بەڕێوەبردنیانی نیە. پاشان بە پاشەکشەکانی خاتەمی لە بەرامبەر پاوانخوازی‌یەکانی قۆڵی موحافیزەکار لە پەروەندەی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکاندا، لە ڕووداوی کووی زانستگەی تاراندا، لە داخستنی ڕۆژنامەکانداو. . . وردە وردە بۆ هەموو کەسو لایەنێك روون بۆوە کە نە قۆڵی موحافیزەکار ئیجازەی هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی موسبەت دەداو نە ڕێفۆرمخوازانیش ـ خاتەمی لە سەرووی هەموویانەوە ـ دەسەڵاتو ئیرادەی وەدیهێنانی دروشمو وەعدەو بەڵێنیەکانیان هەیە.

خاتەمی لە سەرەتای هاتنە سەرکای‌یەوە نەی‌شاردۆتەوە کە مەبەستی لە ڕێفۆرم پاراستنی ڕێژیم لە شۆڕشو ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکە. گیروگرفتی بنەڕەتیی ڕیفۆرمخوازانیش هەر لەو بۆچوونەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە حاڵێکدا حکوومەت ئامرازی دابین کردنی ژیانو ئاسایشی خەڵکەو ئەمە ئامانجی هەر حکوومەتێکی مەسئوولو دێموکراتە، خاتەمی ژیانو ئاسایشی لەبەر ئەوە دەوێ کە ڕێژیمەکەی لە ڕوخان بپارێزێ. واتە ئامانجی ناوبراو پاراستنی ڕێژیمە. ئاسایش ئامرازێکە بۆ پاراستنی ئەو ڕێژیمە. هەر بۆیەشە کاتێك ڕێژیمەکەی لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە کەوتۆتە مەترسی‌یەوە هەموو ئەو دروشمو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی داون لە بیر دەچنەوەو پاڵ وە کۆنەپەرستترین مۆرەکانی موحافیزەکاران دەدا.

لە لایەکی دیکە موحافیزەکارەکان پێیان وابووە پێکهێنانی بچووکترین دەرفەت، مەیدان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیو نەفرەتی کۆمەڵانی خەڵك لەو ڕێژیمە خۆش دەکا. ئەو قۆڵە ئەو ڕاستی‌یەی بە باشی بۆ دەرکەوتوە کە خەڵکی ئێران بە هێندێك بەرنامەی ڕیفۆرمیستی واز ناهێننو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییان دەوێ. بەڵام لە ماهییەتو ئیدئۆلۆژیی ئەو ڕێژیمەدا نەك ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی، بەڵکوو ڕیفۆرمو حەرەکەتێکی ڕواڵەتیش هیچ جێگەیەکی نیە.

ئاکامی ئەو دوو هەڵوێستە جیاوازە ئەویە کە خاتەمی لە نێوان پێ‌داگرتنو سوور بوون بۆ وەدیهێنانی وەعدەو بەڵێنەکانی کە دەبێتە هۆی قووڵ بوونەوەی شەڕو کێشەی نێوخۆی دەسەڵاتو پشت کردن لەو وەعدەو بەڵێنانەی، ڕێگەی دووهەم هەڵبژێرێ.

خاتەمی کە وەك سەرکۆمار دەبێ هەڵوێستی ڕوونو لێبڕاوانەی لە بارەی ڕووداوو مەسەلە نێوخۆییو خاریجی‌یەکان هەبێو لە جێی خۆی‌دا پێویستە بڕیار بدا، هەموو جارێ بە پەخشانێکی جوانو هێنانەوەی قسەی زانایانو حەکیمان وازی هێناوەو خۆی لە بڕیارو هەڵوێستی لێبڕاوانە بواردوە. لە حاڵێکدا ڕووناکبیرانی وڵاتەکەمانو خەڵکی هەژارو تینووی ئازادی لە جیاتی قسە، کردەوەیان دەوێ، زۆر لە خاتەمی شارەزاتر هەن کە ئەفکاری ڤۆڵتێرو مۆنتسکیۆو فەیلەسووفەکانی دیکە بزاننو چاوەڕوانییان لە خاتەمی نیە فێریان بکا.

ئێستا لە ئاکامی ئەو وەزعەدا نەك کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵك، بەڵکوو بەشێکی زۆر لە ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵاتیش لەو ڕێژیمە ناهومێد بوون. ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بەشدارن، مەسەلەی هاتنەدەر لە حاکمییەتیان هێناوەتە گۆڕو ئایەتوڵڵا تاهیری یەکەم نموونەی بەکردەوەی ئەو ڕەوتەیە. هەر چەند هاتنەدەر لە حاکمییەت بۆ ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵات عینوانێکی زۆر دەقیق نیە چونکە هاتنەدەر لە حاکمییەت ئەوکاتە مانای پڕ بە پێستی دەبوو کە ڕیفۆرمخوازان لە حاکمییەتدا بەشێکیان وەبەر کەوتبا، لە حاڵێکدا ئەوانو تەنانەت سەرکۆمارەکەیان خاوەنی دەسەڵاتو حاکمییەتێکی ئەوتۆ نیە تا لێی وەدەر کەون.

ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەم دوایی‌یەدا ڕوویان دا ئەو ڕاستی‌یە دەردەخەن کە ڕیفۆرم لە ئێراندا بە بنبەست گەیشتوە. کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هیوایان بەو ڕیفۆرمانە نەماوە. ڕیفۆرم تراویلکەیەك بوو کە ئێستا ڕەویوەتەوە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە خەڵك دەست لە ویستو داخوازەکانیان هەڵدەگرن، بەڵکوو ئەوە بەو مانایەیە کە خەڵك دەست لە ویستو داخوازیی ڕیفۆرمیستییانە هەڵدەگرن. چونکە دەزانن لە ژێر سێبەری ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەو ڕێگەی وەدیهاتنی ویستو داخوازەکانیان بە خەباتێکی قووڵو ڕادیکاڵانە لە دژی تەواوەتیی ئەو ڕێژیمە دەزانن.

****

# ڕاگەیەندراوێك لە سکرتاریای نێونەتەوەیی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسەوە

ئێران ٢٠٠٢/٧/٢٩

کۆنە پارێزانی ئێران بە دەستپێکردنەوەی هێرشێکی بەربلاو لە دژی سیاسەتی کرانەوەوریفۆرم لە وڵات دا،سەرکۆمار موحەممەدی‌خاتەمییان تەنگەتاوتر کردوە.

بزووتنەوەی ئازادیی ئیران(نهضت آزادی‌ایران)،هەڵوەشاوە ڕاگەیەندراو ڕێبەرە ئەسڵی‌یەکانی بە تاوانی جیاوازیی بیروباوەڕ حوکمی زیندانی دووروودرێژیان بە سەردا بڕا.هێندێك ڕۆژنامە،یەك لەوان ڕۆژنامەی"نوروز"کە ڕۆژنامەی سەر بە ریفۆرمخوازانی سەر بە بەرەی موشاریکەت بوو،داخرا.

هەموو ڕۆژێ شاهیدی دەربڕینی بیروبۆچوونی ڕێبەرانی پایەبەرزی مەزهەبی لە پێوەندی لەگەڵ مەحکووم کردنی بڕیارە ناعادیلانەکان و هەروەها لایەنگری لە ریفراندۆم بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ریفۆرمانەین.

حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە کە خۆی شاهیدی پێشوازیی خەڵکی ئێران لە ریفراندۆم وبەرەوپێشەوە چوونی ڕەوتی دێموکراتیزەکردن و سەربەخۆیی وئاسایشی وڵاتە،ئەو کردەوە یەك لە دوای یەکانەی لە دژی مافی مرۆڤ لە ئێران دا ئەنجام دەدرێن مەحکووم دەکا.

لە لایەکی دیکەوە داوا لە دەوڵەتی فەرانسەو یەکیەتیی ئورووپا دەکا کە بە پێی پەیمان و بەڵێنەکانیان لە وتووێژو هاوکاریی نێوان هەردوولا دا بەردەوام ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و دێموکراسی وەبیر کاربەدەستانی ئێران بێننەوەو پێ لە سەر پاراستنیان دابگرن.

حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە پشتیوانیی خۆی لە تەواوی ئەو کەسانەی بۆ ریفراندۆم و مودێرنیزە کردنی وڵات خەبات دەکەن ڕادەگەیەنێ.

****

# جینایەتێك لە ناوچەی بانە

بە گوێرەی هەواڵێك کە بە "کوردستان" گەیشتوە ڕۆژی ٨١/٥/١٢ کەسێك بە ناوی "موحسین مستەفازادە" کوڕی کەریم، خەڵکی بانە کە تەمەنی ١٩ ساڵ دەبێو خێزاندار بوو، بە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆرو داخ کردنی ژێر قاچەکانیو بێ حورمەتی پێ‌کردن، ئەسید بە سەروچاوی‌دا دەکەنو بە ٥ فیشەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی دێننو تەرمەکەی لە کێوی "جنێرە" فڕێ دەدەن. تا ئێستا ڕوون نیە کە ئەو جینایەتە کاری کێ‌یە. پیشەی ئەو کوڕە عەتیقە فرۆشتن بووە.

**"کوردستان"** بەم بۆنەیەوە وێڕای مەحکووم کردنی ئەم جینایەتە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی لاوی ناکام موحسین مستەفازادە دەکاو هاودەردیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەو کەسوکاری ڕادەگەیەنێ.

# لە ڕیزی کەسانی وەك ئایەتوڵڵا تاهیری‌دا، خەڵخاڵیی کۆنە جەللاد جێگایەکی نیە

ئەگەر خەڵخاڵی لە درێژایی دوو دەیەی ڕابردوودا، ئاوڕێکی لە پاشەوەی خۆی داباوەو بیرێکی لەو کردەوانە کردباوەو بە بۆنەی ئەو خوێنانەی ئاوا بە دڵڕەقی‌یەوەو بەناهەق ڕشتنیو ئەو گەنجانەی لەسەر هەقو ئازادیخوازی کوشتنی، تووشی عەزابی ویژدان هاتباو نەفرەتو بێزاریی لە ڕابردووی خۆی دەربڕیبا، دەکرا حیسابێکی دیکەی بۆ بکرێ. بەڵام هەروەك ٥ ساڵ لەمەوبەر لە وتووێژ لەگەڵ بەشی فارسیی رادیۆی B.B.Cدا لێمان بیست، لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە جینایەتانە نەك هەر پەشیمان نیە، بەڵکوو ویژدانی زۆریش ئاسوودەیە!(٢)

حیکمەتی دابڕانی خەڵخاڵی لە دەسەڵاتدارانی جینایەت پیشەو پاوانخوازی وەك خامەنەیی، ڕەفسەنجانی، یەزدی، جەننەتی، مشکینیو ئەوانەی ئەمڕۆ توندو قایم بە دەسەڵاتەوە نووساون، شتێکی دیکەیە. ئەگەر ئایەتوڵڵا مونتەزیری دژی کوشتاری زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان لە هاوینو پاییزی ١٣٦٧دا، دەنگی ڕەخنەی بەرز کردەوەو خوێنی خۆی لەلای خومەینیو موریدە هەلپەرستەکانی تاڵ کردو دواتریش ئامادە نەبوو لە ئاست بێ‌کیفایەتیی خامەنەییو شەریکەکانی لە دەسەڵاتدا بێ‌دەنگ بێ، هەر بۆیەش بوو بە خۆشەویستی خەڵكو کەوتە بەر ڕقو تووڕەیی دەسەڵاتداران؛ یا ئەگەر ئایەتوڵڵا تاهیری لە ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی چەند ساڵی ڕابردوودا هەمووکات لایەنی خەڵكو بزووتنەوەی ڕێفورمخوازیی گرتووەو دژی دیکتاتۆریو پاوانخوازی هەڵوێستی گرتووەو بەم جۆرە ڕیزی خۆی لە دەسەڵاتپەرستان جیا کردۆتەوە، خەڵخاڵی بە پێچەوانەی مەیلی خۆی لە گۆڕەپانی دەسەڵات وەدەرنراوە.

ئەو جەللادە ناسراوە هەر بەو هۆیەوەکە ناوەکەی سەمبولو مەزهەری دڵڕەقیو خوێن ڕشتنو ئیعدامی بە کۆمەڵ بووو جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانو سەرانسەری ئێرانی لە ساڵەکانی هەوەڵی دەسەڵاتدارەتیی ئەو ڕێژیمەدا وەبیر خەڵکی ئێرانو جیهان دێنایەوە، لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا لەلایەن بەڕێوەبەرانی ڕێژیمەوە لە مەیدان وەدەرنرا. ئەویش نەك بەو هۆیە کە جلەو بەدەستانی ئەوکاتی ڕێژیم بڕوایان بە کوشتاری موخالیفانو ئیعدامو سەرکوت نەبوو، ئەوان هەروەك بە کردەوە نیشانیان دا دەستیان لە هیچ ڕەفتارو جینایەتێك بۆ سەرکوتی موخالیفانو بەرەوپێش بردنی مەبەستەکانیان نەگێڕایەوە. بەڵام بەو هۆیەوە کە دەیانەویست بە ڕۆژ ئاوا نیشان بدەن دوای‌کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێرانو عێراقو هاتنە سەرکاری سەرکۆمارێکی "میانەڕەو"و "پراگماتیك"! وەزعەکە لەنێو خۆی ئێراندا گۆڕاوەو کەسانی وەك خەڵخاڵی کە باوەڕیان بە ڕەچاو کردنی هیچ چەشنە ڕێوشوێنێك بۆ لەنێو بردنی موخالیفانی نیزام نیە، وەلا نراون.

بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەو ڕاستی‌یانەش‌دا، هاودەنگیی خەڵخاڵیی جەللاد لەگەڵ کەسێکی بەڕێزی وەك ئایەتوڵڵا تاهیریو ژێستی موخالیفەتی ئەو کۆنە جینایەتکارە لەگەڵ وەلیی فەقیهو باندی پاوانخوازو دەسەڵاتپەرستدا مانایەکی زۆر ڕوونی هەیە، ئەویش ئەویە:

ئەوانەی ئێستا بە زۆرو زۆرداری بەسەر خەڵکی ئێراندا فەرمانڕەوایی دەکەنو جڵەوی کۆماری ئیسلامییان لەدەست دایە، بە بۆنەی چەندین ساڵ دژایەتی لەگەڵ هەموو مافو ئازادی‌یەکی خەڵکی ئێرانداو سەبارەت بەو هەموو جینایەتو ستەمەی کردوویانە، ئەوەندە لەبەرچاوی خەڵك بێزراون، کە بەربەرەکانیو دژایەتی کردن لەگەڵ ئەوان، ئیعتبارو خۆشەویستی لەنێو خەڵکدا پێك دێنێ بە جۆرێك کە ئەوانەی ڕۆژگارێك دەستیان بە کوشتنی ڕۆڵە شۆڕشگێڕو ئازادیخوازەکانی وڵاتەکەمان سوور کردوە، لە ڕێگای بەخۆوە گرتنی ڕۆاڵەتی ڕیفورمخوازانەو گرتنی ژێستی موخالیفەت لەگەڵ پاوانخوازان، بە خەیاڵی خۆیان دەیانەوێ لەنێو خەڵکدا خۆشەویستو خاوەن ڕێزو ئیعتبار بن.. بەڵام خەڵخاڵی دەبێ دڵنیا بێ ئەو ڕقو نەفرەتەی خەڵك لە خامەنەییو هاودەستەکانی با ئەوەندە زۆریش بێ، دیسانەکە ناتوانێ کارنامەو ماهییەتی ئەو و کەسانی وەك ئەویان لەبیر بباتەوەو ڕێزو خۆشەویستییان بۆ پێك بێنێ.

**(١) ڕۆژنامەی "امید جوان" ژمارە ٦٤، یەك شەمە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٧٦، دوالاپەڕە**


**(٢)وتوویژی "صادق صبا" هەواڵنووسی رادیۆی بی.بی.سی لەگەڵ خەڵخاڵی، شەوی ٥ شەمە ١٣٧٦/١١/٢٣**

## بەڕێوە چوونی جێژنی کۆتایی ساڵی خوێندنی ٨١ ـ ٨٠

کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندنی ٨١ ـ ٨٠ی هەتاوی‌و بۆ ڕێزنان لەو قوتابی‌و خوێندکارە کوردە ئێرانی‌یانەی سەرکەوتوانە لە قوتابخانەکانی خۆیان لە بنکەو کەمپە حیزبی‌یەکان‌و لەو قوتابخانەو زانستگاکانی کوردستانی عێراقدا خوێندنی ساڵی رابردوویان کۆتایی پێ هێنا، ئەمساڵیش وەك چەند ساڵی رابردوو ڕێورەسمی تایبەتی بەڕێوە برد. ئەو ڕێورەسمە ئێوارەی ڕۆژی ٨١/٥/٧، بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، بەرپرسانی کوڕی پەروەردەو فێرکردن، مامۆستایانی قوتابخانەکانی کەمپەکانی حیزب، قوتابیان‌و خوێندکارانی کوردی ئێرانی‌و ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزبی‌و بنەماڵەکانیان لە یەکێك لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی بەڕێوە چوو. لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا هاوڕێی تێکۆشەر کاك حەسەنی ڕەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و بەرپرسی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی وتارێکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

پاشان پەیامەکانی "کوڕی پەروەردەو فێرکردنی کوردستان"، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، قوتابیان‌و خوێندکاران"و بنەماڵەکان خوێندرایەوە. لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا، قوتابیان‌و خوێندکارانی هەڵبژاردەو سەرکەوتوو خەڵات کران. نێو ئاخنی ڕێورەسمەکە چەند سروودو گۆرانی بوو کە لە لایەن قوتابیانەوەو بە هاوکاریی کۆڕی هونەریی حیزبەوە پێشکەش کران. دوایین بەشی بەرنامەکە هەڵپەرکێی کیژان‌و کوڕانی دێموکرات بوو کە سەرنجی بەشدارانی ڕێورەسمەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

# وتەکانی هاوڕێی بەڕێز حەسەن ڕەستگار لە جێژنی قوتابیان‌و خوێندکاراندا





**بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبە تێکۆشەرەکەمان! بەڕێزان هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی‌و کومیتەی ناوەندی‌و ڕێبەرایەتیی حیزب! بەڕێزان کادرو پێشمەرگە قارەمانەکان! خۆشەویستان! بنەماڵەی قوتابیان‌و خوێندکاران! میوانە ئازیزەکان!**

بەخێرهاتنتان دەکەین‌و پێی خۆشحاڵین کە لە جێژنی سەرکەوتنی قوتابییان‌و خوێندکاراندا دەعوەتی ئێمەتان قبوول کردوەو تەشریفتان هێناوە. هەروەها لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە پیرۆزبایی سەرکەوتنی ساڵی خوێندنی ٨١ ـ ٨٠ بەو قوتابی‌و خوێندکارە خۆشەویستانە دەڵێم کە بە سەرکەوتنەوە کۆتایی‌یان بە خوێندنی ئەوساڵ هێناوە.

حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تاریخی دروست بوونی ڕا تا ئێستا شانازی زۆری هەیە سەبارەت بە خزمەت کردن بە میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران، بەڵام ئەگەر یەکێك لە هەرە شانازی‌یە گەورەکان بۆ حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە حیساب بێنین، یان ناوی بەرین پێکهێنانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرتاسەریی کوردستانە. ڕەنگە ئەو کات کە ئەو کۆڕە پێك هات‌و لە لایەن حیزبی دێمۆکراتەوە پشتیوانی لێ کراو پەرەی پێدرا، کەم کەس بیری لەوە دەکردەوە کە هەتا ئەو ڕادەیە کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرانسەری کوردستان ئەو ئەهمییەت‌و گرنگی‌یەی هەبێ. هەروەها ڕنگە مامۆستایانی ئەو کۆڕەو بەڕێوەبەرانی کۆڕی پەروەردەی سەرانسەری کوردستان خۆیان بەو جۆرەی کە پێویستە گرنگی دامەزران‌و پێکهێنانی ئەو کۆڕەیان بۆ دەرنەکەوتبێ. بەڵام ساڵ بە ساڵ گرنگی‌و ئەهمییەتی کۆڕی پەروەردی سەرانسەری کوردستان زیاتر دەردەکەوێ. ئەم کۆڕە لە تەمەنی پێکهێنانی ڕا تا ئێستا بە هەزاران منداڵ‌و گەورەی فێری خوێندن‌و نووسینی کوردی کردوە. ئەو کۆڕە بە هەزاران منداڵی کوردی لە کلاسەکانی سەرەتایی خوێندندا پەروەردە کردوەو فێری نووسین‌و خوێندنەوەی بە زمانی زگماکی کردوە. لە سایەی بوونی ئەو کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی سەرتاسەری کوردستانەوەیە کە بە سەدان دیپلۆم لە دەرەوەو ژوورەوەو لێرە خزمەت دەکەن‌و هەر ئەو کۆڕی پەروەردەی سەرتاسەری کوردستانە کە بە دەیان لیسانس‌و دوکتۆرو دوکتۆرای پەروەردە کردوە. ئەگەر بمانەوێ خزمەتەکانی ئەو کۆڕە کە بە پشتیوانیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێك هاتووەو پەرەی گرتوەو درێژە بە خزمەتەکانی دەدا، باس بکەین، یەکجار زۆرە. ڕۆژێك دادێ کە ئەهمییەت‌و گرنگیی ئەو کۆڕەو کارو تێکۆشانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەم بارەوە بۆ نەوەی داهاتوو دەردەکەوێ.

ئێوە سەرنج بدەن گۆشەیەکی هەرە چکۆلە لە تێکۆشانی مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان کە لە فیلمێکدا دەردەکەوێ بە نێوی تەختە ڕەش یان تەختە سیاە، جایزەی هەوەڵی نێونەتەوەیی وەردەگرێ و ئەگەر بوار هەبوایە، ڕەنگە زۆر بەرەوپێشتر چووبایەو تەبلیغاتی زۆرتری لەسەر کرابایە. مامۆستایانی کۆڕی پەروەردەو فێرکردنی ئێمە، بە دەیان‌و سەدان‌و هەزاران سەحنەی ئاوایان لە تاریخی ئەو بیست‌و چەند ساڵەی بزووتنەوەی کوردستاندا تۆمار کردوە. بە سەرمای زستان، بە بارانی بەهارو پاییزان لەبەر ڕەهێڵەی تۆپ‌و خۆمپارەو گوللە بارانی دوژمندا دێ بە دێ، لە خانووی تاریك‌و قورماویدا درێژەیان داوە بە خزمەتی هەرە بەرچاوو ئەرکی نیشتمانی کە بریتی‌یە لە پەروەردەکردنی منالانی کوردستان بە زمانی زگماکیی خۆیان‌و ئامادە کردنیان بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی نیشتمانی لە داهاتوودا.

دیارە ڕەنگە وابیر بکرێتەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە دانانی بەندێك لە قانوونی ئەساسی‌دا ماوەی داوە کە زمانی خوێندن‌و نووسین بە زمانی زگماکی غەیرە فارسەکان بەڕێوە بچێ. بەڵام هەموومان دەزانین لەو بیست‌و چەند ساڵەی ڕابردوودا، ڕێژیم نە تەنیا هیچ هەنگاوێکی بۆ پێش‌خستنی ئەو بەندە لە قانوونی ئەساسی‌دا هەڵ نەهێناوەتەوە، بەڵکوو زۆریش گێرەشێوێنی کردوە کە زمان‌و ئەدەبی نەتەوەکانی غەیرە فارس گەشە نەکاو پەروەردە نەبێ‌و ئەگەر هەر ببێ یەکگرتوو نەبێ. بەڵام دڵسۆزانی کورد لە هەموو بوارەکاندا هەوڵیان داوە، تەنانەت لە ماڵان مەدرەسەی کوردییان داناوە بۆوەی بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیم بکەن‌و زمان‌و ئەدەبی کوردی پەرە پێبدەن‌و گەشاوەی بکەن.

دیارە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی هەر لە باری فەرهەنگ‌و ئەدەبیات‌و زمانەوە زەربەی لە گەلانی ئێران نەداوە،



بەڵکوو لە هەموو بوارەکانی ژیانداو لە هەموو مەسەلە ئەساسی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا نەتەنیا بەرەوپێش نەچووە، بەڵکوو پاشەکشەشی کردوە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو دیپلۆمانە کە ناتوانن بچن لە دانشگاکان بخوێنن، تێکەڵ بە لەشکری بێکاران لە ئێراندا دەبن. تەنانەت ئەوانەی لە دانشگاکانیش دەردەچن، بۆ کەم لەوانە لە دەزگاکانی ئێراندا کار هەیە. بەشێکی هەرە زۆر لەوانەش دەچنە سەر لەشکری بێکاران لە ئێراندا. سەرەڕای ئەوەش پسپۆڕان‌و موتوخەسسینی ئێرانی کە دەبینن ئەو هەموو زەبرو زەنگ‌و حەق کوژی‌یە لە ئێراندا هەیە، بەناچار ڕێگەی دەرچوون لە ئێران دەگرنە بەرو دەچنە وڵاتەکانی ڕۆژئاوایی‌و لەوێ تەخەسوسی خۆیان بەکار دێنن.

مامۆستایانی قوتابخانەکان کە دەبوایە ژیانی ئاسوودەیان هەبوایەو ڕێژیم پێیان ڕاگەیشتبایە، چونکە نەوەی دوارۆژی وڵات پەروەردە دەکەن، وەزعیان یەکجار شڕوشپرزەیە. ئەو حوقووق‌و مانگانەیەی کە دەیان دەنێ یەکجار زۆر لەخوارێیە. وە ئەگەر ناڕەزایی دەردەبڕن‌و دێنە خیابانەکان بۆ ئەوە بتوانن باری ژیانی خۆیان بەرنەسەرێ، دەکەونە بەر زەبروزەنگی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم‌و بە حەبس‌و لێدان مەحکووم دەکرێن. نەتەنیا هەر مامۆستایان، بەڵکوو وەزعی کارمەندانی ڕێژیمیش لەوە باشتر نیە. هەر بۆیە بەرتیل‌و بەرتیلخۆری لە هەموو دەزگاکانی ڕێژیمدا سەری هەڵداوەو تەنانەت سەرانی ڕێژیمیشی گرتۆتەوەو ئەو پەروەندانەی کە جاروبار دەردەکەوێ نیشان دەدا کە فەسادو ڕیشوەخۆری تا چ ئەندازەیەك گەیشتۆتە قووڵایی دەزگاکانی ڕێژیم. وەزعی کرێکاران لە ئێراندا لەوانی دیکە باشتر نیە. کرێکاران جاری وا هەیە بە چەند مانگ ئەو حوقووقە کەمەی دەیان درێتێ، وەری ناگرن. بۆیە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دێنە خیابانەکان‌و دژی ڕێژیم شوعار دەدەن. ئەوانیش بە سەدانیان لێ‌دەگیرێ‌و ئەشکەنجە دەکرێن‌و سووکایەتییان پێدەکرێ.

نەتەنیا هەر ئەمانە، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، نووسەران تەنانەت وەکیلەکانی دادگوستەرییش پەروەندە سازییان بۆ دەکرێ‌و بە حەبس‌و جەریمەو تەنانەت هێندێك لەوان بە شەللاق لێدان مەحکووم دەکرێن. هەمووی ئەوانە ناڕەزایەتی‌یەکی یەکجار قووڵیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەگشتی‌و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی پێك هێناوە. خەباتی وشیارانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران گەیشتۆتە ڕادەیەك کە ڕەوتی ئیسلاح تەڵەبی بە یەکجاری شکستی هێناوە. نەتەنیا هەر ئەوە بەڵکوو بەشێکی بەرچاویش لەو کەسانەی کە پێیان دەگوترێ ئیسلاح تەڵەب گەیشتوونەتە ئەو نەتیجەیەی کە ئیتر ڕێگایەك بۆ ئیسلاحی ڕێژیم نەماوەتەوە. سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەوە باشتر نیە. زەمانێك کە زەمزەمەی سیاسەتی " تشنج زدایی"یان هێناگۆڕێ بۆ ماوەیەك توانییان هێندێك لە وڵاتانی موعامەلەگەرو سەوداگەرو قازانج پەرست هەڵخەڵەتێنن. بەڵام بە دوای ڕووداوی گرنگی یازدەی سێپتامبری ئەمریکادا، بەرە بەرە ئەو سیاسەت‌و مانۆڕانەش ڕەنگیان نەماو ئەوانەی کە ساتوسەودا لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمییان داوە. هەر بۆیە ئێستا کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە گشتی‌و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بە ڕێنوێنی‌و فیداکاری خوێندکاران، قوتابییان‌و ژنان‌و کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی ئێران هاتوونە مەیدان‌و دەیانەوێ ئەو سیستمە زاڵمانەیەو ئەو سیستمە دیکتاتۆری‌یە کە ماوەیەکی یەکجار زۆرەو زیاتر لە ٢٠ ساڵە بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران‌و کوردستاندا سەپاوە، لای بەرن.

بای گۆڕان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەوژم پەیدا دەکاو خوێندکاران‌و خوێندەواران کە ئەوانەی ئێمەش کە ساڵی خوێندنیان تەواو کردوەو ساڵەکانی دی تەواوی دەکەن بەشێك لە پێشڕەوانی ئەو قافڵەیەن کە هیواداریین خۆیان بۆ ئەو ڕۆژە کە ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی شکست پێ دێنن، ئامادە بکەن.

دیسان لێرەوە وێڕای پیرۆزبایی لە قوتابی‌یە خۆشەویستەکان بە بۆنەی دەرچوونیان، بە بۆنەی سەرکەوتنی ئەوساڵەیان هەروەها سوپاس بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانمان، سوپاس بۆ ئەندامانی کۆڕو هەموو ئەو مامۆستایانەی چ لە کۆنەوەو چ ئێستا زەحمەتیان کێشاوە بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکان‌و پەرەپێدانی زمان‌و ئەدەبی کوردی سوپاسیان دەکەین. هیواداریین هەروەك جێ‌پەنجەیان لە گۆڕان لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا دیارە هەروا درێژەی هەبێ .

❋❋❋❋

هەر لە کۆمۆنی سەرەتایی‌یەوە کە بناغەی خێزان دارێژراوە، خێزان بۆتە چوارچێوەیەکی پیرۆزو پەناگەیەکی ئەمن، جێگای فێربوون، گەشەکردن، پەروەردەکردن، حەسانەوە،گیرسانەوەو هەروەها جێگایەك کە پایەو بناغەی کەسایەتیی تێدا دادەڕێژرێو پتەو دەبێ. لە خێزاندا منداڵ بە کچو کوڕەوە لە باری پێراگەیشتنی بێهداشتی جیسمیو دەروونی‌یەوە یارمەتی دەدرێتو تا ئەو جێگایەی کە پێویست بێ فەزایەکی پڕ لە عاتیفەو سۆزی بۆ دابین دەکرێ. لەڕاستی‌دا بناغەی بەهێز کردنی هۆشو ئیستیعدادی منداڵ سەرەتا لە نێو خێزاندا دادەنرێو پاشان لە ناوەندەکانی بارهێنانو فێرکردندا گەشە دەکا.

پرسیار ئەوەیە، ئەگەر وایە بۆ ئەو باڵندە تازە باڵ کردوانە، لە هێلانەی گەرمی بنەماڵە دەتارێنو باوەشی گەرمو پڕ لە خۆشەویستیی دایكو باب بەجێ دێڵن، شوێنێك بۆ ژیان هەڵدەبژێرن کە شوێنەوارێك لە خۆشەویستیو سۆزی تێدا بەدی نەکرێ؟ بەڕاستی چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوە کچانو کوڕان لە ماڵ بێزارو پەرتەوازەی ئەملاو ئەو لا بن؟ هۆی جۆراوجۆر بۆ گرتنە پێشی ئەم دیاردەیە لە گۆڕێدان. بەرتەسكو بەرتەنگ بوونی کەشوهەوای ماڵ لە هەموو بارێکەوە هاندەری سەرەکی‌یە بۆ ئەوەی منداڵان ماڵ بەجێ بێڵنو کەشوهەوایەکی بەرینترو ئازادتر هەڵ بژێرن تا بتوانن بە مەیلو ویستی خۆیان ئەسپی ئارەزووەکانیان لە مەیدان لینگ بدەن.

# ڕاکردنی کچانو کوڕان لە ماڵەوە

# دیاردەیەکی دزێوی دیکەی کۆمەڵایەتی

خەدیجە مەعزوور

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی، ساڵانە زیاتر لە یەك میلیون مێرمنداڵیش ١٣ ـ ١٩ ساڵە لە ماڵ ڕادەکەن کە زۆربەیان ئەو لە تەمەنی ١٤ ـ ١٧ ساڵ دان کە لە نێو ئەوان ٧٤٪ یان کچو ٢٦٪یشیان کوڕن.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا، دیاردەی هەڵاتن لە نێو کچانو کوڕاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ کە خەڵکی ئێرانو بەتایبەت بنەماڵەکانی نیگەران کردوە. دیاردەی هەڵاتن لە ئێراندا زیاتر لە وەرزی گەرمادا دەست پێدەکا. (لە مانگی جۆزەردان تا ئاخری مانگی خەرمانان) ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی لە شاری تاراندا ٩٠٠ کچی هەڵاتو لە لایەن پولیسەوە دەسگیر کراون. ئەو دیاردەیە هەر لە شاری تاراندا بەرچاو ناکەوێ، بەڵکوو ئەو لێکۆلینەوانەی لەو بوارەدا کراون، نیشان دەدەن ٧٣٪ی ئەو کەسانەی لە ماڵەوە هەڵ دێن لە ئوستانەکانی وەك تاران، مەرکەزی، لوڕستان، خوراسانو ٢٥٪یشیان لە ئوستانەکانی دیکەی ئێرانو ٢٪یشیان لەو بێگانانەن کە لە ئێراندا دەژین، وەك ئەفغانی‌یەکانو . . . بە پێی قسەی کۆمەڵناسانو ناوەندەکانی پێراگەیشتن بەم کچو کوڕە هەڵاتوانە، ٩٠٪ی ئەو مێرمنداڵو لاوانە لە رابردوودا کەتنێکیان کردوە.

لێکۆلەرەوە ئێرانیو خاریجی‌یەکان لە لێکۆلینەوەکانیاندا کە لە سەر ئەم دیاردەیە ئەنجامیان داوە، بەو ئاکامە گەیشتون کە لە بنەماڵەیەکی پڕحەشیمەتو بەرتەسكدا مەیلی منداڵ بە هەڵاتن لە ماڵ زۆر دەکا. پسپۆرو "آسیب شناس"ی ئینگلیسی، "خانمی بارربارراتون"، دوای لێکۆلینەوەو موتالیعە کردن لەو پێوەندی‌یەدا، بۆی دەرکەوتوە کە چەند هۆیەك زیاتر لە هۆیەکانی دیکە لە سەر منداڵ شوێن دادەنێنو بیری منداڵ بۆ لای کاری چەوتو ناپەسند ڕادەکێشن، وەك نزمیی ئاستی خوێندەواریی خێزان، جۆری کار یا شوغلی ئەندامانی خێزان، نەبوونی لێك تێگەیشتن لە نێوان ژنو مێرد، بوونی جیاوازیی تەمەن لە نێوان منداڵدا، پڕ حەشیمەت بوونی‌خێزان، پێرانەگەیشتنی دروستو یاسایی بە منداڵان لە لایەن دەسەڵاتی حاکم، هەژارو فەقیر بوونی بنەماڵە، ئازارو ئەشکەنجە دانی روحیو جیسمیی منداڵو هەڵسوکەوتی سەرەرۆیانە لەگەڵ منداڵ. هەر یەك لەو هۆیانە یەك یەكو پێکەوە، شوێنەواری نالەباریان لە سەر هەڵاتنی کچانو کوڕان لە ماڵەوە هەیە، بەڵام هۆیە سەرەکی‌یەکانی پەرەگرتنی زیاتری ئەم دیاردەیە ١ـ بوونی بنەماڵەیەکی ناسالم، وەك باو بوونی فەحشاو لەشفرۆشی لە نێو خێزاندا یا موعتاد بوونی دایكو باب بە یەکێك لە ماددەبێهۆشکەرەکانو یا کارکردنی یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵە ل باندە مافیایی‌یەکانی قاچاغی مەوادی موخەدیر ٢ـ بوونی خێزانێکی پڕحەشیمەتو پێکەوە ژیان لە فەزایەکی تەنگو پڕ لە زەبروزەنگو هەروەها هەڵسوکەوتی چەوتو نادرست لەگەڵ منداڵ لەم سەردەمەدا.

ئەگەر دایكو باب لە بواری کۆمەڵایەتی‌یەوە لاواز بن، کەشوهەوای ژیانی منداڵان بۆ جموجۆڵ بەرتەسك بێو بە گوێرەی پێویست پێداویستی‌یەکانی منداڵان لە باری ماددیو مەعنەوی‌یەوە دابین، لە باری بێهداشتی دەروونەوە بە شێوەی گونجاو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەکرێ، منداڵان لەم شێوە خێزانە پڕحەشیمەتو نالەبارەدا شاهیدی هەڵسوکەوتی نادروستو نابەجێی دایكو باب یا ئەفرادی دیکەی ماڵەوە دەبنو لەئاکامدا ئەم هۆکارانە، لە سەر دەروونی بێخۆ=ەوشیان شوێنەواری مەنفیو خراپ دادەنێن، دایكو باب لە خێزانی پڕحەشیمەتدا بە سەر ئاکارو کردەوەی منداڵەکانیاندا کۆنترولیان نیەو لە بەرامبەریاندا کەمتر هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن، لەو جۆرە خێزانانەدا بارهێنانو پەروەردەکردنی منداڵ بە لای دایكو بابەوە گرینگی‌یەکی ئەوتۆی نیە. کاتێك منداڵ لە بواری ماددی‌یەوە دابین نەکرێو لە عاتیفەو سۆزی دایكو باب بێبەریی بێ، پێداویستی‌یەکانی ژیانی بۆ دابین نەکرێنو لە بەرامبەر کارە هەڵەکانی‌دا کەس خۆی بە بەرپرس نەزانێ لە هەولی بارهێنانو پەروەردەکردنی بە گوێرەی پێویستیی سەردەم نەبێ، و یا خودی دایكو باب فشارو زەخت بخەنە سەر منداڵان تا لەشیان بدەنە بەر کاری دژوارو تەنانەت ناپەسند، ئایا منداڵ بەو هەموو کەموکوریو بێبەشی‌یەدا بە شێوەیەکی نۆرماڵ گەورە دەبێو بۆ هەمیشە تەحەمولی ژیانێکی لەم چەشنە دەکا؟ یا بەرو بووی خێزانێکی ئەوتۆ چی دەبێ؟

بەدەگمەن هەڵ دەکەوێ منداڵانی پەروەردە بوو لە کەشوهەوای ئەوتۆدا لە باری دەروونی‌یەوە سەلامەت بنو تووشی گرێی روحیو دەروونی نەبن. کچانو کوڕان بنەماڵەی ئەوتۆ، یەکەم هەنگاو کە هەلی دێننەوە بۆ رزگار بوون لە چنگ ئەم وەزعەو رەواندنەوەی گرێی دەروونو گەیشتن بە ویستو ئارەزووەکانیانە. هەربۆیە مەیلیان بۆ لای فەزای نادیارو نائاشنای دیکە بە ناوی "دەرەوەی ماڵ"، دەچێ. لەڕاستی‌دا بەو ئاکامە دەگەن کە "هەڵاتن" لە ماڵو بێدەنگ نەبوون لە بەرامبەر فشارو بێبەشی‌دا، بە ڕێگا چارەیەکی باشتر بزانن.

لێکۆلینەوەکان نیشان دەدەن: "زیاتر لە ٩٠٪ی ئەو مێرمنداڵانەی بەهۆی ئەوەی ناوێرن ئازارە جیسمیو جینسیو روحی‌یەکانیان لەگەڵ کەسوکارو نزیکانیان بێننە گۆر، لە ماڵەوە هەڵ دێن." مێرمنداڵان بە تەمای رزگار بوون لە چنگ ئەو وەزعەو گەیشتن بە داهاتوویەکی روون، سەودای دەرەوەی ماڵ لە سەریان دەداو روو لە دنیایەکی بێگانەو نامۆ دەکەن کە لەگەڵ روحیەو ئارەزووەکانیان نایەتەوە. بۆیە هەر زوو مرۆڤەکان ناوی کچی "بەرەڵڵا" یا "فراری"یان بەسەردا دەبرێ. بە پێی فەرهەنگو دابونەریتی باوی وڵاتەکەمان ئەم دیاردەیە نەتەنیا لە نێو خەڵكو کۆمەڵدا بە چاوێکی نزم سەیر دەکرێ. بەڵکوو دەبێتە پەلەیەکی نەنگو بۆ هەمیشە بە نێو چاوانی ئەو کەسانەوە دەمێنێتەوە.

دیاردەی هەڵاتن وەك یەکێك لە دیاردە دزێوو ناپەسندە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکە نائاسایی سەیری دەکرێ. بنەماڵەکان زۆر جار لە جیاتی ئەوەی بۆ رزگاریی ئەو کچو کوڕە هەڵاتووانەیان بەشێوەیەکی دروستو بەجێ رەفتار بکەنو ڕێگا چارەیەکی گونجاوو ژێرانە بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە هەڵسوکەوتێکی توندو تیژیان لەگەڵ دەکەن. ئاکامەکەشی ئەوەیە ئەو کچو کوڕانە بە یەکجاری پشت لە چوارچێوەی ماڵ دەکەنو بە هیوای دۆزینەوەی "بەهەشتی مەوعود"، خۆیان لە جەهەنەمێکی ترسناكدا دەبیننەوەو رزگار بوونیشیان دژوار دەبێ.

ئەو منداڵانەی لە ماڵەوە هەڵ دێن زۆر جار مەبەستی خۆیان لە هەڵاتن لە ماڵەوە رادەگەیەنن. لە سەر ئەندامانی خێزانە بە رەفتاری دروستی خۆیان بەر بەو کارەیان بگرن. زۆربەی ئەو منداڵانە بەنییەتی خراپ هەڵ نایەن، یا بۆ ئەوە هەڵ نایەن کە ناوبانگو سەروەتو سامانیان چنگ کەوێ، بەڵکوو هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەی پێکرا فشارو زەختی لە رادە بەدەر وایان لێ دەکا ماڵ بە جێبێلن. بەڵام پێش ئەوەی ئەم بڕیارەیان سەر بگرێ، دەبێ یەشێوەیەکی گونجاو بەهۆی کەسوکاریانەوە قسەیان لەگەڵ بکرێو بە دایم هەڵسوکەوتیان بخرێتە ژێر چاوەدێری‌یەوە. هەموو لایەنە مەنفی‌یەکانی هەڵاتن لە ماڵەوەیان بۆ دەست نیشان بکرێن. بۆ ئەوەی لە ماڵەوە هەڵ نەیەن بە گوێرەی توانا و ویستو ئارەزووەکانیان دابین بکرێن. لەڕاستی‌دا لە لایەك ئەرکی دایكو بابەکانە بە رەفتارو کردەوەکانی خۆیان دا بێنەوەو هەڵسوکەوتی خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیان بەتایبەت لەگەڵ کچەکانیان باشتر بکەنو لە لایەکی دیکەوە ڕێگای بەربەرەکانیو ڕاهاتن لەگەڵ گیروگرفتو تەنگو چەڵەمەکاندا فێری منداڵەکانیان بکەن.

**سەرچاوەکان:**

**١ـ رۆژنامەی "همبستگی"**

**٢ـ گوڤاری "مردم و زندگی"**

❋❋❋❋

# وڵاتی پشوو

ع. باڵەکی

ساڵی ١٣٨١ بە ڕواڵەت ٢٥ ڕۆژ پشووی ڕەسمی تێدایە. ئەڵبەتە ئەوەش بڵێین کە ئەو ٢٥ ڕۆژە جیا لە ڕۆژانی هەینی‌یەو ئەگەر ساڵێکی هەتاوی ٥٢ ڕۆژی هەینی تێدابێ، ٥٢ پێنجشەممۆشی تێدا دەبێو لەو ڕۆژەدا زۆربەی ئیدارەکان داخراون.

ئەگەر کۆی ئەو ڕۆژانە حیساب بکەین دەبێتە ١٢٩ ڕۆژ لە ساڵداو ئەوە لە حاڵێك دایە کە ساڵێکی هەتاوی ٣٦٥ ڕۆژەو ئەگەر ڕۆژانی پشوو بە دەرسەد حیساب بکەین دەبێتە ٣٥/٣٪و ئەم مەسەلەیە ئەوە دەگەیەنێ کە لانی‌کەم لەم بارەوە خاوەن ڕکوردین. کاتێك دەبیسین کە ژاپۆنی‌یەکان تەلەویزیۆنێکیان دروست کردوە بە ئەندازەی قوتوە شەمچەیەك، دڵمان دەگیرێو ئەژنۆی غەم لە باوەش دەگرین. جا چا نەبوو کابرای دۆست بە فریام کەوتو گوتی: "نەزان بۆ ئاوا ئەژنۆی غەمت لە باوەش گرتووەو غەمبار دانیشتوی، وڵاتی ئێمەش بۆ ئەوەی لە ژاپۆن جێ نەمێنێ قوتوە شەمچەیەکیان درۆست کردوە بە ئەندازەی تەلەویزیۆنێك!" و ئێستا من قەرارە بچمە لای ئەو دۆستەو بڵێم بۆ دانیشتوی بە غەمباری ئێمەش لە باری ڕێژەی ڕۆژانی پشووەوە لە هەموو دنیا لە پێشترین.

ئەگەر وا دابینێین لە ساڵێکی هەتاوی‌دا وەرزێکی زستان هەیەو بەهۆی بارینی بەفر، هەستانی سێلاوو ڕووداوە سروشتی‌یەکانی دیکەوە ٧ ڕۆژ بە تەعتیلی‌یەکان زیاد بکەین ئەوا ژمارەی ئەو ڕۆژانە دەبنە ١٣٦ ڕۆژو ئەگەر بۆ هەموو وەرزی پاییزیش ٥ ڕۆژ بەو حیسابە زیاد بکەین دەبێتە ١٤١ ڕۆژ. لە وەرزی بەهاردا ٥ ڕۆژ پشووی ڕەسمی نووسراوە، بەڵام هەموو کەس دەزانێ کە نەورۆزان ١٣ ڕۆژ لە ئێراندا پشوودانە، چونکە ئەوانەی دەچنە سەفەر ڕۆژی ١٤یەم نە ماشینیان گیر دەکەوێ، نە بلیتی قەتارو فڕۆکەو چون باوەڕیشیان بە شۆفێری شەخسی نیە "١٤و ١٥"ش زیاد دەبێ. بە کورتی لە نەورۆزدا ١٥ ڕۆژ پشوو یەنە بۆ وێنە باسی وەزارەتی پەروەردە بکەین ٥ ڕۆژو ئەگەر ئەو ١٥ ڕۆژەش بە ڕۆژانی تەعتیل زیاد بکەین ڕادەی ئەو ڕۆژانەی خۆ لە ١٥١ ڕۆژ دەدەنو ئەگەر هێندێك وردی بکەینەوەو وەزارەتی پەروەردە بۆ وێنە باس بکەین، مامۆستایانی زاناو تێکۆشەرو ماندوویی نەناس جگە لەو ١٥١ ڕۆژە، ٩٣ ڕۆژ پشووی هاوینیشیان هەیە کە کۆی ڕۆژانی پشوویان دەبێتە ٢٩٤ ڕۆژو ئەگەر قوتابخانەکان لە ١٥ی جۆزەرداندا تەعتیل بن، ١٥ ڕۆژی دیکەش زیاد بکەین، بەو جۆرە ڕێژەی ئەو ڕۆژانە خۆ لە ٣٠٩ ڕۆژ دەدەن؛ ئەڵبەتە لە ٣٠٩ ڕۆژ دەبێ ٢٤ ڕۆژ کەم بکەینەوە، چونکە ٢٤ پێنجشەممۆو هەینی تێدایە کە پێشتر حیسابمان کردووەو ئەگەر ئەو ٢٤ ڕۆژە کەم بکرێتەوە کۆی ئەو ڕۆژانە دەبنە ٢٨٥ ڕۆژ، هەر مانگێك ٣٠ ڕۆژەو ئەگەر ٢٨٥ بە سەر٣٠دا دابەش بکەین بکەین ئاکام دەبێتە ژمارەیەك نێزیك بە ٩/٥ مانگ پشوو؛ ئەوە نەتەنیا مامۆستایان بەڵکوو بەشێکی زۆری مووچە خۆرانی دیکەش دەگرێتەوە. هەر مووچە خۆرێك لە ساڵدا مانگێك هەقی مەرەخەسی هەیەو ئەگەر لەگەڵ چەند دوکتورو پەرستارو دۆست بێ، مانگێکیش مەرەخەسی بۆ چارەی نەخۆشیو ئەگەر گیروگرفتێکی بۆ بێتە پێش مانگێکیش مەرەخەسی بێ مووچە وەردەگرێو ئەگەر مووچە خۆرەکە ژن بێ ٣ مانگ مەرەخەسی بۆ منداڵ بوونو ٧ مانگ بۆ شیردانو سەدان ئەگەری دیکە. جا تو خوا وڵاتی ئێمە وڵاتی پشوو نیە!

**سەرچاوە:**

**مانگنامەی ئاشنا ژمارە ٦٩**

❋❋❋❋

# ئەمریکا ستراتیژیی خۆی لەسەر ئێران دەگۆڕێ

"واشنگتۆن پۆست" ٢٣ی ژولای ٢٠٠٢ وەرگێڕ: جەعفەر حامێدی

**ئەمریکایی‌یەکان باوەڕیان بەوە لە دەست داوە کە ئاغای موحەممەد خاتەمی بتوانێ ڕیفۆرم لە نێوخۆی ئێراندا پێك بێنێ.**

**گرتنە پێشی سیاسەتێکی تازە**

بەشی ئیداریی دەزگای حکوومەتی سەرۆك بووش ئومێدی ئەوەی لەدەست داوە کە هیوایەك بەدی بکا لە هاوکاریی لەگەڵ ئاغای موحوممەد خاتەمیو لایەنگرە ریفۆرمخوازەکانی لە حکوومەتی ئێراندا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ڕەسمی لە دەزگای ئیداریی حکوومەتی ئەمریکا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی خۆشە بە جێگای ئەوەی هەروا چاوەڕوان بمێنێتەوە، ڕاستەوخۆ بیکێشێ بۆ لای لایەنگرانی دێموکراسی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا. ئەو سەرچاوەیە ڕادەگەیەنێ کە بەم جۆرە ئەمریکا کۆتایی دێنێ بە پرۆسەی سیاسەتی ئەم ٥ ساڵە کە [ئەمریکا] پێی وابوو دەتوانێ بە دیتنەوەی میتۆدی جۆراوجۆر هاوکاری بکا لەگەڵ خاتەمیو کار بۆ ڕیفۆرم بەهێز بکا.

سەرچاوەکە هەروا ڕادەگەیەنێ: لەم دوایانەدا حکوومەتی جۆرج دەبلیو بووش دەستی داوەتە هەڵسەنگاندنو لێکدانەوەی بۆچوونەکانیان لەپێوەندی لەگەڵ ئێراندا. ئێستا پرسیار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەیە کە: ئەمریکا دەبێ ئەو خەتە روونو ئاشکرایە درێژە بدا کە ئێران، عێراقو کووریای باکووری پێشتر پێ وەسف کردبوو. بەڵام ئەم جارە بە ئاغای خاتەمییشەوە.

جۆرج دەبلیو بووشو ڕاوێژکارە بە دەسەڵاتەکانی بەو ئاکامە گەیشتوون کە "خاتەمیو لایەنگرانی زۆر لاواز، بێتەئسیرو بێخاسیەتنو بۆ ئەوە نابن بەڵێنەکانیان بەجێ بگەیەنن".

هەربۆیە لە جیاتی چاوەڕوانی بە دوای خاتەمی‌داو ئومێد بەوە کە خاتەمی دەتوانێ کۆمەڵی ئێران بەرەو دێموکراسی بگۆڕێ، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری خۆی داوە کە "خۆی گرێ بدا بە هیواو ئاواتەکانی خەڵکی ئێران". وەزیرێکی کۆشکی سپی دەڵێ بە مانایەکی دیکە ئەمریکا دەیەوێ کۆتایی بێنێ بە خۆ مەشغووڵ کردن بە کێشەی نێوان قۆڵەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە.

بووش بە توندی لە دژی ڕابەرانی ئێران ڕادەوەستێو دەڵێ: [ئەوان] درێژە بە سیاسەتی دژی ڕیفۆرم دەدەن.

بووش دەڵێ عاقڵانەتر ئەوەیە کە گوێ بۆ خەڵکی ئێران ڕابگرین کە دۆستێکی باشتر لە ئەمریکایان وەگیر ناکەوێ.

بووش ئەو کاتە بە جوانی نەزەری خۆی روون کردەوە کە لایەنگرانی دێموکراسی لە ئاخرین خۆپیشاندانەکاندا بە گژی هێزەکانی ڕێژیمدا هاتنەوە.

واشنگتن پۆست لە درێژەی وتارەکەی‌دا دەنووسێ:

لەگەڵ ئەوەش‌دا ئەم سیاسەتە نوێیەی ئەمریکا وەرچەرخانێکی ئاشکرایە لە سیاسەتی وەزارەتی دەرەوەدا کە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە گەیشتن بە وتووێژو دیالۆگ لەگەڵ خاتەمیی گرتبووە پێش.

❋❋❋❋

# خۆکوژەکان وەک مەتەڵ وان بۆ لێکۆڵەران

# خۆکوژەکان مرۆڤی سەربە توێژە جۆراوجۆرەکانن

سەرچاوە: رۆژنامەی مێترۆی شاری ستۆکهۆڵم ٢٠٠٢/٤/١١
نوسینی: ئیلوا یوهنسون
وەرگێڕان: ساڵە نەلۆسی ـ سوید

رۆژی ٢٠٠٢/٤/١٠ دوای تێپەڕ بوونی دوو حەوتوو لە هێرشی ئیسرائیلەیەکان بۆ سەر ناوچەکانی فەلەستین هێرشێکی خۆکوژی کرایە سەر ئوتوبووسێك لە نزیك شاری حەیفا کە لەو هێرشەدا ٨ کەسی بێتاوانو نەفەری هێرشکەر گیانیان لە دەست دا. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە ئاریەڵ مەراری لە بەشی دەروونناسی سیاسی لە زاستگەی "تێل ئاڤیڤ" لە سەر ٧٤ خۆکوژی دانیشتوی لوبنانو ئیسرائیل کردوویەتی دەڵێ: ئەو کەسانەی خۆیان دەتەقێننەوە تەنیا لە دوو لایەنی ژیاندا واتە لاو بوونو سەڵت بووندا هاوبەشن. بەڵام لایەنەکانی دیکەی ژیانیان زۆر جیاوازییان هەیە، هیچ کام لە لایەنەکانی دیکەی ژیانیان وەك یەك نیە، مەزهەبی، دەوڵەمەندی، هەژاری، توندو تیژیو هتد. . .. ئەو کەسانە ژیانێکی زۆر ئاساییان هەبووەو قەت بۆ لای توندوتیژی، مەوادی موخەددێر، خۆکوژیو نەخۆشی دەروونی بوون نەبوون. لە بەر ئەمە حاڵەتی رەوانیی ئەوانە بۆ ئێمەی لێکۆڵەر شاراوەیە، واتە مەتەڵێکە.

دەبێ بڵێم ئەم خۆکوژانە قەت سەربەخۆ ئەم کارە ناکەن، بەڵکوو هەمیشە ئۆرگانەکانی تێرۆریستی بە قانع کردنو فشاری گرووپی تووشی ئەم کارەیان دەکەن.

لەم لێکۆڵینەوەی کە ئاریەل لەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ بنەماڵەی خۆکوژەکان کراونو نامەی خواحافیزی خودی خۆکوژەکانو کاسێتە ڤیدیۆییەکانی پێش مەرگیان تۆمار کردوە، ئاریەڵ بەم ئاکامە گەیشتوە کە ئێمەش مەترسی ئەوەمان لێ دەکرێ بۆ لای کردەوەی وا دزێو بچین لە کاتێکدا هۆی توندوتیژی لە ناوچەکەداو کاریگەیو تەبلیغاتی ئۆرگانە تێرۆریستەکانی حاکمە. دیارە زۆر گرووپ هەن کە پەنا بۆ کردەوەی تێرۆریستی دەبەن. هەروەك ئەو فرۆکەوانانەی خۆیان لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا هەر بەم جۆرە قانع کرد کە بە فڕۆکەکانیان خۆ لە کەشتییەکانی دوژمن بدەنو بەم جۆرە بە سەر دوژمندا سەرکەون. واتە فشاری گرووپی، قانع کردنو خۆ بە بەرپرس زانین لە سەر ئەم کەسانە کە خۆیان بتەقێننەوە تەئسیر دادەنێ.

ئەوانەی ئەم کارە دەکەن قانع دەکرێن کە دوژمن چەندە مەترسی هێنەرە. بە هەڵگرتنی فیلمی ڤیدیۆیی لەو کەسانە کە لەودا خوشحاڵی خۆیان نیشان دەدەن کە بڕیارێکی وایان داوەو ناردنی فیلمەکە بۆ دۆستانو ئاشنایانیان ناچار بە ئەنجامی ئەم چەشنە کردەوانە دەبنو بۆیان ناکرێ لە کردەوەکانیان پەشیمان بنەوە.

لەوەی کە وەزعییەتی دەوروبەر کاریگەر دادەنێ نەك چۆنیەتی ژیانی تاکە کەسیی ئەم کەسە لە لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە بنکەی ئامووزشیی ئەلقاعیدە لە ساڵی ١٩٩٧ لە ئەفغانستاندا کراوە، بە روونی ئەم شتە دەسەلمێنێ کە هەموو ئەم کەسانەی لەوێ بوون خزمێك یان دۆستێکی نزیکیان لە دەست داوە یان لە لایەن دوژمنەوە بریندار کراون.

کردەوەی تێرۆریستی خۆکوژی شتێکی تازە نیە، بە پێی زانیاریی شارەزایانی مێژوو ئەم کردەوە دزێوە یەکەم جار لە لایەن یەهوودییە توندڕەوەکانەوە بەڕێوە چووە ئەوان بە چەقۆ هێرشیان دەبردە سەر سەربازانی رۆرمیو لە دەوروبەرو نیزیك شوێنی لە دایك بوونی مەسیح دەیان کوشتن، خۆشیان خێرا دەگیرانو ئیعدام دەکران.

هەروەها لە ئێرانیش، ساسانییەکان (Assasi ner) بە مانای "هەشیشخۆرەکان" کە لە سەدەی ١٢دا ژیاونو خەڵکێکی زۆر شەڕانی بوون، پەنایان بردۆتەبەر زۆر کردەوەی خۆکوژیو پێش ئەوەی خۆیان بکوژرێن هەر چەند کەسی کە لە دەستیان هاتبا دەیانکوشت.

یەکەم خۆکوژی مودێرن لە ساڵی ١٩٨٣ لە بەیرۆت ئەنجام درا، دژی هێزی دەریایی ئەمریکا بە هۆی ئەندامێکی حیزبوڵڵای لوبنانەوە ئەوە ماشینێکی باری پڕ لە دینامیتی بە ساختومانی ئەو هێزانەدا داو بوو بە هۆی مەرگی ٢٤١ کەس.

هەتا ساڵی ١٩٩٩ زیاتر لە ٥٠ کردەوەی خۆکوژی لە لوبنان ئەنجام دران. کاریگەری ئەم جۆرە تێرۆرە کاری کردە سەر زۆر گرووپو رێکخراوو بۆ نموونە پڵێنگەکانی تامیلیش دەستیان کرد بەم جۆرە کردەوە دزێوەیە.

لە ساڵی ١٩٩٤دا بوو کە یەکەمین بۆمبی خۆکوژی لە سەر خاکی ئیسرائیل تەقییەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی ئەنیستیتۆی دژی تێرۆریستی ئیسرائیل هەتا چاپی ئەم بابەتە ٢٩ کردەوەی خۆکوژی کراوە کە بوونەتە هۆی مەرگی ١٨٠ کەسو بریندار بوونی پتر لە ١٥٠٠ کەسی دیکەش.

ماگنوس نورێل کە لە سەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو تیرۆریسم لە بەشی لێکۆڵینەوەی ئەرتەشدا کار دەکات دەڵێ: ئەوە کە شایعە دەکرێ کە لاوەکان لە نۆرەدان بۆ ئەنجام دانی کردەوەی وا درۆیە. بەڵام ئەمە دروستە کە دەستی تێرۆریستەکان ئاواڵەتر بۆتەوە بۆ هێنانی ئەم جۆرە کەسانە. پێشتر لاوەکان زۆرتر بە شتی مەزهەبی گوێیان دەئاخاندراو فریو دەدران، بەڵام ئێستا زۆرتر هەستی نەتەوایەتییە کە هانیان دەدا.

بناغەی هەموو ئەم کردەوانە دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵ کە تەئییدی ئەم کارە دەکا. لە ئیسلامدا خۆکوژی مەحکوومە، بەڵام هێندێك کەس وای لێك دەدەنەوە کە ئەم کەسانە شەهیدنو ٧٢ کچی چاوڕەش لە بەهەشتدا چاوەڕوانی ئەم چەشنە کەسانەن.

گرووپە تێرۆریستەکان تەبلیغاتێکی زۆر بەهێزیان هەیە، بۆ نموونە باس لەوە دەکرێ کە هەر بنەماڵەی ٢٥٠٠٠٠ کرۆنی پێ دەدرێ، وێنەیان پێش مردن بە پێکەنینەوە لێ دەگیرێو ئەو ڤیدیو کاسێتانەی پێش مەرگیان گیراون، بڵاو دەکرێنەوە. بە کورتی هەتا وەزعەکە وا بچێتە پێش، گرووپە تێرۆریستەکان کەسانی ساویلکەی دیکە پەیدا دەکەن.

<u>لیستی کردەوەی خۆکوژی لە ٨ رێکخراوو گرووپدا</u>

لەم ٢٠ ساڵەی دواییدا زیاتر لە ٢٥٠ کردەوەی خۆکوژی لە دنیادا ئەنجام دراون کە ئێمە لە ساڵی ١٩٨٣ڕا باسیان دەکەین.

حیزبوڵڵای لوبنان ٢٠ کردەوەی خۆکوژی لە بەینی ساڵەکانی ١٩٨٣ هەتا ١٩٩٩.

پڵێنگەکانی تامیل ١٦٨ کردەوەی خۆکوژی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٧ هەتا مانگی ٢ی ٢٠٠٠. تەنیان تامیلەکان بوون توانیویانە رێبەری ٢ وڵات تێرۆر بکەن. ڕاجیڤ گاندی سەرۆك وەزیری هیندوستانو پرێندێسا سەرکۆماری سریلانکا لە ساڵی ١٩٩٣.

حەماسو جیهادی ئیسلامیی فەلەستین، ٣٠ کردەوەی خۆکوژییان ئەنجام داوە لە ساڵەکانی ١٩٩٤ هەتا ٢٠٠١ کە لەم ٣ کردەوەیەدا ١٦یان ساڵی ٢٠٠١ ئەنجام دراون کە سێزدەیان حەماسو سێیان جیهادی ئیسلامی ئەنجامیان.

جیهادی ئیسلامیو جەماعەتی ئیسلامی میسر ٢ کردەوەی خۆکوژییان ئەنجام داوە، یەکیان لە باڵوێزخانەی پاکستان دژی میسرو ئەویتریان لە کورواسی دژی بنکەیەکی پولیس.

پ کا کا لە تورکیە ١٥ کردەوەی خۆکوژی ئەنجام داوە لە ساڵەکانی ١٩٩٦ هەتا ١٩٩٩ کە لەو کردەوانەدا ١٩ کەس کوژرانو ١٣٨ کەسیش بریندار بوون.

ئەلقاعیدە کە دەڵێن دەستی هەیە لە کردەوەی تێرۆریستیی ١١ی سێپتامبر دژی ناوەندی بازرگانیی ئەمریکادا کە زیاتر لە ٤ هەزار کەس گیانیان لە دەست دا.

✽✽✽✽

# بەسەرهاتی تاڵی لاوێکیکورد

**ع. بداغی**

وەکوو هەواڵنێری رۆژنامەی "کوردستان" سەردانی پرسگەی حیزبم کرد. چاوم بە لاوێك کەوت کە لەبەر سێبەری دیوارێك دانیشتبوو ئەژنۆکانی لەباوەش گرتبوون. ئەو پتر لە کەسانیتر سەرنجی بۆ لای خۆی راکێشام. لێی نزیك بوومەوەو بەخێرهاتنیم کرد. بە زەحمەت سەری هەڵهێناو بە دەنگێکی نووساو کە دەتگوت لە نێو بیرێکەوە قسە دەکا، وڵامی دامەوە. سیمایکی شێواو، دەنگێکی نووساو، لەرزۆكو داماو بوونە هۆی دروست بوونی دەیان پرسیار لە مێشکمدا.

لە تەنیشتی دانیشتمو لێم پرسی ناوت چیەو بۆ هاتووی؟ وتی: ناوم کاوەیەو خەڵکی سنەم. هاتووم بەسەرهاتی تاڵی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە. بە پەرۆشەوە گوێم بۆ ڕاگرتو بێدەنگ چاوم لە دەمی بڕی. "کاوە" پچڕپچڕو بێهێز ئاوای گێرایەوە: تا پارەکە دەمخوێند. لە مەدرەسە دەگەڵ چەند دۆستێکم کە هەموو هاوبیری یەك بووین، دادەنیشتینو لە بارەی وەزعی کوردستانو چۆنیەتی ژیانی نالەباری هاونیشتمانانو زوڵمو زۆریو سەرکوتی رێژیمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی قسەو باسمان دەکردو بیروڕامان دەگۆڕییەوە. بێجگە لەوە لە هەر دەرفەتێکی رەخساو کەڵکمان وەردەگرتو نارەزایەتی خۆمان بە ئاشکرا دەردەبڕیو لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان بۆ کەسانی دەوروبەر قسەمان دەکردو جینایەتو پیلانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیمان لەقاو دەدان. ئەو رۆژەش بەدوای دۆڕاندنی تیمی فوتباڵی ئێران بە بەحرەین بە دەرفەتمان زانیو هاتینە سەر شەقامو ئەوەمان کردە بیانویەك بۆ دەربڕینی نارەزایەتی. حەشیمەت تا دەهات زۆرتر دەبوو. وردە وردەش دروشمگەلی شۆڕشگێرانەو دژی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خۆپێشاندەرانەوە بەرز بوونەوە، هێزە سەرکوتکەرەکانی بەناو ئینتزامیش! رژانە سەر خۆپێشاندەران، ژمارەیەکیان لێ دەستبەسەر کردن کە منو یەکێك لە دۆستەکانم لە نێویاندا بووین. پاش چەند رۆژ بردیانین بۆ دادگا.

لێرەدا کاوە بێدەنگ بوو، وەك ئەوەی بڵێی وەبیرهێنانەوەو گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە تووشی ئازارێکی سەختی دەکا. لێی گەڕام تا هاتەوە سەرخۆ. پاشان بزەیەکی تاڵی هاتە سەرلێوو درێژەی بە قسەکانیدا: لەحاڵێکدا کە لەبەر ئازاری ئەشکەنجەو لێدانی چەند رۆژەی زیندانی ئیتلاعات نەمدەتوانی خۆ بگرم، بردیانمە شوعبەی ٢ی دادگای شۆڕشی ئیسلامی سنەو بە تاوانی شێواندنی نەزمی گشتی و دنەدانی خەڵك بەدژی نیزام موحاکەمە کرام. قازی کە ئینسانێکی زمان شڕ بووو ئاوری رقو کینە لە چاوانی دەباری، پاش ئەوەی تێروپڕ جنێوی پێدامو سووکایەتی پێ کردم، ئینجا وتی: "ئێوە لاوی کاڵی هیچ نەفام چ لە ژیان نازاننو دەم لە سیاسەت دەدەنو هەوای کوردو کوردایەتیتان لەسەر دایە. ئێوەمانان دەبێ بۆ هەمیشە ملکەچو بێدەسەڵات بن تا لە سووچی کەلاوەیەکدا بە خوماری سەر بنێنەوەو لە گیانەڵلاشدا کەس بە هاناتانەوە نەیە. ئەو کەسانەی کە لە ئێرانی ئیسلامیداو لە ژێر سێبەری نیزامێکی ئیلاهیدا دەژین، بەڵام رێزی بایەخەکانی نیزام ناگرنو پێشێلیان دەکەنو وەشوێن هێندێك تاقمی فریوخواردوو دۆڕاوی سیاسیو دژی شۆڕش دەکەون، ئەو کەسانە ئەرزشی مردنی ئاساییان نیەو دەبێ بە جۆرێك بمرن کە تەنانەت بنەماڵەو ئازیزەکانیشیان بێزیان لێ بێتەوەو ئارەزووی نەمانی هەرچی زووتریان بۆ بکەن. ئێستا دەتنێرمە بەندی ٢و بەو هیوایە کە تەزریقی بگەڕێیەوە، دڵنیاشم کە هەروا دەبێ.

کاوە دیسان بێدەنگ بوو، سەری داخست تا فرمێسکەکانی نەبینم، ئەو فرمێسکانەی لە بێدەسەڵاتیو دەستەوەستانیڕا هەڵی دەوەراندن. پاش ماوەیەك سەری هەڵبڕیو وتی: من ١٨ ساڵم تەمەن بوو، تا ئەو کاتەش شوێنی وام نەدیبوو، زۆرم خۆڕاگرت، بەڵام بەرگەی ئەو هەموو فشارو ئەشکەنجەیەم نەگرت، تێکیان شکاندم، بە تەزریق موعتادیان کردم. . . دوای ٨ مانگ لە زیندان خستمیانە دەرێ، بەڵام خۆشم هەستم دەکرد کە مرۆڤێکی سەربارو بێکەڵکم بۆ کۆمەڵ. ئێستا ناچارم کۆڵان بە کۆڵان بسوڕێمەوە تا بە هەر جۆرێك بووە بەشی رۆژێك مەواد بۆ خۆم وەدەست بخەم. دەمەویست خۆم بکوژم، بەڵام ئەو کارەم نەکرد. دەمزانی زۆری پێ ناچێ جەستەی بێرۆحو پووكو چرووكو تێکشکاوم لە سووچی کەلاوەیەك یان لە سەر شەقامێك دادەکەوێو دڵنیاش بووم کە تەنانەت بنەماڵەکەشم بە مەرگم نازاننو هەڵم ناگرنەوەو مەئموورەکانی شارەداری دێنو لە سووچێکی گۆڕستانێکدا ئەسپەردەم دەکەن. هەر ئەو چارەنووسەی بۆ دۆستەکەم، کە لەگەڵ من گیرابوو بۆ خۆشم دووپات دەبێتەوە.

لێم پرسی، ئێستا دەتەوێ چ بکەی؟ وتی هیچ، هاتوم تەنیا بۆ ئەوەی وەك بەڵگەیەکی زیندوو خۆمتان پێ بناسێنمو بەسەرهاتی تاڵی لاوێکی حەسرەتبارتان بۆ بگێڕمەوە کە هەزاران ئاواتی لە گۆڕدا نێژران. من لە مێژە مردووم.

کاوە ڕۆیشت، بەڵام بەڵگەیەکی زیندووی بە دەنگی خۆی بەجێهێشت. بەڵگەیەك کە پەڵەیەکی دیکەی نەنگی بەو هەزاران پەڵەیە زیاد کرد کە بە نێو چاوانی کۆماری ئیسلامییەوەنو حەقیقەتێکی تاڵو زیندوویە کە ویژدانی هەر مرۆڤێك دەهەژێنێ.

✽✽✽✽

# چاو لە بەرابەر چاو لە ئێراندا

<u>**وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ف. کاویان**</u>

تاران ـ دادگایەك لە باشووری رۆژئاوای ئێران دا ژنێکی گەنجی بە کوێرکردن سزا دا.بە پێی راپۆرتی یەکێك لە رۆژنامەکان لە رۆژی چوارشەممە دا پیاوێك کە بەردەوام تەنگی بە ژنێك هەڵچنیبوو، ژنەش ناچار بوو کە لە دژکردەوەیەك دا ئەسید بە دەموچاوی پیاوەکە دا بپڕژێنێ و کوێری بکا .

ئەعزەم (تەمەن٢١ساڵ)دانیشتوی گوندی بێهبەهانی(١) هەڵکەوتوو لە ئوستانی خووزستان ، لەکاتی دادگاییکردنی دا وتی: کە مێردەکەی شەوانە دەچووە سەرکار،ئەبووعەلی(تەمەن ٣٧ساڵ) هەمیشە گیروگرفتی بۆ دروست دەکرد.ئەعزەم لە کاتی دادگاییەکە دا گوتی: شەوێك لە شەوان بە چەك هەرەشەی لێ کردم گوتی کە ئەگەر دەرکەی ماڵەکەمانی بۆ نەکەمەوە،لە حەساری ماڵەکەوە دێتەژوورەوە،وەبیرم هاتەوە کە نەختێ ئەسیدم لە ئاشپەزخانە هەیە کە بۆ کردنەوەی زەرفشۆیەکە کەڵکم لێ وەردەگرت،پەنجەرەکەم کردەوەو ئەسیدەکەم بە سەروچاویدا کرد.

عەلی،کە ئێستا کوێر بووە،چیرۆکەکە بە شێوەیەکی دیکە دەگێرێتەوە.ناوبراو لەوبارەیەوەگوتی: ئەم ژنە درۆ دەکا. دەمویست لە مەسەلەیەك ئاگاداری کەمەوە و کاتێ کە بە پەنای ماڵەکەیاندا تێدەپەڕیم، پەنجەرەکەی کردەوەو بانگیکردمو شتێکی بە سەرو سنگما پڕژاند. دوای ئەوە ئیدی نەمزانی چیڕوویدا.

قازی لە رۆژی سێشەممەدا ئاوا بڕیاری دا کە عەلی"تەنیا قسەیەکی کردوە و هیچ تاوانێکی ئەنجام نەداوە" تا پێی تاوانبار بکرێ وهەروەها ئەعزەم"لە هەلومەرجێك دا نەبووە تا ناچاربێ بەرگری لەخۆی بکاو هەروەها نەدەبوو لە خۆیەوە هەوڵی جێبەجێکردنی دادپەروەری بدا.قازی ناوبراوی بە"کوێرکردن لە بەرچاوی خەڵك"دا مەحکووم کرد، بەڵام ئەعزەم داوای کرد کە دووبارە چاوێك بەسەر حوکمەکەدا بخشێنرێ.

یاسا مەدەنی و جەزاییەکانی ئێران لە ئەسڵیئیسلامی"چاو لە بەرامبەر چاو"دا کە بەو پێیە سزا لە گەڵ ئەنجامدانی تاوان دا دەبێ هاوئاهەنگ بێ،پێڕەوی دەکەن. ئەم یاسایە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩وە بەڕێوە دەچێ.

**(١) بێهبەهان گوند نیە، بەڵکوو یەکێك لە شارەکانی باشووری رۆژهەڵاتی خوزستانە**

✽✽✽✽

# کێشەی کشمیرو ناکۆکیی هیندو پاکستان

کاوە بەهرامی

کێشەی نێوان هیندو پاکستان ریشەی مێژوویی هەیەو بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە شێوە دورگەی هیند لە ژێر دەسەڵاتی ئیستعماریی ئینگلستاندا ئیدارە دەکرا. لە ساڵی ١٩٤٧دا لەسەر هێندێ مەسەلەی ئایینی ئەو دوو گەلە کە لە هیندوو و موسڵمان پێکهاتبوون، پاکستانو هیندوستان وەك دوو وڵات لە یەك جودا بوونەوە. گرنگترین کێشەی ئەو دوو دەوڵەتە نوێیە لە سەرەتای دەست پێکردنی حکوومەتیاندا کۆچی سەدان هەزار موسڵمان لە هیندوستانەوە بۆ پاکستانو هیندووی دانیشتووی پاکستان بۆ هیندوستان بوو. لە ساڵی ١٩٧١دا هیندوستان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پشتگیریکردنی ناسیۆنالیستە جوداخوازەکانی بەنگالدا گێڕا، کە لە ئەنجامدا بەنگلادش سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێناو لە پاکستان جیا بووەوە. ئەو کارەی هیندوستان بوو بە هۆی ئەوە کە پاکستان لە هاندانی کشمیرییەکان دژی هیندوستان ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێ. لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ تا ١٩٦٥دا ناکۆکیو گێروگرفتو هێندێ پێکدادانی سەر سنووری نێوان هەر دوو وڵات لە کشمیر درێژەی کێشا.

پاش دەستگیرکردنی شێخ عەبدوڵڵا- سەرۆك وەزیری کشمیر- پۆستی سەرۆك وەزیری لە کشمیر لابراو کشمیر وەك ویلایەتێك حیسابی بۆ کرا. لەو کاتەوە تا ئێستا پۆستی سەرۆك وەزیریی پێدراوە. هەرچەند ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە لەبەر ئەوەی کە پاکستان لە ڕێگای کشمیری ئازادەوە بەردەوام پشتگیری لە حیزبە ئیسلامیو ناسیۆنالیستییەکانی کشمیر دەکرد. پاش دەستگیرکرانی شێخ عەبدوڵڵا کۆمەڵێك خۆپیشاندان دەست پێ کران. ئەو خۆپیشاندانانە بەرە بەرە بوونە هۆی پێکهاتنی ڕێکخراوێکی چەکدارو هەروەها رادیۆیەك بەناوی "دەنگی کشمیر"و ئەنجومەنێکی شۆڕگێڕانەو شەڕی رزگاریخوازانە دەستی پێ کرد.

لە ١ ی سپتامبری ١٩٦٥دا هێزەکانی هیندوستان بەرەو سنوورەکانی "ئاخنوور" لە ناوچەی "چام جوران" پێشڕەوییان کرد. پاکستانیش لە بەرانبەردا دژکردەوەی نیشان داو بەو چەشنە شەڕێك رووی دا کە ١٧ ڕۆژی خایاند. لە ئاکامدا پاش چەند مانگ ئاگربەست، ڕێککەوتننامەی "تاشکەند" لە نێوان هەر دوو لا مۆر کرا. سەرەنجام لە مانگی دیسامبری ١٩٧١دا بە هۆی شەڕی نێوان هیندو پاکستانەوە، پاکستانی ڕۆژهەڵات (بەنگلادش) جودا بووەوەو سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. ڕێککەوتننامەی "سملان" لە نێوان دێهلیو ئیسلام‌ئابادا مۆر کرا. بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەر دوو لا دەبوا لە ڕێگای وتووێژەوە مەسەلەکانی خۆیان چارەسەر بکەن. ئەگەرچی شەڕی چەکدارانەی ڕاستەوخۆ تا ساڵی ٢٠٠٢ لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا رووی نەداوە، بەڵام شەڕی سارد لە نێوانیاندا هەر بەردەوام بووە. زۆر جاریش بە هۆی هاندانی کشمیرییەکان لە لایەن هەر دوو لاوە، حاڵەتی شەڕ لەو دوو وڵاتەدا بەرچاو کەوتوەو بەردەوام هەر دوو لا لە فکری خۆ تەیار کردنو ئامادەیی نیزامی‌دا بوونو هەر کام ویستوویەتی روانگەی سیاسیو سەرورەریی خۆی بسەپێنێ. لە مانگی مای ساڵی ١٩٩٨دا هیندوستان یەکەمین تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی خۆی بەڕێوە برد تا بەڵکوو چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەی کشمیر بەسەر پاکستاندا بسەپێنێ. بەڵام پاش چەند ڕۆژ لە تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی هیندوستان، پاکستانیش یەکەمین تاقیکردنەوەی ئەتۆمیی خۆی ئەنجام داو بەوەشەوە ڕانەوەستاو بە شەش تاقیکردنەوەی ئەتۆمی، وەڵامی پێنج تاقیکردنەوەکەی هیندوستانی دایەوەو بەم چەشنە پێشبڕکێی ئەتۆمی نێوان هەر دوو لا دەستی پێ‌کرد.

لە ١٣ی دیسامبری ٢٠٠١دا پێنج چەکداری سەر بە جودایی‌خوازەکانی سریناگاری کشمیر هێرشیان کردە سەر پەرلمانی هیندوستانو هێرشەکەیان بووە هۆی کوژرانی ١٣ کەس. لەو ڕۆژەوە هیندوستان ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی تاوانبار کرد کە پاکستانیان کردۆتە جێگای حەوانەوەی خۆیان. وەزیری ناوخۆی هیند لە بارەی هێرشەکەی مانگی دیسامبرەوە گوتی: "ئەم هێرشانە لەو پڕمەترسی‌ترین هێرشانەن لە دوو دەیەی ڕابردوودا و بە پشتیوانیی پاکستان کراونەتە سەر هیندوستان." لە فیوریەی ١٩٩٩دا واجپای سەردانی پاکستان دەکاو ئەم سەردانە ڕێککەوتننامەی لاهوور کە ڕاگرتنی پێشبڕکێی تاقیکردنەوە ئەتۆمی‌یەکانو ناکۆکی هەر دوو لای لێ دەکەوێتەوە. تاقیکردنەوەکانی پاکستان ئەگەری هەڵایسانی شەڕیان خێراتر کرد. جۆرج بووش سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای لە هەر دوو وڵات کرد کە هەموو توانایان بۆ کەمکردنەوەی ئاستی گرژیو ئاڵۆزیی نێوانیان بخەنە گەڕ، پێشتریش سەرۆك کۆماری فەرانسە ژاك شیراك نامەیەکی ئاراستەی "ئاتال بیهاری واجپایی" سەرۆك وەزیری هیندوستان کردبوو و تێی‌دا نیگەرانیی خۆی لەسەر بارودۆخی ئەو دوو وڵاتە دەربڕی بوو. تەنانەت وڵاتێکی وەك لیبی پێشنیاری نێوبژیوانی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا کردوە. ڕۆژی ١٣٨١/٤/٤ حەسەن رووحانی دەبیری شووڕای ئەمنییەتی میللیی ئێران سەفەری بۆ هیندوستان کردو لەگەڵ سەرۆك وەزیری هیندوستان وتووێژی کردو نیگەرانیی خۆیو کاربەدەستانی ئێرانی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی هیندو پاکستاندا دەربڕی.

با بزانین گرنگیی شێوە دوورگەی هیندوستان چیە و وەزعی جوغرافیایی کشمیر چۆنە؟ گرنگیی ئەو ویلایەتە بۆ هیندو پاکستانو تەنانەت وڵاتانی دەورو بە چیە؟ بۆ ئەو دوو وڵاتە دامەزراندنی کشمیری سەربەخۆ چ مەترسی‌یەکی هەیە؟ ئەگەر ئەم کێشەیە بە لای یەکێك لەم دوو وڵاتەدا بشکێتەوە چی روو دەدا؟ وەك باسمان کرد ریشەی کێشەی هیندو پاکستان دەگەڕێتەوە بۆ جیابوونەوەی هیندو پاکستان لە ساڵی ١٩٤٧دا کە لەسەر ویلایەتی کشمیرە کە ئێستا لە نێوان هیندو پاکستانو چیندا، دابەش کراوەو کێشەی ئەوانیش بۆ سەربەخۆیی هەر بەردەوامە.

مێژووی کشمیر دەگەڕێتەوە بۆ نزیك چوار ساڵ پێش زایین، لەم رووەوە ٢١ بنەماڵەی هیندوویی‌و بوودایی‌و٠٠٠ هتد لە سەدەی ١٤ی زایینی‌دا حوکمڕانیەتیی کشمیریان کردوەو موسڵمانەکانیش بۆ ماوەی ٤٧٩ ساڵ حوکمڕانیەتیی کشمیریان کرد. کشمیر بۆ ماوەی ٢٧٩ ساڵ سەربەخۆ بووەو لە ساڵی ١٥٧٩دا، ئەکبەر شای مەغول، هیندوستانی لکاند بە ئیمپراتووری‌یەکەی خۆیەوەو پاش رووخانی ئەو ئیمپراتۆری‌یەش لە ساڵی ١٧٥٢دا تا ساڵی ١٨١٩ بۆ ماوەی ٦٧ ساڵ کشمیر سەربەخۆ بوو. لە ڕێکەوتی ١٦ی مارسی ١٨٤٦دا ئینگلیزی‌یەکان کشمیریان بە بڕی ٧١٥ میلیۆن روپیە بە "گوراپ سینگ" فرۆشت، بەو پێ‌یە ئەو بوو بە مەهاراجای جامۆو کشمیر هەروەها بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بە "ئەمیر تیر" ناسراوە. سەرەنجام لە ساڵی ١٩٤٧دا لەسەر داوای مەهاراجا کشمیر بە هیندوستانەوە لکێندرا.

### جوغرافیای کشمیر

رووبەری کشمیر ٢٢٢ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە کە بەم چەشنە بە سەر سێ حکوومەتی هیندوستان، پاکستانو چیندا دابەش کراوە. ١٣٨٩٩٢ کیلۆمیتری چوارگۆشەی لە ژێر دەسەڵاتی هیندوستان دایە، کە بە جامۆ کشمیر ناسراوەو ٧٩٧٧٨ کیلۆمیتری چوارگۆشەی ناسراو بە کشمیری ئازاد سەر بە وڵاتی پاکستانە، لە ساڵی ١٩٦٢دا لە شەڕی نێوان هیندو چیندا ٤١٥٠ کیلۆمیتری چوارگۆشەی لە لایەن چینەوە داگیرکرا. دانیشتوانی ئەم وڵاتە ١٢ میلیۆن کەس دەبن کە ٨٠٪یان موسڵمانن. لە نێو ئەو موسڵمانانەدا هێندێك شیعە هەن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هاندانی ئەوانو هەروەها خۆشترکردنی ئاوری شەڕی نێوان هیندو پاکستاندا بە هیچ جۆرێك دەستی نەپاراستوە. کشمیر لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ چینو لە باکووری ڕۆژئاواوە لەگەڵ ئەفغانستانو لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ پاکستانو لە باشوورەوە لەگەل هیندوستاندا دراوسێیە. سێ سەرچاوەی گەورەی رووباری وەك سەند، پەنجابو جەهلمی هەیەو کانەکانی مس، بەردی مەڕمەڕ، بەردی ئاسن، بەردەخەڵووزو زۆر کانگەی دیکەی پڕ بەهای هەن. ناوچەیەکی کوێستانی سەرسەوزو لەگەڵ سروشتکی زۆر جوان کە پێشتر سوڵتانەکانی مەغول وەك سەیرانگا کەڵکیان لێ وەردەگرت. یەکێك لە پاشاکانی مەغوول لە بارەی جوانیی سروشتی کشمیرەوە دەڵێ:

اگر فردوسی بر روی زمین است
همین است، همین است، همین است

کشمیر لە باری جوغرافیایی‌یەوە زۆرتر بە پاکستانەوە بەستراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٥١دا سەرۆك وەزیری پاکستان سەبارەت بە بایەخی ستراتیژیی کشمیر بۆ پاکستان دەڵێ: "کشمیر بۆ پاکستان بایەخێکی زۆری هەیە، بەڵام بۆ هیندوستان لەوانەیە هەر بۆ جوانی بێ، لە کاتێکدا بۆ ئێمە وەك پێویستی‌یەکی سەرەکی‌یە، بۆیە ئەگەر بهێڵم هیندوستان ئەو کڵاوەمان وەسەر نێ، ئەوە دەبێ بۆ هەتا هەتایە چاومان بە لوتفی هیندوستان بێ." هەڵکەوتی ستراتیژیی کشمیر بە جۆرێکە کە ئیسلام ئاباد ناتوانێ بەرامبەر بە حکوومەتێکی توندڕەو کە ڕەنگە لە هیندوستاندا بێتە سەرکار، بەرگری لە خۆی بکاو فیداکاریی میلیۆنەها هاووڵاتیی پاکستانی بێ‌سوود دەبێ. لە رووی ئابووری‌یەوە رووبارەکانی سەندو جەهلەمو پەنجاب کە لە کشمیر دان، بایەخێکی بنەڕەتی‌یان بۆ کشتوکاڵی پاکستان هەیە.

سیستمی ڕێگاوبانی کشمیر بە پاکستاندا تێدەپەڕێ، کەلتووری کشمیریان بە لانی کەمەوە چەند بەشێکی هاوشێوەی ناوچەی پەنجابی ڕۆژئاوایە کە بە پاکستانەوە لکێندراوە.

بەڵام با بزانین قازانجو بەرژەوەندی هیندوستانو هەروەها خاڵە هاوبەشەکانی کشمیرو هیندوستان چین؟ لە رووی ستراتیژی‌یەوە کشمیر هەر لە سەرەتاکانی مێژووەوە بۆ ئاسایشی هیندوستان گرنگی‌یەکی زۆری هەبووە. پەیوەندی‌یەکی مێژوویی لە نێوان ئەم ویلایەتەو هیندوستاندا هەیەو لە سەرەتاوە بەشێك لە هیندوستان بووە. ساڵی ١٩٤٧ لەسەر بڕیاری مەهاراجا، کشمیر بە هیندوستانەوە لکێندراو زۆربەی هاتوچۆکانی هیندوستان بۆ وڵاتانی ئاسیاییو ئەفغانستان لە ڕێگاکانی جامۆو کشمیرەوە بووە.

مێژووی بەرەبەرەکانێی کشمیر بۆ گەیشتن بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٠ کە چەندین تاقمی چەکداری سەربەخۆ لە سەردەمی ئیگلیسی‌یەکاندا بە سەرپەرستیی رووناکبیرانو پیاوە ئایینی‌یەکان لە دژی ئیستعماری ئینگلیز دەستی پێ‌کرد. یەکەمین حیزب کە تا ئێستاش وەك حیزبی سەرەکیی کشمیر ڕۆڵی کاریگەری هەیەو گەلێك هەورازو نشێوی بڕیوە، حیزبی "کۆنگرەی میللی" بە ڕێبەرایەتیی شێخ عەبدوڵڵا بوو کە لە ساڵی ١٩٣١دا پێکهات. حیزبی کونگرەی میللی، حیزبێکی لائیکەو زۆرتر بەرنامەکانی خۆی لە چوارچێوەی مافی نەتەوەیی‌دا دارشتوە. پاش شێخ عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٥٣دا شێخ فرۆق عەبدوڵڵا بوو بە سەرۆك وەزیری کشمیر. ئەو حیزبە لە لایەن ئەحزابو گرووپە سیاسی‌یەکانو ڕێکخراوە ناسیۆنالیستە چەکدارەکانەوە پشتگیری لێ دەکرێو لە ناوچەی گرنگی جامۆ شاخو دۆڵی کشمیردا دەسەڵاتی زۆری هەیە. لە نێوان ئەو گرووپانەی لایەنگری حیزبی کۆنگرەی میللیی کشمیرن، دەکرێ ئاماژە بە "اخوان المسلمین" بکرێ. هەروەها لە ئەحزابی ئۆپۆزسیۆن کە سەرۆکایەتیی بەرەی رزگاریخوازی دەکەن، دەکرێ ئاماژە بە بزاڤی موجاهیدین، حیزبی موجاهێدین، کۆمەڵی بوراق، لەشکری تەیبەو لەشکری موحەممەد بکەین. بەرەی ئازادیی کشمیر لە زیاتر لە ٢٠ ڕێکخراوی چەکدارو دژ بە هیند پێك هاتوەو سەرۆکایەتیی ئەو بەرەیە بە ئەستۆی "عەبدولعەفی لەدن"ە. حیزبی "کۆنفرانسی ئازاد" تاکە حیزبی ئۆپۆزسیۆنە کە لە لایەن حکوومەتی هیندوستانەوە ئیزنی کارکردنی بەڕەسمی پێ دراوە.

حکوومەتی پاکستان داوای ئەوە دەکا بە چاوەدێریی نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵبژاردنی ئازاد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی جامۆو کشمیر بکرێ، بەڵام هیندوستان لەگەڵ ئەو پێشنیارەدا دژایەتی دەکا. هەر وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد پاکستان هیوایەکی بە گەڕاندنەوەی کشمیر بۆ باوەشی خۆی هەیە. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی کشمیر لە ژیانی دەوڵەتی پاکستانداو هەروەها بایەخی دابینکردنی سەرچاوەکانی ئاوی کشمیر بۆ وڵاتێکی کشتوکاڵیی وەك پاکستان.

لێرەدا مەبەستی هیندو پاکستان زۆر روونو ئاشکرایە، هیچیان قازانجو بەرژەوەندی کشمیریان لە بەرچاو نیەو هەریەکەیان بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆی کە قازانجو بەرژەوەندی وڵاتی خۆیەتی تێدەکۆشێو دەیەوێ کێشەی کشمیر بە قازانجی وڵاتی خۆی یەك لا بکاتەوەو بۆ بەرژەوەندی خۆی لە ویلایەتی کشمیر کەڵك وەربگرێ. بەم چەشنە کێشەی نێوان هیندو پاکستان بەدەوام بووە. سیاسەتی دەوڵەتی هیندوستان لە بارەی ناوچەی کشمیرەوە بەو چەشنە بووە کە ئەو ناوچەیە لە باری ئابووری‌یەوە بە خۆیەوە ببەستێتەوە. هەر بۆیە لە دانانی کارخانەی سەرەکیو بەرهەمهێنەر خۆی پاراستوەو بۆ چاوبەستنی خەڵکەکە تەنیا سەنعەتی گەڕیدەیی پەرە پێ داوە، لە لایەکی دیکەوە بەرهەمە سەرەکی‌یەکانی کشتوکاڵیی وەك: گەنم، جۆ، برنجو٠٠٠ هتد بەرە بەرە بە هۆی هەزینەی زۆرەوە کەم بوونەتەوە، بە رادەیەك کە جووتیارەکان وازیان لە زەوی‌یەکانیان هێناوە، لە لایەکی دیکەوە کێڵگەکانی تریاكو چاندنی مەواددی موخەددیر پەرەی پێ دراوە.

بە لەبەرچاو گرتنی وەزعی جوغرافیایی، ستراتیژیکی، نیزامیو ئابووری ناوچەی کشمیرو قازانجو بەرژەوەندی ئەو دوو وڵاتە لە کشمیردا، کاتێك گەلی کشمیر وەك خەڵکی چەوساوەی کوردستان لە چنگ قازانجو بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە رزگاری دەبێ کە کێشەی کشمیر لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك کێشەیەکی سەرەکی چاوی لێ بکرێ، ئەگینا دابەشبوونی ئەو وڵاتە بەسەر سێ حکوومەتی بەدەسەڵاتی وەك هیندوستانو پاکستانو چیندا، ناتوانێ بەرژەوەندیی کشمیری‌یەکان بپارێزێو مافو داخوازی‌یەکانیان وەدی بێنێ.

❊❊❊❊

# بارودۆخی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی

## له وتووێژ لەگەڵ زیندانی‌یەکی سیاسی‌دا

**کاك رەحمان مەحموودی ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ناوبراو لەدایکبووی شاری بۆکانەو لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گرتووە. لە پاییزی ٧٣دا اپێوەندی‌یەکەی بە حیزبی دێموکرات ئاشکرا دەبێ و لە لایەن دەزگاکانی ئەمنییەتی رێژیم دەگیرێ‌و پاشان بە ٢٠ ساڵ زیندان مەحکووم دەکرێ. پاشان ماوەی ٨ ساڵ لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاری رێژیم دا خۆ رادەگرێ‌و ئەشکەنجەو زیندان ناتوانن چۆکی پێ دادەن‌و ئیمان‌و باوەڕی بەخەباتی رەوای گەلەکەی لەرزۆك بکەن. کاك رەحمان لە ورەو هێزی خۆی کەلك وەردەگرێ‌و لە دەرفەتێکی رەخساودا لەزیندان رادەکاو خۆی دەگەیەنێتە باوەشی حیزبە خۆشەویستەکەی، ئێستا کە ناوبراو وەك پێشمەرگەیەك لەنێو ریزەکانی حیزبدا درێژە بە خەبات‌و تێکۆشانی خۆی دەدا، هەلێکمان بۆ هەڵکەوت تا لە نیزیکەوە چاومان پێی بکەوێ‌و بۆ ماوەیەك دەگەڵی دابنیشین‌و لە پێوەندی لەگەڵ زیندان‌و زیندانی بوونەکەی لەگەڵی بدوێین. ئەم وتووێژە بەرهەمی ئەو چاوپێکەوتنەیە.**

❖ ❖ ❖

❍ **کاك رەحمان جەنابت لە چ ساڵێك دا گیرای‌و بە چ تاوانێك دادگایی کرای؟**

❑ پاییزی ٧٣ بوو. من لە ماڵی خۆمان دانیشتبووم. لای ئێوارە چەند مەئمورێکی "ئیتلاعات" لێم وەژوور کەوتن‌و بە قۆڵبەست کراوی بردیانمە "ئیتلاعات". بۆ ماوەی ٤ مانگ لە "ئیتلاعات"ی بۆکان لە ژێر فشارو ئەشکەنجەو زەبرو زۆری لەرادەبەدەری مەئموورەکانی "ئیتلاعات" دابووم. پاشان بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد رایان گوێستم. لەوێش زیاتر لە ٤ مانگ لە ژێر فشاری ئەشکەنجەی بێ‌ئەمانی مەئموورەکانی ئیتلاعات دابووم. پاشان بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دادگای بەناو شۆڕش دا حوکمی ٢٠ ساڵ زیندانیان بەسەر من دا سەپاندو رەوانەی زیندانی "ورمێ"یان کردم. ئەوەش بڵێم کە من تەنیا نەبووم‌و ٨ هاوڕێی دیکەم دەگەڵ بوون کە دوو کەسیان بەناوەکانی هاوڕێ عەوڵا ئەمینی‌و هاوڕێ سەیدکەریمی راج ئیعدام کران، ئەو هاوڕێیانەی دیکەش حوکمەکانیان کەم‌و زۆر وەك هی من بوو.

❍ **جەنابت لە رەوتی دادگایی کردنت دا وەکیلت هەبوو؟**

❑ بەڵێ، بنەماڵەکەم دوای ماوەیەکی زۆر کە بە شوێنی منیان زانی بە هەوڵو زەحمەتێکی زۆر وەکیلیان بۆ گرتم. بەڵام ئەوەی راست بێ وەکیلەکەم هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو. چونکە من بە تاوانی ئەندامەتی لەتەشکیلاتی حیزبدا دادگایی دەکرام، وەکیلەکەم بە هیچ شێوەیەك نەی‌دەتوانی بەرگریم لێ بکا. ئەو کابرایە وەکیلێکی کارتۆنی بوو. وەك مقەبایەك لە جێیەك دا قەراری دەگرت‌و هەست‌و خوستی لێ بڕابوو. لەئاکام دا نەی‌توانی هیچ شوێنەوارێك لەسەر رەوتی دادگایی‌و حوکمەکەم دا دابنێ.

❍ **هەڵسوکەوتی مەئموورەکانی لێپرسینەوەی ئیتلاعات لە رەوتی بازجوویی دا دەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**

❑ جا چۆن بێ باشە؟ بڵێی کەسێك هەبێ کەوتبێتە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت لە ئیتلاعات و بە شتێك غەیری ئەشکەنجە بەرەوپیری چووبێتن؟ کەس نیە لەوێ ئەشکەنجەی نەکەن، لەژێر ئازارو فشاری رووحی‌دا تێکی نەشکێنن، بێ‌حورمەتی و سووکایەتی پێ نەکەن. لێدانەکان لە هەڵواسینی راستەوخۆو بەراوەژوو ڕا دەست پێ دەکا تا دەگاتە لێدان بە کابڵ‌و بە شەپ‌و بە هەر شتێك کە وەك کەرەستەی ئەشکەنجە لەبەر دەستیاندا بێ کەلکی لێ‌وەردەگرن. ئەشکەنجەش هەر ئەوە نیە کە بە لێدان و پێدادان ببڕێتەوە. ئەو چەشنە ئەشکەنجەیە شتێکی ئاسایی‌و سەرەتایی‌یە لەهەموو زیندانەکانی رێژیم دا. بەڵام ئەشکەنجەی رووحی لە بڕانەوە نایە. لە "بازجو" ڕا بگرە تا دەگاتە سەربازێکی ئاسایی، ئەوپەڕی سووکایەتی‌و بێ‌حورمەتیت پێ‌دەکەن کە بەڕاستی لە گێڕانەوە نایەن.

❍ **زیندانی ورمێ واتە "دەریا" چەند بەندی هەیەو هەر بەندێك بە شێوەی نێونجی چەند کەسی تێدایە؟**

❑ زیندانی "دەریا" ١٦ تا ١٧ بەندی هەیە. بەندەکان گەورەو بچووکن. بەندی وای لێبوو ٣٠٠ تا ٤٠٠ کەسیان تێ‌دەخزاند، بەندیشی هەبوو ٢٠٠ تا ٢٥٠ کەسێکی تێ‌دابوو. لەوێ بەندەکانی ١و٢و٣و٤ کە لە "دز"، "قاتڵ"، "مەشروب خۆرو مەشروب فرۆش"، کەسانێك کە"گیروگرفتی چەکی بانکی"یان پێك‌هاتوه. بەڵام بەندەکانی دیکەی زیندان کە لە زیندانیی موعتاد بە مەوادی موخەددیر و قاچاغچی‌و کەسانی نیزامی و سیاسی پێك هاتوە، لە یەکتری جیان و پێکەوە تێکەڵ ناکرێن.

❍ **دەکرێ کورتەیەك لەسەر بارودۆخی زیندان‌و چۆنیەتی پێڕاگەیشتن بە زیندانەکان باس بکەی؟**

❑ لەم بارەیەوە تەنیا دەتوانم بڵێم یەکجار خراپ بوو. من خۆم ماوەی ٨ ساڵ لە زیندانی ورمێ دا بووم. لەو ماوەیەدا بۆ خەرجی هەر لە ماڵێ را پارەم بۆ دەهات. هەموو زیندانی‌یەکانی دیکەش وەك من بوون. لە زینداندا هیچ پێداویستی‌یەکمان بۆ ژیان و مانەوە دابین نەدەکرا. وەزعی خۆراك بە حەددێك خراپ بوو کە زۆر جار نەمان دەخوارد. تەنانەت گەلێك جار بووە بۆ کڕینی "پفك" ریزمان بەستوە. لەبارەی پاك‌و خاوێنی‌و لەش ساغییشەوە کە دەپرسی، دەبێ بڵێم، سەرەتا کە من چووم شتێك بەو نێوە هەر لە گۆڕێ دا نەبوو. بۆ ئاوی خواردنەوەو ئیمکاناتی بێهداشتی زۆر لە ژێر فشار دا بووین، ئەگەر کەسێك نەخۆش کەوتبایە، دەبوو دەستمان لێ‌شوتبا. لەم دواییانەدا بە پارەو خەرجی خۆمان بڕێك وەزعی دەستشویی‌و حەماممان باشتر کردبوو.

❍ **چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵە لە زیندان دا بە چ شێوەیەکە؟**

❑ چاوپێکەوتن بە دوو شێوەی تەلەفونی و حوزووری‌یە. لە چاوپێکەوتنی تەلەفونی دا دەمانتوانی ١٠ دەقیقە لە پشت شووشەوە دەگەڵ بنەماڵەکەمان قسە بکەین. چاوپێکەوتنی حوزووری هەر سێ مانگ جارێك، ئەویش بۆ ماوەی نیو سەعات بوو.

❍ **کاك رەحمان هەڵسوکەوتی زیندانبانەکان دەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**


❑ زۆر خراپ بوو،لە لێدان را بگرە تا دەگاتە بێ‌حورمەتی‌و سووکایەتی پێ‌کردن.جاری وا دەبوو لەماڵێ را دەهاتنە لامان بۆ "ملاقات"،لەوکاتە دا لەسەر مەسەلەی "بازرسی" یان زۆر شتی‌تر بیانوویان پێ‌دەگرتین‌و فشاریان بۆ دەهێنان‌و بێ‌حورمەتیان پێ‌دەکردین. ئێمەش کە لێیان هەڵدەبەزینەوە،ئەوە دەبووە بیانوویەك‌و قەراری چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵ بنەماڵە هەڵدەوەشایەوە.ئەوە ئەشکەنجەی رووحی بوو و لەباری رەوانی‌یەوە زەربەیەکی زۆری دەروونی لە ئێمەو بنەماڵەکانمان دەدا.سەربازێکی ئاسایی دەی‌توانی هەر کارێك کە پێی خۆش بوایە دەگەڵ ئێمەی بکا.

❍ **باشە ئێوە ناڕەزایەتی خۆتان دەرنەدەبڕی، ئەو جۆرە کردەوانە لێپرسینەوەیان نەبوو؟**

❑ ناڕەزایەتی دەربڕین هەبووە، بەڵام لێپرسینەوە قەت نەبووە.

❍ **هەروەك دەزانن زیندان فەزایەکی داخراوەو دەگەڵ دنیای دەرەوە پێوەندی نیە، بەڵام جارجارە سەرچاوەی هەواڵنێری‌یەکانی سەر بە رێژیم لە پتەیان دەردەچێ‌و لەسەر پەرەگرتنی ئیعتیادو مەسرەفی مەواد لە زیندان دا شت بڵاو دەکەنەوە. ئێوە بارودۆخی زیندانی ورمێ لەم بارەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

❑ من کە ساڵی ٧٣ رەوانەی زیندانی "دەریا" کرام،ئەوکاتە مەسرەفی مەوادد لەزیندان هەبوو، بەڵام کەم بوو.بەڵام لەو چەند ساڵەی دواییدا،مەوادد شتێکی زۆر ئاسایی بوو، چەندت ویستبا وەگیرت دەکەوت، بۆ وێنە ئێمە کە زۆر لەوێ مابووینەوە، دەمان دی کەسانێك دەهاتن و هەر لەوێ تووشی ئیعتیاد بە مەواددی موخەددیر دەبوون.دوای ئەوەی ماوەی حوکمەکەیان تەواو دەبوو و ئازاد دەکران،زۆری پێ نەدەچوو دەگەڕانەوە زیندان.لێمان دەپرسین باشە ئێوە کە ئازاد ببوون بۆچی خۆتان تووشی ئێرە کردۆتەوە. لە وەڵامدا دەیان وت، مامەگیان لە دەرێ چ بکەین.وەختێك لێرە مەوادد زۆر راحەت‌تر لە دەرێ وەگیر دەکەوێ‌و جێگای کێشانی هەیەو کەسیش موزاحیمت نابێ، چمان لە دەرێ داوە.



هێنانی ئەو هەموو مەوادەدش ئەوەنەبێ بڵێین لە رێگەی مولاقات یان سەربازێکی زیندانەوە بووبێ. مەسەلەکە روون‌و ئاشکرا بوو کە لە لایەن بەرپرسی زیندانەوەو تەنانەت بەدەستووری بەرپرسانی سەرەوەتر ئەو مەوادە دەهێنرایە نێو زیندان‌و مەبەستیش تێوەگلاندنی ئەفرادی نێو زیندانەکان بوو. ئەم مەسەلەیە هەر بەوە کۆتایی نایە. لەوێ سێ بەندی لێ‌یە، بەندەکانی ٩و ١٠و ١١ کە هەموویان موعتادیان تێ‌دایە، پێش ئەوەی من لە زیندان هەڵێم، رۆژێك ئەوانەیان بە کۆمەڵ بردە باشگاو لەوێ تاقیکارییان لەسەر کردن. لە ئاکام دا دەرکەوت زیاتر لە ٥٠ کەس لەوان نەخۆشی ئەیدزیان هەیە. بەڵام ئەوان ئامارەکەیان ١٠ کەس راگەیاند. هەروەك دەشزانین یەکێك لە رێگاکانی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشی‌یە پەرەگرتنی فەسادو کەڵك وەرگرتن لە "سرنگە"کە لەوێ بە لێشاو دەست دەکەوێ.

❍ **گەلێك جار بیستوومانە بەرپرسانی رێژیم بەبۆنەی جۆراوجۆرەوە وتوویانە زیندانەکانی ئێمە دانشگان. بەبڕوای ئێوە ئەو زانستگەی! کە دەمڕاستەکانی رێژیم باسی دەکەن چەندە توانیویەتی پێش بە چەندپاتبوونەوەی تاوانی ئەو کەسانەی بە هەر هۆیەك کەوتوونەتە زیندانەوە بگرێ‌و پەروەردەیان بکاتەوە؟**

❑ پرسیارەکەت زۆر جوانە. لە تەنیشتی ئێمەدا بەندێك هەبوو بەناوی بەندی ١٣ کە تەمەنی زیندانیانی ئەم بەندە لە ژێر ٢٠ ساڵ دا بوو، لەماوەی ئەو ٨ ساڵەی کە منیش لە زیندان دا بووم بەردەوام نێونجی ئەم بەندە لە ٢٠٠ کەس کەمتر نەدەبوو. بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانم بڵێم، زۆربەی ئەوانەی دەکەوتنە ئەو بەندەوە، تەنانەت سیگاریشیان نەدەکێشا. بۆ ماوەیەکی زۆر کەم (دوو مانگ تا ساڵێك) کە لەوێ دەمانەوە، ئیمکانی نەبوو کە موعتاد نەبن. بە تریاك و هیرۆئین موعتاد دەبوون‌و دەکەوتنە داوی فەسادی ئەخلاقی‌و. . .تەنانەت زۆر جار بیستوومانە ئەو لاوانەی لە زیندان ئازاد دەکران‌و بنەماڵەکەیان دەیانزانی کە موعتاد بوون، چوونەتە دادگاو شکایەتیان کردوەو وتوویانە: ئەی هاوار کوڕەکەی ئێمە کاتێك کەوتۆتە زیندان سیگاری نەکێشاوەو ئێستا موعتادە. ئەو شتانەمان زۆر دەدی‌و پاشان دەمان بیستەوە. من بە دڵنیایی‌یەوە دەڵێم هەر ئێستا بەشی زۆری زیندانی‌یەکانی زیندانی "دەریا" تووشی مەواددی موخەددیر و فەساد بوون. واتە لەو ٤٠٠٠ کەسەی تێی دایە بێ ئەم لاو ئەولا ٣٥٠٠ کەسیان تووشی فەسادو ئیعتیاد کراون.

❍ **رێژیمی کۆماری ئیسلامی جگە لەوەی ئیددیعا دەکا کە زیندانەکانی زانستگەن لە لایەکی دیکەشەوە بە "هوتێل"یان نێو دەباو دەڵێ میوانسەرایەکە کە خەرج‌و مەخاریجی لەسەرشانی دەوڵەتە. وڵامی ئێوە بۆ ئەم ئیددیعایە چیە؟**

❑ بەڵێ کە دەڵێن زانستگە، دیارە دەبێ بڕوانینە ئەم خوێندکارانەی کە لەو زانستگەیە دێنە دەرێ کە "وەباڵ بە ئەستۆم" هەم مامۆستاکان و هەم خوێندکارەکان تێی دا سەرکەوتوون.

هەروەك لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا بە تێرو تەسەلی لەسەری دوام، بەڵام بۆ ئەو بەشەی تر دەبێ بڵێم "قسە هیچی تێ ناچێ"و ئەو ئیددیعایەش سەرتاپا درۆیە، لە کامە میوانسەرادا ئەشکەنجەو جەزرەبەدان یەکەمین ناوی مینۆ(لیستەی غەزا)یە. من لەو ٨ ساڵە دا زیاتر لە چەند میلیۆن تمەن خەرج بووە کە لە ماڵێ ڕا بۆیان ناردوم. ئەو ئیددیعایانە هەمووی درۆی پەتین.

❍ **هەڵسوکەوتی زیندانبانەکان دەگەڵ هەموو زیندانی‌یەکان وەك یەك وایە یان جۆری تاوان شوێنی لەسەر دادەنێ؟**

❑ هەڵسوکەوتەکان یەکجار ناحەزو غەیرە ئینسانین، ئەم جیاوازیدانانەی کە ئێوە باسی دەکەن ئەسڵێکی سەرەکی‌یە لە دارشتنەکانی نیزامی ئێران‌و شتێك نیە کە لە زیندانەکانیش دا هەستی پێ‌نەکرێ. ئەمن ئەو فەرقوجیاوازی‌یەم بە سەدان جار بینیوە. بەتایبەت بۆ ئێمە کە هەم کورد بووین‌و هەم بە تاوانی سیاسی لە زیندان خرابووین‌و بە چاوێکی تر سەیریان دەکردین. بەڵام شتێکی‌تر کە دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە ئەورۆ فەسادی ئیداری‌و بەرتیلخۆری لە هەموو دەزگاکانی رێژیم دا لەوپەڕی خۆی دایە کە ئەو دیاردەیە زیندانەکانیشی گرتۆتەوە. بۆ وێنە ئەوانەی بە تاوانی کڕین‌و فرۆشتنی مەوادد گیرابوون، هەموویان دەوڵەمەندو خاوەنی سەروەت‌و سامانێکی زۆر بوون‌و بە لێشاو بۆ زیندانبانەکانیان خەرج دەکرد. ئەوان لە زیندان خاوەنی هەموو شت بوون، رێز، حورمەت، جێگاو رێگای لەبار. کەس نەبوو لێیان بپرسێتەوە. ئەسڵەن بۆیان گرنگ نەبوو کە ئەوانە قاچاغچین، سەوداکەرانی مەرگن. ئەوانە منداڵانی خەڵك‌و کۆمەڵگەیان تووشی فەساد کردون. ئەوانەیان ئەسڵەن بۆ گرنگ نەبوو. چونکە پارەیان هەبوو، هەمەکارە بوون.

❍ **ئایا قەت وا بووە بۆ باشترکردنی وەزعی زیندان ئێوە پێکەوە هەڵوێست بگرن؟**

❑ ئێمە بیستبوومان لە وڵاتانی تر، زیندانی‌یەکان بۆ باشتر کردنی باری ژیانیان‌و لەسەر هەندێك گیروگرفتی خۆیان لە زیندانەکان "مان" دەگرن‌و ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕن‌و بەرپرسەکان دەڕۆن قسەیان لەگەڵ دەکەن‌و گوێ بۆ داواکانیان رادەگرن‌و بە پێی ئیمکان ویستەکانیان جێ‌بەجێ دەکەن‌و کێشەکە دەبڕێتەوە، بەڵام لە زیندانەکانی ئێران دا وا نیە. ساڵی ٧٧ ئێمە لەسەر هەندێك کەموکووڕی‌و هەڵسوکەوتی ناحەزی مەئموورەکانی زیندان، ناڕەزایەتی خۆمان دەربڕی، بە واتایاکی‌تر "مان"مان گرت. بەڵام زۆری پێ‌نەچوو هێزێکی یەکجار زۆرو تەیارو کۆك‌و پڕ چەك رژانە بەندەکان‌و بە باتوم‌و چەك لە گیانی ئێمە بەربوون. لە ئاکام دا زۆر کەسیشیان بۆ زیندانی شارەکانی تر دوورخستەوە. لە حاڵێك دا داواکانی ئێمە شتێکی وا نەبوون.

❍ **بازڕەسیی زیندانەکان لەلایەن دەزگاکانی سەرەوەتر یان لەلایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بە چ شێوەیەك بوو؟**

❑ ئەوەی راست بێ ساڵی یەکجار لە ناوەندرا بۆ بازرەسی لە زیندان دەهاتن، پێیان رادەگەیاندین کە بازرەس دێ‌و تەواوی زیندانیان پێ خاوێن دەکردینەوە. بەڵام دوایی هەرچەند چاوەڕوان دەماینەوە کەسمان نەدەدی. کە لێمان دەپرسین "بازرس" چی لێ‌هات. دەیان وت: نەهاتوون. دوایی بۆمان دەردەکەوت کە هاتوون‌و تەنانەت لە بەندەکەی ئێمەشیان پرسیوە کە ئەو بەندە چ کەسانێکی تێ دایە؟ لە وەڵام دا رەئیسی زیندان دەڵێ: ئەوە بەند نیە، ئەوە عەمباری پەتوویە. دەرگای بەندی ئێمەش کە هەموو کات داخرابوو، ئێمەش کەسمان نەدەدی. ئەم چەشنە بازرەسی‌یانە بە کردەوە هیچ کاریگەریەکی باشیان لەسەر ئێمە نەبوو. بەڵکوو بڕێکیش دەبوونە هۆی زەحمەت بۆ ئێمە. لەلایەن رێکخراوی مافی مرۆڤەوە تا ئێستا من کەسم نەدیوە بێتە لامان.

❍ **هاوڕێ! جار جارە دەبیسین کە رێبەری کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە ساڵرۆژی هاتنە سەرکاری رێژیمەکەیاندا دەستووری بەخشین یان کەم کردنەوەی سزای هەندێك لە زیندانی‌یەکان دەدا. هەڵبژاردنی زیندانی‌یەکان لەم پەیوەندی‌یەدا بە چ شێوەیەکە؟**

❑ بەڵێ زۆر جار بەتایبەتی لە ساڵیادی هاتنی ٢٢ی رێبەندان دا وەها شتێك بەرێوە دەچێ. بەڵام لە راستی‌دا هێندێك تاوان لە قامووسی کۆماری ئیسلامی‌دا بەخشینیان بۆ نیە، وەك تاوانی سیاسی. بەڵام لە حەقیقەت دا تەنیا ئەوانەی لەسەر مەوادو فەسادو فەحشا دەگیرێن وەبەر ئەم بەناو بەخشینە دەکەون‌و ئەو بڕیارە جگە لەوان کەسێکی تر ناگرێتەوە.

❍ **هەروەك ئاگادارن لە هەموو شارەکانی ئێران سەندووقێك بەناوی "سەندووقی لایەنگری لە زیندانی‌یەکان"هەیە کە داهاتێکی زۆری هەیە.لە یارمەتیی خەڵکی ڕا بگرە تا دەرسەدێك لە داهاتی شارەداری‌و دارایی‌و تەرخانکردنی بودجەی گشتی‌و. . .ئەم سەندووقە تا چ رادەیەك لە خزمەتی زیندانی‌یەکان‌و بنەماڵەکانیاندا بووە؟**

❑ من ناوی ئەم سەندووقەم بە دەیان جار بیستوە، بەڵام لە ماوەی ئەو ٨ ساڵە دا هیچ خزمەتێکم لەلایەن ئەو سەندووقەوە بۆ زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان‌و بنەماڵەکانیان نەدیوە. من کەسم نەدیوە بێتە لامان‌و بڵێ ئەم سەندووقە هەیەو بەرنامەکانی ئەمانەن. من پێم وایە ئەوەش راوڕووتێکە بۆ گیرفانی خۆیان. رەنگە هەندێك یارمەتیی بەندەکانی مەوادو فەسادە کۆمەڵایەتی‌یەکانی دابێ‌و لە خزمەتی ئەوان دا بووبێتن. ئەگەر واش بووبێ ئەوە خزمەت نیەو من بەش بە حاڵی خۆم بە خزمەتی نازانم.

❍ **کاك رەحمان سپاست دەکەین بۆ ئەوەی بەشداریتان لەم وتووێژەدا کرد. ئەگەر پەیامێکتان هەیە یان شتێکمان لەبیر چووە تکایە بیفەرموون؟**

❑ من سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەم وتووێژەتان لەگەڵ پێك هێنام. بەڵام با ئەوە بڵێم: ئەوەی من لەم وتووێژەدا باسم لێ‌کردوەو لەسەری دواوم بەشێکی یەکجار کەمی ئەو وەزعەیە کە لە زیندانەکانی رێژیمدا حاکمەو تەنیا پەردەم لەسەر گۆشەیەکی بچووکی ئەو رەفتارانە هەڵداوەتەوە کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا لەگەڵ زیندانی‌یەکان دەکرێ.

❁❁❁

# ئاوڕدانەوەیەك لە ئیمکاناتی وەرزشی لە کوردستاندا

مەهدی بەدری

هەر چوار ئوستانی کوردستان، کرماشان، ئیلامو ورمێ، هەموو کـات لـە ئاسـتی وەرزشـی ئـێران دا خاوەنی وەرزشکارو یاریزانی زۆر بە هـێزو بـە توانـا بـوون. برایـانی موحیبـی، زەڕرینـی،عـەلی فـاتمی، ڕەجەبی،کوورش بـاقری، عـابێد مـەردووخی، فوئـاد کاسـب، ڕەحمـەت پـەنا، فـەرزاد هێـلالی، برایـانی چەمەنگۆڵی، ئەییوب ڕۆستەمی، ئەرەستوو موحەممەدی، زولفەقار نەسەبو ... هتـد، لـەو وەرزشـکارانە بوون کە لە ئاستی ئێران، ئاسیاو تەنانەت جیهان دا، دەیان شانازیو میدالیان وەدەسـت هێنـاوە. ئەگـەر بمانەوێ لە سەر سەرکەوتنەکانی ئەو وەرزشکارانە بنووسین ڕەنگە لـە توانـای ئـەم وتـارە دا نـەبێ. بـەڵام ئـەوەی کـە زۆر جێگـای بـاسو لێکۆڵینەوەیـە، خۆپێگـەیاندنی ئـەم وەرزشـکارانە لـە کوردسـتانی بـێ ئیمکاناتو شەڕ لێدراو دایە.

بە داخەوە ئوستانە کوردنشینەکانی ئێران لە بواری ئیمکاناتی وەرزشی‌یەوە، زۆر لاوازنو تەنانـەت لـە زۆربەی شارەکانی ئەم ئوستانە دا، لاوەکـان لـە سـەرەتاییترین ئیمکانـاتی وەرزشـی، بـێ بەشـن. ئەگـەر ئیمکاناتیش هەیە، لە چەندین نەوبەتو یاریی وەرزشی‌دا کەلکی لێ وەردەگرن، کە بە داخەوە وەڵامـدەری ویستو داخوازەکانی لاوان نین. لە ساڵەکانی شەری ئێران عێراق دا، ئەو چەند هۆڵو بینا وەرزشـی‌یەی کـە هەبوون، کرانە ئەنباری تەقەمەنیو ... تـا چـەند سـاڵی دوای شـەڕیش بـە تـاڵ نـەکرابوونو دواتـر وەك وێرانەیەك درانەوە بە هەیئەتەکانی وەرزشی. زۆربەی قارەمانانی وەرزشی لە کوردسـتاندا، لـە شـاخەکانو پێدەشتەکانی ئەم ناوچەیەدا خویان پێگەیاندوەو بە هەوڵی خۆیان توانیویانە لە ئاسـتی وەرزشـی ئـێران دا خۆیان بنوێننو تەنانەت لە لایەن بەڕێوەبەرانی وەرزشی کوردستانەوە، کەمتر بایەخیان پێ دراوە.

لەو پێوەندییانە دا، چـەندین وەرزشـکارو دڵسـۆزی وەرزشـیی کوردسـتان وەدەنـگ هـاتوونو کـەمو کووڕی‌یەکانی وەرزشی کوردستانیان باس کردوون، کە دواتـر کەوتوونـە بـەر ڕقو تووڕەیـی بەڕێوەبـەرانی وەرزشی. بۆ وێنە: محەممەد سەعید مەجیدی خەلکی دیواندەرە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە وەرزشـی هـەڵاتنی گۆرەپان (دوو میدانی) دا تێکۆشانی هەیەو پلەی یەکەمو سێهەمی هـەڵاتنی ١٠ هـەزار میـتر مـاراتۆنو نیوە ماراتۆنی ئێرانی وەدەست هێناوە، لە سەر کەموکووڕییەکانی وەرزشـی شـاری دیوانـدەرە بـەم جـۆرە دەدوێو دەڵێ: " گۆڕەپانو شوێنە وەرزشی‌یەکانی دیواندەرە بریتین لە، گۆڕەپانێکی چیمەن بۆ فووتباڵ کـە زۆر نوقسانی هەیە، چ لە بواری جۆغرافیاییو چ لە بواری ڕادەی پێوانە یاسایی‌یەکانی فووتبالو هـەروەها شوێنی بە تاڵی بۆ کەڵك وەرگرتن لـە "پیسـت" بـۆ هـەڵاتنی گۆڕەپـان (نـە خـاکیو نـە تارتـان) نیـە. هۆڵ(سالۆن)ێکی دیکەمان هەیە کە بۆ چەندین یاریی وەرزشی‌یە، ئەویش وەزعێکـی باشـی نیـەو هـەموو ساڵێك بە ناوی نوێ کردنەوە، مستێ گڵو پارچە خشـتیکی لـێ زیـاد دەکـەنو لـە کۆتـایی کـاریش دا هۆڵەکە هەر وەك جاران نیوە ناتەواو دەمێنێتەوە. هـەڵاتنی گۆڕەپـانی کـە دایکـی هـەموو یاری‌یـەکانی وەرزشی‌یە، ئێستا بۆ خۆی هەتیو کەوتوەو پشت گوێ خراوە. نە شوێنێك بۆ حەسانەوە هەیـە، نـە هۆڵێـك بۆ لەشسازی، نە شوێنێك بۆ جل داکەندنو ڕاگرتنی کەلو پەل، نە پێداویستی‌یەکانی هەیە، نە هەزینەیـەك بۆ ڕاهێنەرەکانو... هتد."

دیارە ئەم کەموکووڕی‌یە وەرزشی‌یانەی شاری دیواندەرە، تـەواوی شـارەکانی کوردسـتان دەگرێتـەوەو ئەوە گلەیی تەواوی وەرزشکارانو یاریزانانی کوردستانە. بە داخـەوە دواکـەوتوویی ئـابووریی کوردسـتان، شوێنی لە سەر وەرزشی کوردستان داناوە. نەبوونی کارخانەو شـیرکەتە بازرگانی‌یـەکان بووەتـە هـۆی بـێ پشتیوان مانەوەی تیمەکانو یاریزانانی ئەم بەشەی ئێران. لـەو پێوەندی‌یـەدا، بیژەنـی زولفـەقار نەسـەب، یاریزانی پێشووی تیمی ئێرانو پرێسپۆلیسی تارانو ڕاهێنەری ئێستای یانەی پەیکانی تاران کـە بـۆ خـۆی خەڵکی سنەیەو کەموکووڕی‌یەکانی وەرزشـی زۆر بـە باشـی دەزانـێ، دەڵـێ: مەسـەلە ئابووری‌یـەکان لـە کوردستان دا گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتیو هەمە لایەنن. کوردستان لـە بـواری ئـابووری‌دا، کـەموکووریی هەیە، بەشێك لە گیروگرفتەکانی وەرزشیش لەم مەسەلەیەوە سەرچاوە دەگرن. بەو هۆیـەوە کـە کوردسـتان لە باری ئابووری‌یەوە لاوازە وەرزشی ئـەم بەشـەی ئێرانـەوە پـاش کـەوتوە. لـە کوردسـتان هیـچ چەشـنە سەرمایەگوزاری‌یەك بە مەبەستی خزمەت بە وەرزش نەکراوە. بۆ وێنـە، ئیسـفەهان لـە مـاوەی دە سـاڵی ڕابردوودا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێناوە. تەورێز، ئەهوازو مەشهەدیش هەروا. ئەم شارانە لە بـاری سـەنعەتی‌یەوە لـە پێشـەوەی ناوچـەکانی دیکـەی ئـێرانن، هـەر بویـە سـەنعەت لـە بـواری وەرزشـی دا سەرمایەگوزاری کردوەو وەرزشی ئەم شارانە پێش کەوتوە."

وەرزشی کوردستان لە گەڵ ئەوەی کە لە سەرمایەگوزاریی سەنعەتی بێبەشە، لـە بـاری پیڕاگەیشـتنی دەوڵەتییشەوە پشت گوێ خراوە. کرماشان، سـنە، ورمـێو ئیـلام چـوار شـاری گـەورەی کوردسـتانن کـە یاریگا(ستادیۆم)ێکی ئیستانداردی فووتباڵیان نیە، چ لە باری زەویو چیمەنو چ لە باری سەکۆی دانیشـتن بۆ بینەرانـەوە. لـە مـاوەی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی دا،کـەمترین سـەرمایەگوزاریی دەوڵـەتی لـە کوردستان دا کراوە. زیاتر لە ٨٥٪ لە ئیمکاناتی وەرزشی ئێستای کوردسـتان لـە کـاتی دەسـەڵاتدارەتیی حکوومەتی پێشوو دا پێك هاتووە.

بە سەرنجدان بەو ڕاستی‌یانە کە باس کران، دەبێ شانازی بـەو وەرزشـکارانەی کوردسـتان بکـەین کـە سەرەڕای نەبوونی ئیمکاناتی پێویست توانیویانە لـە ئاسـتی وەرزشـی ئـێران، ئاسـیاو جیـهان دا خۆیـان بنوێنـنو بـە هـەموو کـەس بسـەلمێنن کـە کوردسـتان لاوی لێـهاتووو بـە ئیسـتیعدادی زۆرەو ئەگـــەر دەسەڵاتێکی گەڵیو خەمخۆرو بەرپرس لە ئێران دا لە سەر کار بێو فەرقو جیاوازی لـە بـەینی ناوچـەکانو نەتەوەکانی ئێراندا، دانەنێ، لاوانی کوردستانیش سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دێنن.

سەرچاوەکان:

١ـ حەوتوونامەی "سیروان" ژمارە ٤١

٢ـ گوڤاری وەرزشیی "ماراتۆن" ژمارە ٢

# چەند هەواڵی وەرزشی

ئامادە کردنی: ئەشکان

## بانە قارەمانی تێکواندۆی منداڵانی ئێران

پێشبڕکێی قارەمانیی تێکواندۆی ئێران لە ئاسـتی نەونـەمام (نونهالان)و منداڵان(خردسالان) دا کە لە شاری بانە دەسـتی پـێ کردبوو، ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر کوتـایی پـێ هـات. لـەم یارییـەدا ٥١٠ وەرزشـکار لـە چوارچێـوەی ٥٦ تیـم دا لـە ٢٤ ئوسـتانی ئێرانەوە بەشدار بوون. لە ئاستی منداڵان دا بانە پلـەی یەکـەمی ئـێرانی وەدەسـت هێنـاو خوراسـانو ئیلامیـش پلـەی دووهـەمو سێهەمیان وەدەست هێنا.

هەروەها لـە ئاسـتی نەونـەمامان (نونـهالان)دا، خوراسـان، ئیسفەهانو ئازەربایجانی ڕۆژهەلات پلـەی یەکـەم تـا سـێهەمیان وەدەست هێنا.

## سەرکەوتنی کوردستان لە پینگ پۆنگی قوتابیانی ئێران دا

پێشبڕکێی قارەمانیی قوتابیان (آموزشـگاهی)ی ئـێران، کـە لە شاری شەهریاری کەرەج بەڕێوە چوو، کوتایی پـێ هـات. لـەم یارییانە دا، وەرزشکارانی ئوستانی کوردستان چەند سـەرکەوتنی بەرچاویان وەدەست هێنا.

لە ئاستی پینگ پۆنگی دوو کەسـی دا، کیـانووش لوتفوڵـڵا نەسری (کوردسـتان) لـە گـەل ڕەزا سـەوادکووهی (ئیسـفەهان)، پلەی یەکەمی ئێرانیان وەدەسـت هێنـا.هـەر وەهـا، ئۆردیکـاس عەبباسـیو وریـا عەبباسـی هـەر دوو لـە کوردسـتان پلـەی سێهەمیان وەدەست هێنا.



کوورش باقری قارەمانی کێش هەڵگری یانەکانی ئاسیا

ڕۆژی ٢٦ی پووشـپەر، پێشـبڕکێی کێـش هـەڵگری (وزنـە برداری)ی یانەکانی ئاسیا کە لە تایلەند دەستی پـێ کردبـوو بـە قارەمانەتی (سەرکەوتن)ی یانەی سایپای ئێران کۆتایی پێ هات. لەم یارییانە دا ١٠ یانە بەشدار بوون.

کوورش باقری کێش هەڵگری کرماشـانیی یانـەی سـایپا لـە کێشی ٩٤ کیلۆ دا، پلەی یەکەمی وەدەسـت هێنـا. نـاوبراو لـە حەرەکەتی یەکجار(یك ضرب) دا ١٦٥ کیلـۆو لـە دوو جـار (دو ضرب)یش دا ٢٠٠ کیلۆی هـەڵ گرتو بـە گشـتی بـە هەڵگرتنی٣٦٥ کیلۆ پلەی یەکەمو میداڵـی زێـڕی وەدەست هێنا.

❀❀❀

## جەلال مورادی باشترین ناوبژیوانی فووتبالی ئێران

فیدراسیۆنی فووتبـالی ئـێران لـە کوبوونەوەیـەك دا بـە بەشـداریی بەڕێوەبـەرانی یانـەکانی لیگـی حیرفـەیی ئـێران ڕاهێنەرەکان، بەرپرسانی فیدراسیۆنو بەشێك لە شـارەزایانو کەسانی خاوەن ئەزموون لە بواری فووتباڵ دا، باشـترینەکانی یەکەم خولی لیگی حیرفەیی ئێرانی دیاری کرد.

جـەلال مـورادی نـاوبژیوانی کرماشـانی کـە لـە لیگـی حیرفـەیی دا زۆرتریـن نـاوبژیوانی کردبـــوو، وەك باشـــترین ناوبژیوانی ئێرانو لیگی حیرفـەیی دیـاری کـراو خـەلاتێکی تایبەتی پێشکەش کرا.

❀❀❀

## سەرکەوتنی وەرزشکارانی کوردستان لە هەڵاتنی گورەپان (دومیدانی)ی ئێراندا

پێشـبڕکێی قارەمـانیی هـەڵاتنی گۆڕەپـانی ئـێران بـۆ هـەڵبژاردنی تیمـی ولات بـە مەبەسـتی بەشـداری لـە یاری‌یەکانی ئاسیایی سریلانکاو یۆسانی کورەی باشوور، کـە لە شـاری تـاران دەسـتی پـێ کردبـوو ڕۆژی ٢٦ی پووشـپەر کوتایی پێ هات.

لەم یاری‌یانە دا، چەند وەرزشـکاری کوردسـتان توانیـان سەرکەوتنی بەرچاو وەدەست بێنن. لە هەڵاتنی ٤٠٠ میـتری دا، نـادر جـەلالی(خـەڵکی کرماشـان) لـە مـاوەی ٥٣/١٣ سانیە دا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا. لـە هـەڵاتنی ١٥٠٠ میـتر دا، کیـانووش چەشـم کـەچی(خـەڵکی کرماشـان) لـە ماوەی ٤/٠٥/٤٧ دەقیقە پلەی دووهەمی وەدەست هێنا. لە بازدان(یەك باز) دا، باران وەرهەرام (لە ئوستانی کوردسـتان) بە مەودای ٦/٨١ میتر پلەی دووهەمی وەدەسـت هێنـا. لـە بـازی سـێ هـەنگاو دا، فـەرهاد فـەتتاحی (لـە ئوسـتانی کوردسـتان) بـە مـەودای ١٤/٦٠ میـتر پلـەی سـێهەمی وەدەست هێنا.

❀❀❀❀

## ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەموو ڕۆژێ

بەیانیان سەعات ٧ تا ٩

ئێواران سەعات ٧ تا ٩

بەکاتی تاران

لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فرێکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهێرتز) بە دوو زمانی کوردیو فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.

بەرنامەی کوردی سـەعاتی ١٢/٥ی پـاش نیـوەڕۆ بـەکاتی تـاران لەسـەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهێرتز دووپات دەبێتەوە.

ژمارە تەلەفونو فاکس بۆ پێوەندی‌گرتن بە ڕادیۆی دەنگی کوردسـتانی ئێران

٠٠٨٧١٧٦٢٢٨-٧٣: تەلەفون     ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨-٧٤: فاکس

لە دەرەوەی وڵات یارمەتی‌یە ماڵی‌یـەکانی خۆتـان بـۆ حـیزبی دێمۆکراتـی کوردسـتانی ئـێران بـدەن بـەم حیسابە بانکی‌یە:

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆسـت بکەن:

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE

**بۆ هاوکـاریـی زیاتـری هێزە دێمۆکـرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 346 6 August 2002

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

## بەر لە ماڵاوایی

# کاتێک کە ڕێبەرانی دڵ و دەروون کوێری ڕێژیم، خۆیان و نیزامەکەیان دەکەنە گەپجاڕی مێژوو!

**ع. وریا**

ئەوکاتەی دەزگای سەرکوت‌و جاسووسیی کۆماری ئیسلامی پاش ریز کردنی ئەو هەموو بوختان‌و درۆیە بۆ مامۆستای فەرزانەو ئەدیبی گەورەی ئێران عەلی ئەکبەری سەعیدیی سیرجانی ـ هەر لە نۆکەری بێگانەو دوژمنانەوە بگرە تا نێربازی ـ و دوای دیق پێ‌کردنی ناوبراو لە زیندان دا، بەوپەڕی بێ‌شەرمی‌و رووهەڵماڵاوی‌یەوە رای‌گەیاند کە ناوبراو بەر لە مردنی وەها کەوتبووە ژێر تەئسیری کردەوەو رەفتاری جوان‌و ئینسانیی مەئمووری بازجوویی خۆی کە "منقلب" ببوو و تۆبەی لە رابردووی چەپەڵی خۆی کردبوو و هەر بەو بۆنەیەوە نامەیەکی رێزو پێزانینی بۆ مەئمووری گۆرین بە دەسخەتی خۆی لە ژێر ناوی "بازجوی عزیز!" دا نووسیبوو؛

یا کاتێك کە وەزارەتی ئیتیلاعاتی رێژیمی ئیسلامی ئێران، پاش نزیکەی ۲ مانگ بێ‌سەروشوێن کردنی رووناکبیرو رۆژنامەنووسی ناسراوی ئێران ئاغای فەرەجی سەرکووهی‌و راگەیاندنی ئەو درۆیە کە ناوبراو لە ئێرانەوە چۆتە ئەڵمان‌و لەوێ ون بووە، لە فڕۆکەخانەی مێهرئاباد لە بەرامبەر دوربینەکانی کاناڵە تەلەویزیۆنی‌یەکانی رێژیم دا قوتی کردەوەو هەموو ئەو درۆو دەلەسانەی مەبەستی بوون بە ناوبراوی دووپات کردنەوە تا دەرکەوێ کۆماری ئیسلامی درۆی نەکردوەو ئەو نووسەرو رووناکبیرە لەو ماوەیەدا بۆ خۆی بێ‌خەیاڵ لە دەرەوە خولاوەتەوە؛

ئەو لایەنەی رووداوەکە کە ئەو مرۆڤانە لە بەرامبەر ویستی تاقمێك جەللاد و شەییاد دا، بۆچی بە چۆك داهاتوون‌و سەرەڕای ناو و ناوبانگ‌و بیروبۆچوون و هەڵوێستە ناسراوەکانیان‌و رابردووی بەربەرەکانییان لەگەڵ دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی‌دا، ئاوا تەسلیمی ویستی ئەشکەنجەگەران بوون‌و چییان لێ‌ویستوون نووسیویانەو هەرچی ئەوان پێیان خۆش بووە گوتوویانە، بۆ منیش وەك زۆر کەسی دیکە گرنگ نەبوو. چونکە دەمانزانی لە حاڵێك دا وەحشیگەری، بێ‌ئەخلاقی، دڵڕەقی و رەفتاری دژی ئینسانیی ئەشکەنجەگەران‌و جەللادەکانی ئەو رێژیمە هیچ سنوورێك ناناسێ، خۆڕاگری، توانای جیسمی‌و مەعنەویی ئازادیخوازانی دیل‌و بەند کراو ـ بە هەر رادەیەکیش مەزن بن ـ سنوورێکی هەیە.

شتێك کە لەو نێوەدا بەلامەوە زۆر گرنگ‌و سەرنج ڕاکێش بوو، ترس‌و وەحشەتی رێژیمێك بەو گشتە دام‌و دەزگایەی سەرکوت‌و بەو هەموو لەشکرو جبەخانەوەو بە تێکڕای ئیمکاناتی لە ژماردن نەهاتووی تەبلیغاتی‌یەوەو بە کورتی بەم حەمکە فروفیشاڵەوە لە چەند نووسەرو رووناکبیر بوو کە جگە لە بڕوا بە ئازادی‌و بێجگە لە قەڵەمەکەیان‌و ئەو کتێب‌و گۆڤارانەی بە هەزار زەحمەت، "لەژێر رەحمەتی چەقۆدا"و لە سێبەری تیرۆرو بە پووڵی گیرفانی خۆیان، بڵاویان دەکردنەوە، هیچی دیکەیان بۆ دیفاع لە بایەخە بەرزەکان‌و بۆ دڕدان بە شەوەزەنگی تاریکی‌و راماڵینی تاریکی و جەهل‌و خورافە، شك نەدەبرد.

ئێستا دوای ئەوەی ژمارەیەك لە سیناریۆنووسان‌و دەرهێنەران‌و بەڕێوەبەرانی ئەو جۆرە فیلم‌و شانۆسازی‌یانە بۆخۆیان، یا ئەوانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە کارەکانیان بووە، لە بەرەکەتی بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵك‌و لە سایەی ململانێی نێوخۆیی قۆڵەکانی رێژیم لە چەند ساڵی رابردوودا، تیشکیان هاویشتۆتە نێو "تاریکخانەی ئەشباح"و ئیدی چۆنیەتیی سازکردنی ئەو جۆرە فیلم‌و شانۆسازی‌و ددان پێدانانە زۆرەملێ‌یانە لە کەس شاراوە نەماون؛

تازە دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی رۆژنامەنووسێکی پیرو بەڕێزی وەك سیامەکی پوورزەندی بە حەفتاو چەند ساڵ تەمەنەوەو پاش چەندین مانگ بێ‌سەروشوێن کردن‌و ئەشکەنجەدان ـ هەر لە نزیك ئەو شوێنەی فەرەجی سەرکووهییان لە بەرامبەر چەند فیلم هەڵگرو هەواڵنووسی دەست نیشانکراو دا راگرت ـ وەقسە هێناوە تا رابگەیەنێ کۆماری ئیسلامی راست دەکا: خۆی‌و رۆژنامە زنجیرەیی‌یەکان‌و رۆژنامەنووسە ئازادیخوازەکان‌و تەنانەت ژنەکەشی (خانمی مێهرئەنگیزی کار) هەموویان سەر بە بێگانەن‌و بە سازی دوژمنانی ئیسلام‌و نیزام هەڵدەپەڕن! دەست بەجێش جەنابی وەلیی فەقیهی موسوڵمانان‌و نوێنەرەکانی‌و دام‌و دەزگاو بنیاتە جۆراوجۆرەکان‌و رۆژنامەکانی سەر بە پاوانخوازان، ئەو قسانەی بە ناوبراو دووپات کراونەوە، دەکەن بە بەڵگەو بیانوو بۆ وەڕێخستنی هێرش بۆ سەر رۆژنامەو رۆژنامەنووسە ئازادبیرەکان‌و تاقم‌و کەسایەتی‌یە جیابیرەکان. بەو سەرکەوتنەشیان خۆ ڕادەنێن‌و بەخۆدەنازن!

بە شوێن دیتنی ئەو شانۆسازی‌یە پڕ شەرم‌و شوورەیی‌یەی کۆماری ئیسلامی دا، هیچ شتێکی باشتر لە نامەکەی ئاغای فەرەجی سەرکووهی بۆ "ابطحی" جێگری حوقووقی‌و پارلمانیی خاتەمیی سەرکۆماری رێژیم شك نابەم تا بە هۆی ئەوەوە نەفرەتی خۆم لە دەسەڵاتدارانێك دەربڕم کە بە یارمەتیی ئەو جۆرە شانۆسازییانە دەیانەوێ تەمەنی رێژیمەکەیان درێژ بکەنەوە. ئاغای فەرەجی سەرکووهی لە نامەکەی‌دا دەنووسێ:

" منیش وەك هەر ئێرانی‌یەکی دیکە کە هێشتا توانای شەرمەندەبوونیان هەیە، شەرمەندەم. کێ دەتوانێ پیرەمێردێکی ئاوا تێك شکاو لە بەرامبەر دووربینەکانی ملهوڕان داو لە کاتی دووپاتکردنەوەی ئەو درۆو بوختانە هەڵبەستراوانە کە ئەشقیای زەمانە بە زەبری شەللاق‌و دەستبەندی قەپانی‌و زیندانی تاکەکەسی‌و زۆر ئەشکەنجەی جیسمی و رووحیی دیکەدا، بەسەریان داسەپاندوە، ببینێ‌و شەرمەندە نەبێ؟. . . دەبێ وەك رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دڵ‌و دەروون کوێرو بێ‌خەبەر بی تا نەزانی‌و نەبینی کە لە کارەساتی ئەو وتووێژانەدا کە بە فەرمان‌و بە زەبری شەللاقەوە دەکرێن، نەك قوربانی‌یەکانی وەك پوورزەند، بەڵکوو ئەوە دەستووردەران‌و بەڕێوەبەرانن کە خۆیان‌و نیزامەکەیان دەکەنە گەپجاڕی مێژوو".

## "بەردی بەلاش" چووە ڕیزی شوێنەوارە نەتەوەیی‌یەکانی ئێران



شوێنەواری مێژوویی "بەردی بەلاش" کە کەوتۆتە چوارسەد میتریی شیمالی پەیکەرەی هێرکول لە داوێنی کێوی بێستوون، چووە ڕیزی شوێنەوارە مێژوویی‌یەکان.

بەردی بەلاش تەختە بەردێکی چوار پاڵوویە، بەرزایی‌یەکەی ۲۵۰ سانتیمیترە. لەسەر رووکارێکی ئەو بەردە نەخشی مرۆڤێك بە بەرزایی ۱۸۰ سانتیمیتر هەڵکەندراوە. ئەم نەخشە هی یەکێك لە جێ‌نشینانی گودەرزی دووهەم لە پاشاکانی پارتەو لە ژێرەوەی نووسراوە "پەیکەری ولگەش شای کوڕی ولگەشی شاهەنشا".

رۆژنامەی "جام جم" ۱۳۸۱/۵/۱۵

## کەوشی لوویی شانزەدەهەم!

رۆژێك حاجی ئاغا (ئاخوندێك) وەك نوێنەری مەملەکەت دەچێتە فەرانسەو سەردانی موزەخانەی "لوڤر" دەکا. بەڕێوەبەرانی موزەخانە بۆ پێشاندانی نیازپاکیی خۆیان کەوشێکیان بۆ هێناو پێیان داو گوتیان: ئێمە کەوشی لوویی شانزدەهەم بە دیاری پێشکێشی جەنابت دەکەین.

حاجی ئاغا کەوشەکەی کردە پێی‌و گوتی: بەڵام ئەم کەوشە کەمێك تەنگە، ناکرێ کەوشی لوویی حەڤدەهەمم بدەنێ؟!

وەرگیراو لە ئینتێرنێت: سایتی nabavioffline.com

**ئێران لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا**

## نەوەدوهەشتەمین وڵاتی جیهان لە بارەی پەرەگرتوویی ئینسانی‌یەوە



لێکۆڵینەوەیەك کە ڕۆژی۱ی گەلاوێژ لە توێی کتێبێکی۲۸۰لاپەڕی دا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاوکرایەوە، نیشان دەدا ئێران لە روانگەی پەرەگرتوویی ئینسانی‌یەوە لە ریزی نەوەدوهەشتەمین وڵاتانی جیهان دایە.

لەم لێکۆڵینەوەیە دا نیشانە و پێوانەکانی پەرەگرتوویی ئینسانی لە بوارەکانی خوێندن، رادەی داهات، کارنامەی ئابووری،کەڵك وەرگرتن لە ئینێرژی، پاراستنی‌ژینگە، نێونجی تەمەن و دەیان بواری دیکە،لە ۱۷۳وڵاتانی جیهاندا کەوتوونە بەر توێژینەوەو هەڵسەنگاندن.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکە: ئێران ۲۳/۷میلیۆن کەس نەخوێندەواری ژوور۱۵ساڵی هەیە.


سەدی۵ی حەشیمەتی وڵات دەستیان بە سەرچاوە پێشکەوتووەکانی ئاو راناگا و سەدی۱۱ی منداڵانی لە۵ساڵ خوارتری ئێران،لە گەڵ گیروگرفتی کزی‌ولاوازی بەرەورۆون.

لەو لێکۆلینەوەیەدا گەشەکردنی دانیشتووان و تەرکیبی حەشیمەتی ئێران لە باری تەمەن و شارنشینی‌یەوە بەم جۆرە باسی کراوە:

ساڵی۱۹۷۵ی‌زایینی، دانیشتووانی ئێران ۳۳میلیۆن‌و ۵۰۰ هەزارکەس بوون، ساڵی۲۰۰۰بوون بە ۷۰ میلیۆن و۳۰۰هەزارکەس.لە ساڵی ۲۰۱۵دا حەشیمەتی ئێران دەبێتە۸۷ میلیۆن‌و۱۰۰هەزارکەس.گەشەکردنی حەشیمەتی ئێران کە لە ساڵەکانی ۱۹۷۵تا۲۰۰۰دا ۳٪ بوو، لە نێوان ساڵەکانی ۲۰۰۰تا ۲۰۱۵دا، تا ۱/٤٪دێتە خوار.حەشیمەتی شارنشینی ئێران لە ساڵی۱۹۷۵دا ٨/٤٥٪بوو کە ئەو رەقەمە لە ساڵی۲۰۰۰دا تا رادەی سەدی٦٤بەرەو ژوور چووە و لە ساڵی۲۰۱۵دا تا۷۳/۲٪ بەرەو ژوور دەچێ.

رێژەی حەشیمەتی لە۱۵ساڵ خوارەوەی ئێران بەرامبەر بە سەرجەمی دانیشتووان لە ساڵی۲۰۰۰دا۳۷/٤٪ بوو کە ئەم رێژەیە لە ساڵی۲۰۱۵دا تا رادەی ۲۷/۲٪ دێتە خوار.رێژەی کەسانی ژوور٦٥ساڵ(بەرامبەر بە سەرجەمی حەشیمەتی وڵات)لە ساڵی۲۰۰۰دا٣/٤٢٪ بوو کە لە ساڵی۲۰۱۵دا دەبێتە سەدی ۵ .

سەدی ۵ی‌خەڵکی ئێران لە ساڵەکانی ۱۹۹۷تا ۱۹۹۹دا لە گەڵ گیروگرفتی کەم خۆراکی بەرەورووبوون،رێژەی منداڵانی لە۵ساڵ بۆ خوارەوەتر کە لە ماوەی۱۹۹۵تا ۲۰۰۰دا لە گەڵ گیروگرفتی کەم کێشی(کزی ولاوازی) بەرەو روو بوون۱۱٪بووە.



## ڕێورەسمێك بەبۆنەی دووهەمین ساڵی کۆچی دوایی شاملووەوە

ئێوارەی ۳ی گەلاوێژی ئەمساڵ بە بۆنەی دووهەمین ساڵی کۆچی دوایی شاعیری گەورەی ئێران ئەحمەدی شاملوو، ڕێورەسمێکی یاد کردنەوە لە گۆڕستانی ئیمامزادە تاهیری کەرەج‌و دواتر بە بەشداریی ژمارەیەکی کەمتر لە دۆستان‌و لایەنگرانی شاملووو بنەماڵەکەی، لە ماڵی شاعیر پێك هات. لاوەکان کە زۆرترین لایەنگرانی شاملوویان پێك دینا لە دەوروبەری گڵکۆکەی دانیشتبوون‌و بە دەنگی بەرز شێعری شاملوویان دەخوێندەوە.

پوستێرەکانی شاملوو دیمەنی ئەو شوێنەیان رازاندبۆوە. کاتێك تاریکی داهات بەشداران وردە وردە بڵاوەیان لێ کرد، هێندێك لە وان چوونەوە ماڵی شاعیر لە شارۆچکەی "دێهکەدە" لە نزیك کەرەج. ئایدا هاوسەری شاعیر کە ناوی لە زۆر شێعرەکانی شاملوودا هاتوە، پێشوازی‌و مێوانداری لە میوانان کرد. دواتر فیلمێکی شاملوو لە حالی شێعر خوێندنەوە لە سوئێددا پێشان درا.

لەو ڕێورەسمەدا شاعیر جەوادی موجابی لە سەر گەورەیی کەسایەتیی شاملوو قسەی کرد. لە بەشێکی قسەکانی‌دا گوتی:

هەر نووسەرێکی ئازادە لە درێژایی مێژوودا، بەرا خەباتەکەی لەگەڵ پووچیی پەرە ئەستێنن‌و سەفاهەتی مێژوویی‌و بە قەرا بەربەرەکانیی سەرکێشانەی لەگەڵ ئەو هەلومەرجە پڕ لە دووکایەتی‌یە کە مرۆڤ لە ئینسانەتی دەشواتەوە، رێزو حورمەتی پەیدا کردوە.

چرایەك کە لەبەر رووناکی‌یەکەی‌دا، کەشوهەوای ئینسانی بناسین‌و بە گژی‌دا بچینەوە، لە سەردەمی روودەکی‌و بەیهەقی‌یەوە لە ماڵی ئێمە ئێراندا هەر ئایساوە و هەتا تاقە کەسێك هەبێ کە لە بەرامبەر حەزیای ڕوحەشارداو لە هەر هەلومەرجێکی شاملوو گوتەنی موبتەزەل‌دا، خۆی بە دەستەوە نەدابێ، ئەو چرایە هەروا دایسێ.

## مرواریی دەریای وشە

**دادپەروەری ئیدەیە، بەڵام زۆرداری شتێکە کە هەیە.**

لیندا بلاندفۆرد، ژورنالیستی ئینگلیسی

**کۆمەڵگە بەرهەمهێنەری جینایەتە. جینایەتکاران تەنیا ئامرازی جێ‌بەجێ کردنین.**

کوتولە، زانای ئەمریکایی

**زەمەن مامۆستایەکی مەزنە، بەڵام بەداخەوە هەموو قوتابی‌یەکانی دەکوژێ.**

هێکتۆر بێرلیوز، ئاهەنگسازی فەرانسەیی

**ئەوەی بە پارێزەوە هەقیقەتەکان دەردەبڕێ، نیوەی ڕاستی‌یەکان دەشارێتەوە.**

جەبران خەلیل جەبران